# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٣٦ ▪ دووشەممە ٣٠ی ڕەزبەر ١٣٩٧ _ ٢٢ی October ٢٠١٨

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا



وتاری سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆڕیادی شەهیدانی قەڵای دێموکراتدا/ ل٢

داپۆشینی تاوانە تێرۆریستییەکان لە پێناو چیدا؟/ کەماڵ کەریمی/ ل٣

دووانەی حوسێن_یەزید و گوتاری دەربازبوون لە قەیران/ وتوویژ لەگەڵ ناسر باباخانی/ ل٤

هاوکێشەی سوود و زیان لە ڕوانگەی د. قاسملوودا/ حەسەن شێخانی/ ل٧

ستراتیژیی سەرکەوتن بەسەر ئێراندا/ کەماڵ حەسەنپوور/ ل ٩

جووڵانەوەی نەتەوەیی و ئەرکە هەنووکەییەکانمان/ ڕەزا محەممەدئەمینی/ ل ١٠


# سووریی خەرمانانی ئێوە، ڕەنگرێژی ڕێگەی ئێمەیە



## سەردانی سکرتێری گرووپی پارلمانیی بریتانیا لە دەفتەری سیاسیی حیزب



## پارلمانی بریتانیا

## دامەزرانی گرووپی کاریی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان





### د. کاوە مەحموود:

بەنیسبەت کوردەوە عەدالەت مردووە، بەڵام خەباتمان هەروا بەردەوامە



### ئۆمید خۆشناو:

مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات برینێکە لەسەر دڵی ئێمە



### د. مەحموود عوسمان:

ئێمە تێرۆریست نین، تێرۆریست ئەوانەن مووشەکمان تێ دەگرن

# مستەفا مەولوودی:
# کۆمەڵگەی جیهانی دەبێ سنوورێک بۆ قەیرانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامی دابنێ

**(دەقی وتاری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆڕیادی شەهیدانی ۱۷ی خەرماناندا)**



**هاونیشتمانیانی خۆشەویست!**
**میوانە بەڕێزەکان!**
**بەشدارانی بەڕێزی یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ۱۷ی خەرمانانی ۱۳۹۷ی هەتاویی قەڵای دێموکرات!**

بەخێربێن. بەخێر بێن بۆ کۆڕیادی شەهیدانی ڕۆژی ۸ی سێپتامبری ۲۰۱۸ی زایینی کە لەو ڕۆژەدا بەهۆی هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر ناوەندی سیاسی و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ۱٤ کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید و زیاتر لە چل کەسیش بریندار بوون.

لەو دەرفەتەدا ڕێگەم بدەن جارێکی دیکەش بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سەرەخۆشی بکەم لە خەڵکی کوردستان، لە بنەماڵە و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و هاوسەنگەرەکانیان.

**بەڕێزان!**

پاساو و بیانووی سەرەکیی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بۆ مووشەکباران کردنی قەڵای دێموکرات هەروەک لە میدیاکانی سوپای پاسداراندا باس دەکرێ ئەمەیە: ئەوان بەڕوونی دەڵێن «ئەم ناوەندەی ئێمە لێمان داوە و هێرشمان کردووەتە سەر، ئەمنییەتی وڵاتی ئێرانی وەمەترسی خستبوو...» دیارە هەر وەک لەو ڕاگەیاندراوەدا باسی کراوە و لەو دێکیومێنتە ڤیدیۆییەدا کە لە عەمەلیاتەکەیان بڵاویان کردووەتەوە، ڕوونە کە بە فرۆکەی بێ فرۆکەوان بەسەر ئاسمانی قەڵای دێموکراتدا دەخولێنەوە و سێرە لە ئامانجەکەیان دەگرن کە شوێنی کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە ئانقەست وا نیشان دەدا کە حیزبی دێموکرات کردەوەیەکی سەربازیی ئەوتۆی کردووە و حکوومەتی ناچار بە وەڵامدانەوەی لەم چەشنە کردووە. ڕێژیمێک لێرەدا باس لە ئەمنییەت دەکا کە خۆی لە ماوەی چوار دەیە تەمەنیدا لە نێوخۆی وڵات بە پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ، بە زەوتکردنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و دینی و مەزهەبییەکان، بە دیکتاتۆری و سەرکوتکردنی هەموو جۆرە ئازادییەکی سیاسی و مەدەنیی کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێران و؛ لە دەرەوەی وڵاتیش بە دەستێوەردانی لە کاروباری وڵاتاندا، و بە پێشێلکردنی سەروەریی قانوونیی وڵاتان خۆی گەورەترین قەیران و نائەمنی لە ناوچەدا خوڵقاندوە. هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەمنییەت و سەقامگیریی ناوچە بەڕادەیەکە کە ئەگەر پێشی پێ نەگیرێ، هیچ دوور نییە بەو هۆیەوە ئاگری شەڕ و لێکدانی بەردەوام لەو ناوچەیەدا هەر دەم ڕوو لە پەرەئەستێندا بن.

جێگە و پێگەی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ئەمنییەت لە نێوخۆی ئێران و ناوچەش لە حاڵێک دایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سیاسەتی دروست و بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی ناوچە و ئەو بارودۆخەی لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە؛ نەک بە هیچ شێوەیەک سەروەریی یاسایی ئەو وڵاتە و هەرێمیان پێشێل نەکردووە، بەڵکوو بۆ پاراستنی سەقامگیری و بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بەشێک لە بەرنامە و کار و چالاکییەکانیشی تا ڕادەیەکی زۆر سنووردار کردوون. تەنیا لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ ئەو قسەیەی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە ڕاست دابندرێ کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، وەک ناوەندێک بێ بۆ هەڵگرتنی هەراس و ئەمنییەت لە بیر و هۆش و خەیاڵی بەرپرسانی ئەم حکوومەتە سەرکوتگەرە. لەبەر ئەوەی ئەو پەیامەی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بڵاو دەبێتەوە و ئەو پرس و سیاسەتەی ئەم حیزبە لەسەری دەڕوا؛ هەیمەنە و بناغەکانی دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمەیان خستووەتە مەترسییەوە.

ئامانج و بەرنامە و سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان جێگیرکردنی بەها و بایەخەکانی دێموکراسییە لە وڵاتێکدا کە نیزامێکی نادێموکراتیک حوکمی دەکا؛ هەوڵدان بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و سەرجەم پێکهاتەکانی وڵاتە کە لەلایەن دەسەڵاتەوە زەوت کراوە؛ خەبات و تێکۆشان بۆ یەکخستنی وزەی خەباتگێڕیی هێز و لایەنە سیاسییەکان و جەماوەری کوردستان و؛ لە نیهایەتدا لێکگرێدان و هاوخەباتیی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لەگەڵ بزاوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەرانسەری وڵاتە. کار و سیاسەتی حیزبی ئێمە ئاراستەبەخشین، وەجووڵەخستن، داکۆکی و پشتیوانی لە هەڵسوورانی چالاکانی مەدەنی و خەباتی جەماوەریی خەڵکی کوردستانە و هەر ئەوەشە کە خەو و ئاسوودەیی لە کاربەدەستانی ڕێژیم هەڵگرتووە.

کۆماری ئیسلامی ٤٠ ساڵە لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیلان دەگێڕێ و هەنگاو دەنێ. لەو بەربەرەکانییەدا چەک و پیلان نەبووە و نەماوە لە دژی حیزبی دێموکرات تاقیی نەکاتەوە بۆ ئەوەی بیوەستێنێ. ئەمجارەیان هەموو سەرنج و ئامانجە وردەکەی، وەک لە دێکیومێنتەکەی خۆشیاندا دانی پێدادەنێن ئەوەیە، مووشەکی خاڵکوت لە کۆبوونەوەی ڕێبەریی ئەم حیزبە بگرێ و بە لێدان لەو ناوەندە، زەبرێکی گورچکبڕ و قەرەبوونەکراوە لە بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان بدا. پیلانێکی دی کە ئەمجارەش سەری نەگرت و وەک دەبینین حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر بەپێوەیە و لە تێکۆشان بەردەوامە.

**بەڕێزان!**

دوای ئەم مووشەکبارانە کە بەزاندنی هەموو سنوورێکی قانوونی و مرۆیی و ئەخلاقی و پێشێلکردنی سەروەریی خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان و هەموو پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان بوو، لە نێوخۆی وڵات، لە دەرەوەی وڵات و لە نێوکۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکاندا ئەم کردەوەیە و، ئەم دەستدرێژییە مەحکووم کرا.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر عێراق کە سەروەریی خاکەکەی پێشێل کرابوو، هەڵوێستە فەرمییەکە ئەوە نەبوو کە چاوەڕوان دەکرا. ئەوان وەک بڵێی تەنیا گلەییان ئەوە بووبێ کە ئێران ئەوانی لەو هێرشە ئاگادار نەکردووەتەوە و؛ ئەمە هەڵوێستێکی تابڵێی نەشیاو لەگەڵ سەروەری و بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە و تەنانەت زۆر جێی لێوردبوونەوە و تێڕامان بوو. بێدەنگیی عێراق لە پەلامارە مووشەکییەکەی کۆماری ئیسلامی لە شەوی ۱ی ئۆکتۆبری ۲۰۱۸دا کە لە کرماشانەوە و بە ئاسمانی وڵاتی عێراقدا بۆ سەر خاکی سووریەی کرد، دەری خست کە دەبێ حکوومەتی ئێران ئیزنی کەڵکوەرگرتن لە ئاسمانی ئەو وڵاتەی وەرگرتبێ؛ کە ئەگەر وابێ هەموو لایەک پێویستە بیزانن کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەم جارە بێ سڵەمینەوە لە بەربەستی یاسایی و بەکردەوەی وڵاتی عێراق و هاوپەیمانان بە جەسارەتی زیاترەوە پەرە بە قەیرانخوڵقێنی لە عێراق و ناوچەدا دەدا.

لە هەڵوێستەکەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشدا ئەگەرچی ئەم کردوەیەی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکووم کرابوو، بەڵام لە جەوهەری بەیاننامەکەدا ئەوە بەدی دەکرا کە نابێ هیچ هێزێک لە هەرێمی کوردستانەوە ئەمنییەتی وڵاتی ئێران بخاتە مەترسییەوە. لە حاڵێکدا کە ئەوە حکوومەتی ئێران بوو کە لە دووریی زیاتر لە ۷۰ کیلۆمیترەوە مووشەکی بالستیکی لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، لە عێراق و لە نیزیک شاری کۆیە لە خاکی هەرێمی کوردستاندا گرت و، گیانی ۱٦ پێشمەرگەی ستاند کە ٦ کەسیان ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون و زیاتر لە ٤٠ کەسیش بریندار کرد.

هەروەها زۆر لە وڵاتانی ئورووپا و بە تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم هێرشەیان مەحکووم کرد و ئەمریکا تەنانەت ئەو باسەی بردە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیش؛ بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە بە باوەڕی ئێمە، ئەو جۆرە ئیدانەکردنانە لەو فۆڕمەدا گوشار و تێچوویەکی ئەوتۆ ناخاتە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران تا لە بەردەوامیی کردەوە تیرۆریستییەکانی سڵ بکا. بۆیە نیگەرانیی ئێمە لە دووپاتبوونەوەی ڕووداوی لەمجۆرە زۆر جیدییە. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە هاوپەیمانان بە تایبەتی ئەمریکا دەکا و، بەتایبەتیتر لە دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەخوازێ سنوورێکی ڕوون و جیدی بۆ پێشلکارییەکانی حکومەتی ئێران دابنێن و ڕێ لە قەیرانخوڵقێنیی زیاتری ئەم ڕێژیمە لە ناوچەکەدا بگرن.

**بەڕێزان!**

ڕووداوە سامناک و خوێناوییەکەی ۱۷ی خەرمانان ئەگەر لە لایەک خەسارێکی گەورەی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، بەڵام بۆ بزووتنەوی سیاسیی خەڵکی کوردستانیش بوو بە دەرفەت بۆ دەرخستنی ڕەهەندەکانی دیکەی ئەم خەباتە. خەڵکی کوردستان سێ ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە بە مانگرتنی گشتی لە کوردستان هەم هاوسۆزیی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕی و هەم جارێکی دیکەش حیزبە سیاسییەکانی خۆیان بەخاوەن کرد و لەسەریان وەجواب هاتن. ڕووداوەکەی ۱۷ی خەرمانان و مانگرتنەکەی ۲۱ی خەرمانان، بووە هۆی دروستبوونی وێنایەکی دی لە هاوپێوەندیی و ئاوێتەبوونی بزووتنەوەی سیاسی و بزاوتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەوان بەو مانگرتنە و بەو هەڵوێستە پەیامێکی زۆر ڕوون و ئاشکرا و، هەروەها زۆر جیدییان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران دا کە چوار دەیە سیاسەتی کەلێن خستن و دابراندنی خەڵکی کوردستان و حیزبە سیاسییە تێکۆشەرەکانیان ئاسنی ساردکوتان بووە.

**دۆستانی بەڕێز!**

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەهۆی گەورەیی و شوێندانەریی لەسەر گۆڕەپانی سیاسەت و جووڵەکان لە کوردستانی ئێران کرابووە ئامانج، دوای ڕووداوەکەش وێنایەکی دیکەی لە گەورەیی و قورسایی خۆی پیشان دا. کار و چالاکیی ئۆرگانیزمی حیزبی لە هەموو بەشەکانی ئیداری و دیپلۆماسی و ڕاگەیاندن و هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، جارێکی دیکەش سەلماندی کە تێکۆشەرانی دێموکرات خەباتکاری ڕۆژە سەختەکانن. تێکشانی هەمەلایەنە لەو ڕۆژە سەختانەدا جارێکی دیکەش فەرموودەی گەورەپیاوانی دێموکراتیان بیر هێنایەوە؛ کە مامۆستا و ڕێبەرمان دوکتور قاسملوو لە پێش تێرۆرکرانیدا فەرموویەتی: «بەخۆشییەوە جێگە و پێگەی تەشکیلاتیی حیزب هێندە بەهێزە کە ئەگەر ڕۆژێک بەهۆی کارەسات و ڕووداوی نەخوازراو چەند کەسیش لە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات گیانیان لەدەست بدەن، حیزبەکەمان بەرگە دەگرێ و دەتوانێ درێژە بە کارەکانی بدا.»

یان جەنابی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە زۆرجار فەرموویەتی «حیزبی دێموکرات لە تەنگانەدا جوانە و لە ڕووداوە ناخۆشەکاندا حیماسەتی لێ ببینە». لەم ڕووداوەدا فەرموودەی هەر دوو لە سەروەران بەڕوونی هاتە دی و حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ماوە کورتەدا بۆ دۆست و دوژمنی سەلماند کە قاڵبووی کورانی خەباتە و بەم کارەسات و ڕووداوانە بە چۆکدا نایە.

ڕووحی شەهیدانی ۱۷ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات شاد بێ.
سەرکەوێ بزوتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و
سەرکەوتنی زیاتر و بەردەوامی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و
شادی و خۆشیش بۆ ئێوەی ئازیز.

***

# داپۆشینی تاوانە تێرۆریستییەکان لە پێناو چیدا؟



کەماڵ کەریمی

لە ١٧ی مانگی خەرماناندا کۆماری ئیسلامی لە درێژەی کردەوە تێرۆریستییەکانیدا بە مووشەکبارانی قەڵای دێمۆکرات بە وتەی خۆیان هەوڵی لەنێوبردنی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دا و وەک لە بەیاننامەکانی دوای کارەساتەکەدا ئاشکرایان کرد ئامانجیان لە نێوبردنی حیزبێک بووە کە وەک خۆیان دەڵێن ئەمنییەتی نیشتمانیی ئێرانی خستووەتە مەترسییەوە. ئەمە یەکەم جار نییە کە بە بیانووی هاوشێوە حیزبی دێمۆکرات دەکەوێتە بەر پەلاماری تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی و لە ساڵانی ڕابردووشدا لە دەیان کردەووەی تێرۆریستیدا بە سەدان کەس لە ئەندام و پێشمەرگە و تەنانەت ڕێبەرانی هەڵکەوتووی حیزبیان کردوەتە ئامانج و شەهیدیان کردوون. کە نموونەی هەرە بەرچاویان شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی لە ئۆتریش و ئاڵمان لە دوو کردەوەی تێرۆریستیی جیاوازدا بوو. تێرۆرگەلێک کە دەکرا و دەبوو بە هۆیانەوە فشارێکی جیدی بخرێتە سەر نیزامی کۆماری ئیسلامی، بە جۆرێک کە بەربەستێک بوایە لە بەردەم دامودەزگا تێرۆریستییەکانی نیزام، کە وەک ئێستا هەموو وڵاتانی جیهان نەخاتە بەر هەڕەشەکانی خۆی. هەر لەو مانگەشدا مەسەلەی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و هەوڵی باندە تێرۆریستییەکانی نیزام بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەکی تێرۆریستی لە فەڕانسە، ئورووپای بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد. ئەویش لە کاتێکدا کە ڕووحانی، سەرۆککۆمارەکەیان لە سەفەرێکی ئورووپایی بۆ بەدەستهێنانی پشگیری وڵاتانی ئورووپایی لە بەرامبەر فشارەکانی ئەمریکادا کە بەشێکی گرێدراوە بە تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ئێرانەوە، گەشتێکی دیپلۆماسی دەست پێکردبوو. بەدوای ئەوەدا کە پۆلیسی فەڕانسە زانیاری بەدەست هێنابوو کە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی مەبەستیان بووە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوی موجاهیدین بە دانانەوەی بۆمب وەبەر پەلامار بدەن، ڕاونان و دەستگیرکردنی ئەو تێرۆریستانە لە فەڕانسە و ئاڵمان و بێلژیک پەردەی لەسەر ئەو پیلانە تێرۆریستییە هەڵ دایەوە. ئەم جارەش بە دەستگیرکردنی "اسدالله اسدی" یەکێک لە دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیم، دیسان ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەی ئاشکرا کردەوە کە دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامی کەس نین جگە لەو پاسدارە دەورەدیتووانەی کە بە ناوی ئەرکی دیپلۆماسی وڵاتەوە بەڕێ دەکرێنە ئەو شوێنانەی بە ناوی باڵوێزخانەوە کراونەوە و وەک پێشتر زۆرجار گوتراوە شوێنێک نین جگە لە بنکەیەکی جاسووسی کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی وەدواکەوتنی دژبەرانی ڕێژیم و جێبەجێ کردنی پیلانە تێرۆریستییەکانیان بەکاری دێنن. لەم پرۆسەی وەدواکەوتنەدا جگە لە جەنابی دەبیری سەفارەتی ئێران لە ئۆتریش کۆمەڵێک کەسی دیکەش دەستگیر کراون کە دەوڵەتی بێلژیک بە ئاشکراکردنی ناوی دووکەس کە هەڵگری مادەی تەقینەوە بوون ڕێگەی حاشالێکردنی لە هەموولایەک بەست. لێرەدا ئەوەی جێی سەرنجە قسەکانی مانوێل مەکرۆن سەرۆکی فەڕانسەیە کە کاتێک ئەو هەموو بەڵگانە لەبەردەست دایە و ناتوانێ حاشا لە بوونی ئەو پیلانە تێرۆریستییانە بکا هەوڵ دەدا بۆ پاکانە کردن بۆ نیزامی کۆماری ئیسلامی، پەنا بەرێتە بەر دەستە دەستەکردنی نیهاد و دەزگا ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی و خۆ بدزێتەوە لەو بەرپرساتییەی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نیزامێکی تێرۆریستی کە وڵاتەکەی ئەویان کردووەتە مەکۆی کارە تێرۆریستییەکانیان لەسەر شانیەتی. ئەوە لە حاڵێک دایە کە پێشتر وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی، ئاماژە بۆ وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیم دەکا لە بەڕێوەبردنی ئەم پیلانە تێرۆریستییەدا و ئەوان وەک ڕێکخەری ئەم هەوڵە تێرۆریستییانە دەناسێنێ. ئاغای مەکرۆن لە وتووێژێکیدا دەڵێ ئێران لە هێندێک بابەتدا دەستەبەندی و کێشەی خۆیان هەیە و ناکرێ بڵێین دەستووری ئەم کارە لە سەرەوە هاتووە یا هی ئەم یا ئەو دەزگای ئەمنیەتییە. بەڵام داخۆ سەرۆککۆماری وڵاتێکی وەک فەڕانسە نازانێ کە هەموو ئەو نیهاد و دەزگا ئەمنیەتییانە لەژێر چاوەدێری و بە ئەمری "سەرەوە" ئەویش دەزگای ڕێبەری کار دەکەن و لەوێ بڕیاریان لەسەر دەدرێ و جێبەجێکردنیان بەم یا ئەو دەزگای جیاواز دەسپێردرێ؟ لە دوای پیلانی تێرۆری دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو کە بەداخەوە سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو و لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر شەهید کران، دەسەڵاتی ئەو کاتی ئۆتریش وەک ئێستای ئاغای مەکرۆن پەنای بردە بەر خۆدزینەوە لە ڕاستییەکان و هەتا ئێستاش ئامادە نەبووە لەسەر ئەم تێرۆرە ناجوامێرانە شتێکی ڕەسمی بڵاو بکاتەوە. بەڵام کاتێک کە سکرتێری دواتری حیزبی دێمۆکرات دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە بێرلین بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهیدکران و بۆ لێکۆڵینەوە لەو پرسە، دادگای بەناوبانگی میکۆنووس کە وەک نوێنگەی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی دادوەری لە جیهاندا وەدەرکەوت، بە ئاشکراکردنی ناوی بڕیاردەران و جێبەجێکارانی ئەو کردەوە تێرۆریستییە کە لەسەرووی هەمووانەوە ناوی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی عەلی خامنەیی هاتبوو، هیچ گومانێکی بۆ کەس نەهێشتەوە کە ئەو تێرۆرانەی دەکرێن ڕاستەوخۆ دەستوورەکەیان لە کوێوە دێن. هەربۆیە ئەو کات هەموو وڵاتانی ئورووپایی ئەگەر لەبەر پاراستنی ئابڕووی خۆیشیان بووبێ و، بە شێوەی کاتیش بووبێ بە کێشانەوەی باڵیۆزەکانیان لە تاران نارەزایەتی خۆیان دەربڕی. بێگومان ئێستاش کە فەڕانسە وەک وڵاتێک ناسراوە کە هەمووکات پاڵپشتی لە ئازادی و مافی مرۆڤ کردووە و ئەم شانازییە زۆرتر بەوان بڕاوە کە بە نیشتمانی لە دایکبوونی دێمۆکراسی ناوزەد بکرێ، و بە تایبەت کە لە گرووپی هاوپەیمانی نێودەوڵتی دژی تێرۆردا ئەندامێکی دیار و کارایە، ئەو چاوەڕوانییەی لێ دەکرێ کە بە چاونووقاندن لە سیاسەت و کارە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێناو بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و سات و سەودای نێودەوڵەتی ڕێگەخۆشکەر نەبن بۆ درێژەپێدانی بەرنامە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمێک کە هیچ بایەخێک بۆ باوەڕەکانی ئەوان لەسەر ئازادی و مافی مرۆڤ دانانێ. ڕێژیمێک کە بە پێی بنەما فکرییە داسەپێندراوەکانی، مرۆڤ لە ئاستی خواروتر لە کۆیلەدا دەبینێ ناکرێ بەسەر دەستە و نیهادی باش یا خراپدا دابەش بکرێ. چاوەڕوانیی زیاتر ئەوەیە کە دەوڵەتی فەڕانسە لەگەڵ هاوپەیمانە ئورووپاییەکانی، هاوکار و یارمەتیدەر بن بۆ لەقاودانی هەرچی زیاتری سیاسەت و کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمێک کە مانەوەی خۆی نە لە ڕێککەوتنێکی ڕاستەقینە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵکوو لە بەکارهێنانی ساتوسەودا بازرگانییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئورووپاییدا دەبینێ، بۆ ڕێخۆشکردنی تێرۆر و لەنێوبردنی دژبەرە ئازادیخوازەکانی ئێران لە هەر شوێنێک کە فرسەتی هەناسەدان و دەنگ بەرزکردنەوەیان هەبێ لە دژی ئەو هەموو ستەمەی کە کۆماری ئیسلامی بە خەڵکی ئێرانی ڕەوا دیتووە.




## پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ ڕێوڕەسمی چلەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان



ئەمرۆ چل ڕۆژ بەسەر ڕووداوی مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەوروبەری شاری کۆیە و لەلایەن ڕێژیمی جینایەتکار و دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامیی ئێران تێپەڕ دەبێ، کارەساتێک کە تێیدا ١٤ ئەندامی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ٢ مامۆستای فێرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شەهید بوون و ٤٠ کەسی دیکەش بریندار بوون کە لەنێویاندا ژن و تەنانەت منداڵیش بەرچاو دەکەون.

ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە خەم و پەژارەیەکی لە ڕادەبەدەری خستە سەردڵ و دەروونی هەموو لایەک و هەموو لایەکیش هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بەم جینایەتە دەربڕی کە لە نێویاندا هەڵوێستی یەکگرتووانەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هاوسۆزی و هاودەردی و هاوکاری خەڵک و حیزب ولایەنەکانی باشووری کوردستان و نیشتمانپەروەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و هەروەها کۆڕ و کۆمەڵەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ جێی سەرنج و پێزانین بوو، بەتایبەت لەسەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاری و لایەنەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، خەڵکی کوردستان، ڕۆژی ٢١ی خەرمانان، لەمانگرتنێکی تێکڕایی لەسەرانسەری کوردستانی ئێراندا، وێڕای مەحکوومکردنی ئەو جینایەتە و لە سێدارەدانی سێ ڕۆڵەی نیشتمانپەروەری گەلەکەمان شەهیدان ڕامین حوسێن پەناهی و لوقمان و زانیار موورادی، هاوسۆزی و بە دەنگەوەهاتنی خۆیان لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات نیشان دا و پەیامیان بە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان دا کە یەکگرتوویی ئەوان هۆی یەکدەنگی و هاوهەڵوێستیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە و لەهەمان کاتدا پەیامیان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوە بوو کە بە دەنگی حیزب و ڕێکخراوەکانی خۆیانەوە دێن و ویست و داخوازی ئەوان هی هەموو خەڵکی کوردستانە لەلایەکی دیکەوە نیشانی دا کە بزووتنەوەی کوردستان چەندە بە هێزە و لەڕەوتی خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێراندا چەندە پێداگر و شوێندانەرە.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای یادکردنەوە لە شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و مەحکوومکردنی ئەو کردەوە جینایەتکارانەی ڕێژیم، داوا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو ناوەندەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ و دادپەروەری و بیروڕای گشتی دەکەین لەهەر ڕێگایەکی مومکینەوە بەر بە سەرشێتی وهەوسارپچڕاوی وسەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی ئێران بگرن و ڕێگا نەدەن ڕۆڵەکانی کورد لەشێوەی جۆراوجۆردا گیانیان لێ بستێندرێ.

سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان، یاد و ناویان بەرز و بەڕێز، ڕێگای خەباتیان پڕ ڕێبوار.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
٢٥ی ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی

***

ئەم پەیامە لە کۆڕیادی شەهیدانی ١٧ی خەرماناندان، لەلایەن کاک حوسێن نازدار، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسیی «حدکا»وە خوێندرایەوە

# لە میلیتاریزەکردنی کوردستانەوە بۆ پاکسازیی کۆمەڵگەی مەدەنی



سمایل شەڕەفی

لە تێگەیشتن و ئەدەبیاتی دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێراندا پرسی نەتەوەی کورد نەتەنیا لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا بەڵکوو بە گشتی وەک پرسێکی «ئەمنیەتی» سەیر دەکرێ. بە مانایەکی دیکە ئەقڵییەتی نیزامی سیاسیی دەسەڵاتدار لە تاران لانیکەم لە ماوەی زیاتر لە سەدساڵی ڕابردوودا، هیچ کات «ئیعترافی سیاسی»ی بە پرسی کورد نەکردووە، بەو مانایە کە نەتەنیا «میللەتێک»، بەڵکوو تەنانەت قبووڵیان نییە کە کۆمەڵە خەڵکێک خاوەنی کۆمەڵە داخوازییەکی سیاسین و پێویستە گوێیان لێ ڕابگیرێ.

پرسی کورد لە ڕوانگەی تارانەوە پێناسەیەکی ڕووتی ئەمنیەتی هەیە کە ئامانجەکانی بریتین لە: «لە مەترسی خستنی ئەمنیەتی میللی!، لە مەترسی خستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران! و لە کۆتاییدا جێبەجێکردنی پیلانی دابەشکردنی ئێران! ئەوەشە کە تا ئێستا کارکردن و تێکۆشان بۆ هەرکام لەم ئامانجانە لە یاسای بنەڕەتی و مافی کەیفەریی نیزامی سیاسیی ئێستای ئێراندا نەک وەک «تاوانی سیاسی» داناندرێ، بەڵکوو لە چوارچێوەی کردەوەی ئەمنیەتیدا بەرخوردی پێ دەکرێ.

ئەم ئەقڵییەت و تێگەیشتنەی تاران بە نیسبەت کوردستانەوە بە درێژایی مێژوو تا هاتووە تێکەڵ بە جۆرێک لە «دوژمنایەتی» بەرانبەر بە میللەتێک و خاکەکەی بووە، کە لە هەر کوێ کوردێک هەبووبێ و هەر کوێ خاکێک بە ناوی کوردستانەوە هەبێ، سیاسەتی «دژیگەلییانە»ی بەرانبەر ڕەچاو کراوە. بە واتایەکی دیکە درێژبوونەوەی ئەم ئەقڵییەتە ئەمنیەتییەی دەسەڵاتی سیاسیی ناوەندگەرای ئێران بەنیسبەت داخوازییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستانەوە، لە کۆتاییدا هەڵوێست و سیاسەتی دژیگەلییانەی ڕێژیمەکانی تاران بەرانبەر بە «کورد و کوردستان»ی لێ کەوتۆتەوە.

لە ئێستادا تەنیا بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبەکانی نییە کە نیزامی سیاسیی لە تاران بە چاوی ئەمنیەتییەوە سەیری دەکا، بەڵکوو ئەوە کۆی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەم بزاڤە مافخوازانەیە کە لەژێر هێژموونیی ڕوانینی ئەمنیەتیدا، بەرخوردی دژی گەلییانەی پێ دەکرێ و هەر لە یەکەم هەنگاوەکاندا هەوڵی سڕینەوەی دەدرێ.

میلیتاریزەکردنی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی لە تاران کە سیاسەتی هەمیشەیی ڕێژیم بووە و لە ئێستادا بەرچاوتر لە هەمیشە بەڕێوە دەچێ، چیدیکە لە چوارچێوەی حزووری هێزە سەرکوتکەر و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم و هێنانی چەک و چۆڵ و جێگیرکردنیان لە شارە سنوورییەکاندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو پانتاییەکی بەرفراوانتر بەخۆوە دەگرێ. ڕێژیم بە دەخاڵەت و دەستێوەردان لە هەموو بوارەکانی فەرهەنگی، ئەدەبی، ژینگەپارێزی، وەرزش و بە گشتی هەموو بوارەکانی جموجۆڵی مەدەنیش، ئێستا لە هەوڵ دایە هێژموونیی ئەم ڕوانینە ئەمنیەتییەی خۆی زیاتر لە هەمیشە بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا بسەپێنێ.

دەستئاوەڵا هێشتنەوەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە کوردستان و دەستێوەردانە بەرچاوەکانی سپای پاسداران لە هەموو بوارەکانی فەعالییەت و تێکۆشانی مەدەنیی کۆمەڵگەی کوردستاندا، هەوڵێکی ئاشکرایە بۆ میلیتاریزەکردنی زیاتری کوردستان. پێشگیری لە بەڕێوەچوونی کۆڕی نووسەران و ئەدیبانی کورد لە ئیلام بە تۆمەت و بیانووی ئەوەی یەکێک لە حیزبەکان لە پشت ئەم کارەوەیە، پیلانگێڕیی سپای پاسداران بەهۆی کردنەوەی پێشانگایەک پڕ لە سووکایەتی و بێڕێزی بە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و ڕێبەرانی لە پەراوێزی «کۆنگرەی ئەزموونی ڕۆمان و چیرۆکی کوردی» لە شاری شنۆ، هێرش بۆ سەر ژینگەپارێزانی وڵات و گومانی دەستتێداهەبوونی هێزەکانی ڕێژیم لە گیانلەدەستدانی کۆمەڵێک لە ژینگەپارێزانی شاری مەریوان و بەرگرتن بە تێکۆشان و چالاکیی تێکۆشەرانی مەدەنی بە بیانووی هاوکارییان لەگەڵ حیزبەکان، هەر هەموویان نموونە گەلێکی سەلمێندراون بۆ ئەوە کە سیاسەتی میلیتاریستیی ڕێژیم لە کوردستان تا دێ بەرفراوانتر دەبێ.

ڕێژیم بەم ڕوانین و هەڵوێستانەوە لە چوارچێوەی تێگەیشتن و ئەقڵییەتی دژیگەلییانەی خۆی بەرانبەر بە کورد و کوردستان، سەرەتا دەیهەوێ کۆمەڵگەی کوردستان و بەتایبەت چالاکانی چاوترسێن بکا و هەزینەیەکی قورس بخاتە سەر جموجۆڵ و تێکۆشانیان. بۆیە بە ڕوانینێکی ئەمنیەتییەوە بەرخورد بە هەموو جووڵەیەکی کۆمەڵگە دەکا. بە زمانێکی سادەتر ڕێژیم دەیهەوێ بە قورسکردنی هەزینەی یاسایی لە سەر ئەو جموجۆڵە مەدەنییەی کە لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا لە کوردستان دەستی پێکردووە، بە جۆرێک کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان تووشی وەستان و پاشەکشە بکا.

جموجۆڵی مەدەنی لە کوردستان کە بە ڕێکخستنی جووڵە و هەڵوێستی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە توانیویەتی جۆرێک لە جموجۆڵی جەماوەری و گشتگیر چێ بکا، نیزامی دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی زیاتر لە هەمیشە تووشی ترس و دڵەڕاوکێ کردووە. بۆیە هەوڵ دەدا بە بەرجەستە کردنەوەی ئەو ڕوانینە ئەمنیەتییەی کە بۆ سەر پرسی کورد و بزووتنەوەکانی ئەم میللەتە هەیەتی، کۆمەڵگەی کوردستان لەم مەیدانەدا تووشی ترس و پاشەکشە بکا. بۆ ئەم مەبەستە هەر وەک بە نموونە ئاماژەمان پێ کرد، بەشێک لە کارەکانیان دەستێوەردان و کۆسپ دروستکردن بۆ کۆڕ وکۆبوونەوە و چالاکیی تێکۆشەرانی مەدەنییە. ئێستا کە ئەم ئەرکە خراوەتە سەر دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی وەک ئیتلاعات و سپای پاسداران، بە بیانووی جۆراوجۆری ئەمنیەتی لە سەر کۆڕ و ناوەند و ئەنجوومەنەکان لە کوردستان هەوڵی جێبەجێکردنی دەدرێ. ئیدیعای بەستراوەبوونی ئەم کۆڕ و ئەنجوومەن و ناوەندە مەدەنییانەی کوردستان بە حیزبە بەرهەڵستکارەکانی کوردستان، ڕاست پیلانی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمە بە مەبەستی پێشگیری لە جموجۆڵ و چالاکییەکانیان. ئەوان بەم شێوەیە دەیانهەوێ هەزینەی ئەمنیەتیی لە سەر چالاکییەکانی ئەم ناوەند و ئەنجومەنانە بەرنە سەرێ و چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان ناچار بە ترس و پاشەکشە بکەن.

لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا هاوتەریب لەگەڵ چڕکردنەوەی جموجۆڵی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە کوردستان و هێنانی هێزێکی زۆری ڕێژیم لە شارەکانی دیکەی ئێرانەوە بۆ کوردستان و جێگیربوونیان لە سنوورەکان و هەروەها هاوتەریب لەگەڵ نمایشی چەکوچۆڵی جۆراوجۆر لە گۆڕەپانی شارەکانی کوردستان بە مەبەستی تایبەت و گەیاندنی پەیامی تایبەت بە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی، ناوەندە ئەمنیەتییەکانی سپای پاسداران، ئیتلاعات و حەراسەت لە کوردستان پیلانەکانیان بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێگای دەستێوەردان و کۆسپ دروستکردن بۆ کۆڕ و ناوەند و ئەنجوومەنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چڕتر کردۆتەوە.

هێنانی هێزێکی زۆر و زەوەندی پڕچەک بۆ کوردستان و جێگرکردنیان لە ناوچە سنوورییەکان و مانۆڕ و نیشاندانی چەکی جۆراوجۆر لە شارەکانی کوردستان و ئەو تەبلیغاتە چڕوپڕەی کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لە ڕاگەیاندنەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بۆ دژایەتی دەکرێتە سەر کورد و بزووتنەوە مافخوازانەکەی لەلایەک و، ئەو پیلانگێڕییانەی هەر لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا دەرحەق بە کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەچاو دەکرێ لەلایەکی دیکەوە، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕوانینی ئەمنیەتیی نیزامی سیاسیی ناوەندگەرای ئێران لە تاران بۆ سەر کورد و کوردستان بەداخەوە لە پەرەئەستاندن دایە.

لە بارودۆخی ئێستادا کە دەسەڵاتدارانی تاران ڕێژیمەکەیان لە بەرانبەر کۆمەڵێک قەیرانی قووڵی مەترسیداردا دەبینن، تەقوییەتی ئەم ڕوانینە ئەمنیەتییە بۆ سەر کوردستان، وەک پێویستییەکی ئەمنیەتی سەیر دەکەن. بۆیە هەوڵ دەدەن لەم دەرفەتە بە مەبەستی جێبەجێکردنی سیاسەتە دژیگەلییەکانی خۆیان هاوکات لەگەڵ هێرش بۆ سەر حیزبەکان(مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و تۆپبارانی بنکەی پێشمەرگەکان لە ناوچە سنوورییەکان)، هەوڵی پاکسازییەکی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستانیش بدەن. بۆیە جێی خۆیەتی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان بە پشت بەستن بە هێزی جەماوەری کوردستان- وەک تا ئێستا کردوویەتی- بە گرتنە پێشی هەڵوێستی ئەقڵانی، پێش بە پیلانە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بۆ سەر خۆی بگرێ و لە خانەی بەراوردی هەزینەکاندا ڕەفتارەکانی خۆی بە قازانجی بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگە ڕێک بخا.

## سەردانی سکرتێری گرووپی پارلمانیی بریتانیا لە دەفتەری سیاسیی حیزب



بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ٢٩ی ڕەزبەر (٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨) گاری کێنت، سکرتێری گرووپی پارلمانی بریتانیا تایبەت بە هەرێمی کوردستان کە هەموو حیزبەکانی خاوەن نوێنەر لە پارلمانی ئینگلستان لە خۆ دەگرێ و تایبەتە بە پێوەندی و پرسەکانی تایبەت بە کورد و هەرێمی کوردستان، گەیشتە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەلایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتییەوە پێشوازیی لێ کرا.
لەو دانیشتنەدا گاری کێنت هاودەردیی خۆی و هاوکارانی لە پارلمانی ئینگلستان سەبارەت بە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕی و مەبەست لە سەردانەکەی کە بریتی بوو لە دیتنی لە نزیکەوەی شوێنی ڕووداوەکە و ئاڵوگۆڕی بیروڕا سەبارەت بە چۆنیەتیی ناساندنی زیاتری پرسی کوردەکانی ئێران لە بریتانیا خستە ڕوو.
لەو دیدارەدا دوولایەن جیا لە باسکردنی هەلومەرجی ناوچە و بارودۆخی ئێران، ڕێکارەکانی ناساندنی زیاتری پرسی کورد لە بریتانیا و چۆنیەتیی ڕاکێشانی زیاتری سەرنج و پشتیوانیی کۆڕ و کۆمەڵە بیانییەکان بەتایبەتی لە بریتانیایان تاوتوێ کرد.

## دامەزرانی گرووپی کاریی پارلمانی بریتانیا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان



لە پەرلەمانی بریتانیا، گرووپی پارلمانتارانی بریتانیایی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا.
ڕۆژی چوارشەممە، ٢٥ی ڕەزبەر (١٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨ زایینی) بەمەبەستی دامەزراندنی گرووپی پارلەمانتارانی بریتانیایی بۆ ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، لە پارلمانی بریتانیا کۆبوونەوەیەک بەڕێوە چوو.
لەو کۆبوونەوەیەدا کە بەبەشداریی مەلوود سوارە، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا بەڕێوەچوو، دوای باس و مشتومڕێکی زۆر بڕیار درا کە بۆ هەر بەشەی کوردستان گرووپی کاریی تایبەت پێک بێ و هەنگاوی پێویستی بۆ هەڵگیرێ و «ساندی مارتین» بۆ سەرۆکایەتیی گرووپی کاریی پارلمان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاری کرا.
شایانی باسە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمێژ ساڵە لە هەوڵی ئەوە دابووە کە هاوشێوەی گرووپی پەرلەمانتارانی بریتانیایی بۆ باشووری کوردستان، گرووپێکی ئەوتۆش بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابمەزرێ و بۆ ئەمەش هەوڵێکی دیپلۆماتیکی زۆری دا کە تێیدا سەرکەوتوو بوو.

## سەردانی نوێنەرایەتیی پەیەدە لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان



ڕۆژی سێشەممە، ٢٤ی ڕەزبەر نوێنەرایەتیی پەیەدە لە هەرێمی کوردستان بە سەرپەرستیی سلێمان عەرەب سەردانی سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشوازییان لێ کرا.
لەم دیدارەدا هەیئەتی میوان وێڕای دەربڕینی هاوخەمیی خۆیان سەبارەت بە هێرشە مووشەکییەکەی ڕێژیم، ئەو هێرشەیان نەتەنیا بۆسەر حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڵکوو بۆ سەر خەڵکی کورد زانی.
لە درێژەی ئەم دیدارەدا دوو لایەن لەسەر دوا ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە بە گشتی و بە تایبەت دۆخی سیاسیی ئێستای کورد لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان ئاڵوگۆڕی بیر و ڕایان کرد و پێویستییەکانی بەردەم جووڵانەوەی کورد لەهەر کام لەو دوو بەشەی کوردستانیان دەستنیشان کرد.

## دیداری شاندێکی حیزب لە بارەگای حیزبی شیوعیی کوردستان



ڕۆژی ١٨ی ڕەزبەر هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی سەردانی بارەگای دەفتەری سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستانیان کرد و لەلایەن هەیئەتی خانەخوێ بە سەرپەرستیی دوکتور کاوە مەحموود، سکرتێری ئەم حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا.
لەو دانیشتنەدا کۆمەڵێک باس و بابەتی ڕۆژ تاوتوێ کران، وەک لێکەوتەکانی پەلامارە مووشەکییەکەی ڕێژیم بۆ سەر قەڵای دێموکرات، پرسی کورد لە وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریەدا، گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باس لەو هەڕەشە و دەرفەتانەی لە بەردەم پرسی کوردن لە ناوچەدا.

## ناسر باباخانی:

# ڕێژیم دووانەی «حوسێن-یەزید»ی کردووەتە گوتاری قوتاربوون لە هەموو دۆخێکی قەیران

دیمانە: شەونم هەمزەیی



**کەم چاودێری سیاسی هەیە پێی وانەبێ کە هیچ وڵاتێک وەک ئێران قەیران بەرۆکی نەگرتووە. ڕێژیمێک کە لە هاوکێشە سیاسییەکاندا کێشمەکێشمی زۆری لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی هەیە و لەنێوخۆی وڵاتیشدا ڕەوایی نییە. قەیرانە ئابوورییەکان لە سۆنگەی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمەوە بڕستیان لە خەڵک و کۆمەڵگە بڕیوە و ئەوەش وای کردووە خەڵک پتر لە جاران مان بگرن و بۆ نارەزایەتیدەربڕین بێنە سەرشەقام. ئێران بەرەو کوێ دەڕوا؟ خەڵک لە کوێی گۆڕانکارییەکانی بەردەم ئێراندا وەستاون؟ ئەم مژارەمان لەگەڵ ناسر باباخانی، چاودێری سیاسی تاوتوێ کردووە.**

**زۆربەی چاودێرانی سیاسی دەڵێن ئێران بە هۆی فشاری سیاسیی دەرەکی و قەیرانی ئابووری و نارەزایەتییەکان لە نێوخۆ، لە بەردەم گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دایە، ئایا فشارە دەرەکییەکان دەتوانن یەکلاکەرەوە بن؟**

ڕەنگە لە نێو خودی ئەم پرسیارەدا وڵامەکەشیمان دەست کەوێ. بە دروستی باست لە دوو هۆکاری دەرەکی و ژوورەکی کردووە کە هەر دوو هۆکار زیاتر پەیوەستن بە لایەنی ئابوورییەوە. واتە گوشار و گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا وەک گوشاری دەرەکی (Maximum Economic Pressure)و دارمانی دۆخی ئابووری نێوخۆ وەک هۆکاری ژوورەکی. بەڵام لێرەدا دەبێ ئەم پرسیارە بێنینە گۆڕێ کە بەڕاستی ئەم دوو هۆکارە ئەوەندەیان توانایی هەیە کە بە تەعبیری جەنابت ببنە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ئێراندا؟ یان دەبێ هەندێ هۆکاری تریش ئەم دوو هۆکارەی سەرەوە کاوێژ بکەن، وەک جووڵە سیاسی و بزووتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆی ئێراندا.

بە باوەڕی من پرسێکی گرینگتر لەم هۆکارانەی سەرەوەش لەگۆڕێ دایە، ئەویش ئەمەیە کە، ئەم هۆکارانەی کە دەبنە هۆی بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی وەک خاڵی بەهێزی ئەم حکوومەتە، دەبێ ئاوڕیان لێ بدرێتەوە. واتە ڕاستە ئەم دوو هۆکارەی سەرەوە لە ڕاستای نەمانی کۆماری ئیسلامیدا دەور دەگێڕن، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین خوێندنەوەیەکی دروستمان هەبێ بۆ هاوکێشەکە، دەبێ باس لە هۆکارە دیار و نادیارەکانی مانەوەی ئەم ڕێژیمەش بکەین. دیارە مەبەستم لە هۆکاری دیار ڕێک ئەو شتانەیە کە لەبەر چاومانن و دەیانبینین کە دەکرێ وەک لایەنی ڕەق ئامێری (بۆ وێنە توندوتیژی) ناوزەدیان بکەین. بەڵام ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم هەندێ هۆکاری نادیار، بەڵام یەکلاکەرەوەن بۆ مانەوەی ڕێژیم کە دەکرێ وەک لایەنی نەرم ئامێری لە قالبی پارادایمە تایبەتەکانی کۆماری ئیسلامی پێناسەیان بکەین.

**وەک چی؟**

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تایبەتی لەپاش مردنی خومەینی، سیاسەتەکانی لە سیاسەتێکی ڕووتی کوشتنی دژبەر و کپکردنی دەنگی جیاواز، بەرەو کۆنترۆڵێکی نابەرهەستی ڕەوانی کۆمەڵگەی ئێران برد (هەرچەند سیاسەتە ڕووتەکەشی وەلا نەنا). سیاسەتی کۆنترۆڵی ڕەوانی کۆمەڵگەشی بە کەلکوەرگرتنی کەرەسەیی لە ئایینزای شیعە لە نێوخۆدا بەڕێوەبرد و دواتر لەسەر ئەم بنەمایەش ڕێک ئەم کارەی کرد بە نیسبەت سووریە و عێراق و یەمەن و لوبنانەوە... کە لە جوغرافیای هیلالی شیعی هەڵکەوتوون.

ئەمەی چۆن کرد؟ کۆماری ئیسلامی بە خوێندنەوەیەکی تەواو ئایدۆلۆژیک و ئاکامخوازانە لە ئایینزای شیعە، دەکرێ بڵێین شیعەگەریی سیاسی بردە نێو هەموو کەلێن و قوژبنی ژیانی تاک و کۆمەڵی ئێرانەوە و بە ئاوڕدانەوە لە هەستی ئایینزایی خەڵک و عاتفەی مەزهەبیی ئەوان، دووانەیەکی ساز کرد بە ناوی «حوسێن - یەزید» کە لە هەموو قەیرانێکی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی دەبوو بە بەشێکی گرینگی قوتار بوون لە دۆخی قەیران.

لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێڕاقدا، سەدام دەبێتە سەدام یەزیدی کافر و لە کێشمەکێشمی نێوان ئەمریکا و ئێراندا بووش و ئۆباما و ترامپ دەبن بە یەزید و تەنانەت لەم دواییانە لە ئەدەبیاتی سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا، محەممەد بن سەلمان دەبێتە یەزید و لە بەرامبەر هەموو ئەوانەدا ڕێبەریی وڵات، _بە دیاری خامنەیی_ دەوری حوسێنی مەزلووم دەگێڕێ و لەم نێوەدا لە بۆنە ئایینییەکان و لەخۆدان و قورپێوانەکاندا، «هیات»ەکانی شیعە بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەرنامەداڕێژراو ئەرکی سەرشانیانە سیمای حوسێنی کوڕی عەلی لە ڕوخساری خامنەییدا پێشانی کۆمەڵانی خەڵکی ڕەشۆکی ئێران بدەن. دیارە سێناریۆی دووانەی «حوسێن - یەزید» مەبەستی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی وەک میراتگری حکوومەتی عەلی، ئیمامی یەکەمی شیعەکان و شۆڕشی حوسێنی کوڕی بە خەڵکی ئێران و جوغرافیای هیلالی شیعی بناسێنن، وەک باسم کرد ئەم ئەرکە بە تەواوی لە ئەستۆی «هیأت»ەکان و «مداح»ەکان دایە کە بە تەواوی بە شێوەیەکی سیاسی ئەم مەبەستە بەرەوپێش دەبەن.

بێگومان لەم نێوەدا دەسەڵات بە سازکردنی سێناریۆی جۆراوجۆر وەک سازکردنی کەشێک بۆ ڕەخنەی توند، تەنانەت بە قەولی خۆیان بەزاندنی هێڵی سوور و هێرش بۆ چەند بەرپرسێکی پلەباڵای حکوومەت بە جۆرێ «تخلیه روانی» کۆمەڵگەشیان لەبەرچاوە و ئەم چەشنە کارانەش لە ڕێگەی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی، ئیمامانی جومعە و ناوەندەکانی تری بەناو خێرخوازی و... دەکەن بەڵام کۆتاجار هەموویان بە شێوەیەکی هاوتەریب یاریدەدەری سێناریۆی «حوسێن - یەزید»ن. بێ هیچ شک و گومانێکیش لە ساتوسەودا لەگەڵ ڕیفۆرمخوازەکان و مامەڵە لەگەڵ باندی ئەحمەدی نەژادیش خافڵ نابن!

لە ڕاستیدا بە درێژایی مێژوو، ئەم چەمکە واتە دوانەی «حوسێن - یەزید» کەرەسەی بەردەستی ئاخوندی شیعە بووە بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵگەدا مەبەستەکانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ، تەنانەت تۆ کە سەیری حکوومەتی بەناو سێکۆلاری پەهلەوی دەکەی بۆت دەردەکەوێ ئەم چەمکە بە شێوەیەکی جیاوازتر لەنێو کۆمەڵگەدا لەبرەودا بووە. کە سەیری سینەمای بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران دەکەی و شەنوکەوی «فیلم فارسی» دەکەی بۆت دەردەکەوێ کە لەم سینەمایەدا کە بەڕواڵەت ڕەقس و سەمای ژنی ڕووت و عارەق خواردنەوە دوو تایبەتمەندیی سەرەکی فیلمەکانن، بەڵام دیسان دووانەی «حوسێن_یەزید» بە زەقی خۆی دەردەخا و، کارەکتێری سەرەکی فیلم لە ڕواڵەتی لاتێکدا بە دەروونی ئاخوندێک دەئاخڤێ. بۆیە دەکرێ فیلمی فارسی بە جۆرێ وەک یەکێ لە کاتالیزۆرەکانی شۆڕشی ئێرانیش لە قەڵەم بدەین.

خاڵێکی تر کە دیسان دەگەڕێتەوە سەر ئایینزای شیعە، چەمکێکە بە ناوی «تقیه». شیعە پێی وایە لە کاتی گوشاردا دەتوانێ تەنانەت حاشا لە موسڵمان بوونی خۆشی بکا! بۆیە دێنێ ئەم چەمکە دەکاتە چەکێک بۆ پاساوی هەر چەشنە فیعلێک کە تا دوێنێ حەرام بوو، بۆ ئەمەش ڕەنگ و بۆنێکی ئەورووپی پێ دەبەخشێ. بۆ وێنە لە شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا خومەینی باس لە «جامی ژار» دەکا و خامنەیی بە هۆی گوشارەکانی ئەمریکا باس لە «نرمش قهرمانانه» دەکا، ئەمانە هەمووی پاشگەزبوونەوە لە قسە و کردارەکانی ڕابردوویانە! دوور نەڕۆین ٣٠ی جۆزەردانی ڕابردوو خامنەیی بە توندی بە دژی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان هەڵوێست دەگرێ بەتایبەتی FATF، کەچی کاتێ دەبینێ شەپکە توندە، پاش سێ مانگ ڕێگە دەدا کە پارلەمانی کۆماری ئیسلامی، پەیوەست بوونی ئێران بەم کۆنڤانسیۆنە پەسند بکا!

**کەم نین ئەو دەنگانەی باس لە سازانی ئێران و ئەمریکا دەکەن. چەندە پێت وایە ئیمکانی سازان لەنێوان دوولایەندا هەیە و ئایا بە سازانی ژێربەژێری ئێران و ئەمریکا کۆماری ئیسلامی لەو قۆرتەش ڕزگاری دەبێ؟**

پێم خۆشە بۆ وڵامی ئەم پرسیارە چەند ڕستەیەکی مایکێل والْزێر، مامۆستای فەلسەفەی سیاسی لە ئەمریکا - هەر ئەو کەسەی بە توندی پشتگیریی لە کوردەکانی سووریە کرد بە دژی ئەردۆغان - بە قەرز وەرگرم. والْزێر دەڵێ: «ڕەنگە هەموو شت بۆ من سەرسوڕهێنەر بێ. ئێمەی مامۆستای زانکۆ و بیردۆز، تێگەیشتنمان بە نیسبەت جیهانەوە، تەواو نییە. ئەوانەی سەبارەت بە یەکیەتیی سۆڤییەت لێکۆڵینەوەیان دەکرد پێشبینیی ڕووخانی ئەم وڵاتەیان نەدەکرد، ئەوانەی سەرقاڵی جیهانی عەرەب بوون چاوەڕوانی بەهاری عەرەبیان نەدەکرد و تەنانەت چاوەڕوانیی شکستی ئەم بزووتنەوەیان نەدەکرد. من و هاوکارانیشم لەگەڵ دیاردەی دۆناڵد ترامپ خافڵگیر بووین. ئەمن وا بیر دەکەمەوە کۆی ئەمانە هێماگەلێکی هیوابەخشن کە سیاسەت ئێستاش ئەو شوێنەیە کە دەکرێ ئێمە لەوێ خافڵگیر بین، ئەگەرچی هەندێ لەم خافڵگیرییانە زۆر مەترسیدارن.»

لەسەر بنەمای ئەم قسانە دەمەوێ بڵێم بەڕاستی زەحمەتە پێشبینیکردن، بەتایبەتی خوێندنەوەی هەڵوێستەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی زۆر زەحمەتە. تۆ سەیری مێژووی چل ساڵی ڕابردوو بکە بزانە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە چەندە دوچاری پارادۆکس بوون لە قسە و لە کردەوەکانیاندا، لێرە قسەیەک لەوێ قسەیەک. پابەندی بە هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی و عورفی لە قسەکانیاندا بەدی ناکەی، ڕێبەری ئەم وڵاتە دەیگوت ئەگەر بێتوو شەڕ (شەڕی نێوان عێراق و ئێران) بیست ساڵیش درێژەی هەبێ ئێمە هەر ڕاوەستاوین کەچی دواجار دیتمان وا نەبوو. وەک پێشتر باسم کرد کولتووری شیعی لە دەسەڵاتی سیاسیدا هەندێ تەڵەکەی دەرباز بوونی بۆ ڕەچاو کردوون کە ڕۆژێ دەبێتە «جام زهر»ی خومەینی و هەندێ جار دەبێتە «نرمش قهرمانانه»ی خامنەیی. ئەم سیستمە بۆ قوتار بوون لەم دۆخە بە باوەڕی من دیسان مل ڕادەکێشێ بۆ ویستەکانی ئەمریکا، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانن نێوخۆش بەم قەناعەتە بگەیەنن ڕەنگە لە هەندێ دەستەواژەی وەک نەجاتی ئیسلام و ڕزگاریی خەڵک لە گوشارەکان بخەنە نێو زاروزمانانەوە، بۆیە پێم سەیر نییە ئەگەر ئەم سازانە ژێربەژێرە بەم شێوازەی باسم لێوەکرد لەسەر پرسی ناوکیی ئێران سەربگرێ. بەڵام وەک دەزانن کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێ کێشەی تری هەیە وەک: پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، مووشەکە بالستیکەکانی، پشتگیری لە تیرۆریزم، هەڕەشە لە ئیسرائیل، سازکردنی پشتێنەی ئەمنی واتە هیلالی شیعی و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی دراوسێ و... بۆیە بە لای منەوە دۆسیەی کۆماری ئیسلامی دۆسییەیەکی هەمیشەکراوەیە.

**ئەدی خەڵک و هێزی جەماوەر لەو نێوەدا چ دەورێک دەبینن؟ خەڵک لە کوێی هاوکێشەکەدان؟**

پرسیاری چاکە. لە ڕاستیدا خەڵک چەق و ناوەندی هاوکێشەکەن. چۆن؟ ئەوەی تا ئێستا خوێندنەوەی بۆ دەکرێ وەک باسم لێوە کرد، هیوادارییەکی کەم وێنەیە بۆ ئەوەی گوشارەکانی دەرەوە بەدیاری گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا ،کۆماری ئیسلامی بە چۆکدا بێنێ، بەڵام وەک باسم کرد سیاسەت ئەمرێکی قەتعی نییە، زۆر جاران دیومانە چاوەڕوانیی ئێمە بۆ پێشهاتێکی سیاسی لە سەداسەد جیاواز و دژوار بووە، بۆیە سەیر نییە کە لە دوارۆژدا ئەم هیوایە ببێتە بڵقی سەر ئاو، کەوا بوو پلانی جێگرەوە چییە؟ پلانی B چییە؟ بە ڕای من لەم دۆخەدا، تەنانەت پێشتریش، خەڵک و سەرجەم گەلانی ئێران تەنیا ڕێکاری ڕزگارکردنی ئەم وڵاتەن لەم زەلکاوە بۆیە پلانی A و B و C و... هەر خودی خەڵکن.

با بەرهەستتر بدوێم. لە دێسامبری ڕابردووە تا ئێستا زۆر هاوکێشەی لە نێوخۆدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، کە بە باوەڕی من گرینگترینیان گەڕانەوەی شەقام بوو بۆ خەڵک. خەڵک لە هەموو دنیادا خاوەنی شەقامن، شەقام گەورەترین هێزە بەرامبەر بە چواردیوارییەک کە خاوەن دەسەڵاتەکان خۆیانی تێدا حەشار دەدەن. کەوابوو لەمەو بەدوا ئیتر ترسەکە ڕژاوە و شەقام هی خەڵکە و هەر کات مەیلیان لەسەر بێ و ئیرادە بکەن دەتوانن بڕژێنە سەر شەقامەکان، ئەمە ڕێک ئەو دیاردەیە بوو کە چل ساڵە کۆماری ئیسلامی بە تەواوی توانایەوە حەولی بۆ دەدا نەیەتە دی و نەبێتە ئەمری واقیع، بۆ ئەم مەبەستەش لە هیچ چەشنە سەرکوت و

زیندان و گرتن و کوشتنێکیش درێغی نەکرد.
با نموونەیەک باس بکەین، خەڵکی کوردستان لە پاش مووشەکبارانەکەی قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە سێدارەدانی سێ گەنجی کورد، لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان بە مانگرتن و لەماڵ نەهاتنەدەر و ئەمجارەیان چۆڵکردنی شەقام لە قاڵبی نافەرمانی مەدەنیدا (کە ئەمەش جۆرێ دەسەڵاتی خەڵکە بە سەر شەقامدا) دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کش و مات دەکا و پلان و پیلانەکانی پووچەڵ دەکاتەوە! بۆیە بە ڕای من شەقام، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەمکێکی جیاوازە، بوونەوەرێکی زیندوو کە هەندێ جار بە قەرەباڵغی و هەندێ جار بە بێدەنگی، دەوری خۆی دەگێڕێ و ئێستا بۆتە چەکێکی بەهێز بە دەست کۆمەڵانی خەڵکەوە.

### بۆچوونێک هەیە کە دەڵێ خەڵک دەیانەوێ بژین و نەمرن، سووریە و یەمەن و عێراقیشیان بینیوە، ئەوەش پۆئەنێکە بە دەست دەسەڵاتەوە. ئێوە لەو بارەوە ڕاتان چییە؟

بە سووریەبوونی ئێران، ماوەیەکە لەلایەن ڕیفۆرمخوازانی ئێرانەوە هاتۆتەگۆڕێ. و لەڕاستیدا ئەمە جۆرێ هۆشداری تێدایە بۆ بەردەنگەکەی (لێرەدا خەڵکی ئێران) کە ئەگەر ئێران وەک سووریەی لێ بێ لە ئەگەری شەڕی نێوخۆییدا، خوێن سەران دەبا و با «دۆخی هەنووکەیی» بپارێزین. دەسەڵات بە شێوەیەکی سیستماتیک کار بۆ ئەمە دەکا، لابییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات، مۆرەکانی ڕێژیم لەسەر میدیا جۆربەجۆرەکان بەتایبەتی میدیا فارس زمانەکان و لەنێوخۆش ڕیفۆرمخوازەکان کار بۆ ئەم پرسە دەکەن.
ئەمە ئەوپەڕی بێ ئەخلاقی تاقمێکە کە دەیانەوێ خەڵکی ئێران لە ژێر ئەم هەموو زەخت و گوشارەدا بمێننەوە، بەڵام با حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لەجێی خۆی چرکە نەکا. باشە بۆ لەبری بە سووریەیی بوون باس لە پارادایمێکی دێموکراتیکی ڕۆژئاوایی ناکەن، بۆ وێنە ڕیفراندۆم و گشتپرسی، با بزانن خەڵک پاش چل ساڵ بە نیسبەت ئەم دەسەڵاتە چۆن بیر دەکاتەوە؟ ئەوان لەبری ئەوەی تۆپەکە بخەنە زەوەی دەسەڵاتەوە، خەڵکی داماو و لێقەوماوی ئێران دەکەنە بەردەنگ و داوایان لێ دەکەن دەنگتان لێ دەرنەیە با کۆماری ئیسلامی بەردەوام بێ. ئەو تەوژمەی بە هۆی گوشارەکانەوە خەریکی ساز بوونە، پێم وانییە سێناریۆی لەم جۆرە، دادی کۆماری ئیسلامی بدا.

### ئاستی بەرگەگرتنی خەڵک چەندە؟ ئایا حکوومەت دەتوانێ بە سەر هەموو قەیرانەکاندا زاڵ بێ؟ ئەو گەمەیانەی حکوومەت دەیکا تا کوێ بڕ دەکەن؟

دیارە حکوومەت نەیتوانیوە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بە سەر قەیرانەکاندا زاڵ بێ، بەڵکوو بەردەوام حەولی داوە ڕواڵەت و ڕوخساری کێشەکان داپۆشێ و بەدووی چارەسەرکردنی گرفتەکان نەبووە. هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا، ستراتیژیی سەرەکیی ئەم وڵاتە بۆ نێوخۆ و دەرەوە لەسەر بنەمای بەراوەژوو نیشاندانی واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی خۆی بووە لەسەرجەم بوارەکاندا و بەجۆرێ حەولی داوە سیمای ڕاستەقینەی خۆی بشارێتەوە و بەپێچەوانەی حەقیقەتەکان خۆی بنوێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر بنەمایەکی پاڕانۆیدی بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان و بەلاڕێدابردنیان، لە زۆر تاکتیکی سەیروسەمەرە کەڵکی وەرگرتووە، بۆ وێنە ئەم دەستەواژانە بەردەوام لە گوتاری سیاسیی ئەو دەوڵەتەدا بەدی دەکرێن: پیلان، دوژمن، تەماح، سیخوڕی، نفووز، خیانەت، هەڕەشەی دەرەکی، دەستی پشت پەردە و... ئەم پاڕانۆیدەش دواجار بووەتە هۆی ئەوەی کە بە یەکجاری بەر بە پلۆرالیسمی سیاسی لەم وڵاتەدا بگیرێ.
ئاماری ناوەندە لێکۆڵینەوەییە باوەڕپێکراوە نێونەتەوەییەکان گوزارە لە دۆخی کارەساتباری ئێران دەکەن، بەڵام لە ڕاگەیاندن و میدیاکانی کۆماری ئیسلامیدا باس ناکرێن. دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بە دانی داتای هەڵە بە خەڵک حەولی ئەوەیان دەدا کە ئێران وەک بەهەشتی مەوعوود نیشان بدەن، بەڵا ئیتر ئەم کایانە دادیان نادا، زگ بە نان تێر دەبێ نەک بە قسە! بۆیە بە بۆچوونی من وەک باسم کرد دواجار خەڵکی وەزاڵەهاتوون کە هاوکێشەکە دەگۆڕن، کێرد گەیوەتە ئێسقان.
ئێران ئەو وڵاتە نییە کە خۆی باسی خۆی دەکا، ئێران لە هەموو بوارەکاندا تووشی داڕمان و هەرەسهێنان بووە و هیچ وڵاتێک لە دنیادا بێگومان شک نابەی کە وەک ئێران قەیرانی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی بەرۆکی گرتبێ، ئێران ئەو دارەیە کە لە نێوخۆیدا کرمۆڵ بووە و هاکا ئەمڕۆ و هاکا سبەی کەوتە عەرز.

### هەست ناکەن نارەزایەتییەکان لە کوردستان جۆرێکی دیکەن؟ لە پاشترن. بێدەنگترن. ئایا ئەمە هۆکارێکی تایبەتیی هەیە؟

ڕاستە... لە جەوهەری خۆیاندا نارەزایەتییەکان لە کوردستان جیاوازییان هەیە لەگەڵ خواستەکانی خەڵکی ناوەندی ئێران و شارە گەورە فارس نشینەکان. بەڵام لەباری ویستە نەتەوەییەکان، لەگەڵ نەتەوەکانی تری ئێرانی وەک عەرەب و بەلووچ و ئازەری خاڵی هاوبەشمان وەک پێناسەی نەتەوایەتی هەیە، هەرچەند لەم بارەشەوە ئێمە وەک کورد بە حوکمی مێژوویەکی کۆنتر و بوونی ڕێکخراوەی سیاسی لە نێزیک بە سەد ساڵی ڕابردوودا، لەگەڵ ئەوانیش جیاوازین، من ئەو جیاوازییە وەک چەمکی «وشیاری نەتەوەیی» سەیر دەکەم، کە بە بەراوەرد لەگەڵ نەتەوەکانی تر بۆ پێکگرتن نابێ!
نا، ڕێک بەپێچەوانەوە، تۆ لە کوێی ئێرانت دیوە، مانگرتنی سەراسەریی وەک ٢١ی خەرمانان بەڕێوەبچێ؟ تەنانەت کوردستان دەکرێ وەک پێشەنگی خەباتی مەدەنی سەیر بکرێ، هەر لە پاش مانگرتنە سەراسەرییەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی شارەکانی تری ئێران لە ١٦ی ڕەزبەر دووکان و بازاڕیان داخست.

### خۆتان پێتان وایە ئێستاش سەرەکیترین پرسی خەڵک لە کوردستان شوناسخوازی بێ؟

بێگومان پرسی کورد هەرچەند ڕەنگە لە هەندێ شوێن لەگەڵ ویست و داخوازیی خەڵکی ئێران وێکچوونی هەبێ بەتایبەتی لەباری مافە شارۆمەندییەکان و باری گوزەرانی ژیان و ئابوورییەوە، بەڵام پرسی کورد، پرسێکی شوناسخوازانەیە. ئەو تێڕوانینەش کە ویست و پرسی کورد تا ئاستی کۆمەڵێ داخوازی ئابووری دادەبەزێنێ، گیرۆدە و ئەسیری ماوەیەکی سنووردار بووە. واتە ڕاستە کوردیش وەک خەڵکی تر لە ژێر زەخت و گوشاری ئابووری دایە، بەڵام مێژووی گەلی کورد و مێژووی خەباتی ئەم گەلە بەتایبەتی لە سەد ساڵی ڕابردوودا، نیشانی داوە کە پرسی کورد پرسێکی سیاسی بووە و تەنانەت پرسێکی فەلسەفیی گرێدراوی بوون و نەبوون و خەبات بە دژی حاشاکردن لەم گەلە.
با بە نموونەیەک باسەکەم بەرهەستتر و ئیمڕۆیی تر بکەم، تۆ کچێکی کوردی پێشمەرگەی، وایە؟ ئایا ویستەکانی تۆ لەگەڵ بۆ وێنە ژنێکی فارس یەکە؟
بۆ وێنە ژنی ئێرانی دێنێ بە هەموو هێز و توانای خۆی پرۆژەی چوارشەممەی سپی وەڕێ دەخا - لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەم حەرەکەتەیان - بەڵام تۆ گیانت لەسەر بەری دەستت داناوە و ئەویش لێچکەیەکی سپی بە قوڵەدارێکەوە کردووە، بۆیە من لام وایە ویستەکان جیاوازن، مێژوو وا دەڵێ!

### ئەگەر گۆڕانکارییەکان بەلای بەرەوڕووبوونەوەی گرژ، یان سەرهەڵدانی جەماوەریدا بشکێتەوە، کوردستان بەپێی پاشخانی خەباتی مافخوازانە و هەروەها سروشتی ویست و داواکانی لە چ پێگەیەکدا جێ دەگرێ؟

دیارە کورد بە نیسبەت نەتەوەکانی تر و ڕێکخراوەکانی تری ئێرانی خاوەنی مێژوویەکی لەمێژینەتر و لەباری ئۆرگانیزاسیۆنیشەوە زۆر لە پێشترە. بەڵام ئەوە بە تەنیا کیفایەت دەکا؟ لە مەیدانی پراکتیک و کردەوەدا کورد لە کوێ ڕاوەستاوە؟ ئایا خاوەنی گوتارێکی دیاریکراوە بەرامبەر بە «ئەوی تر»؟ ئایا بەرەیەک دەبینی؟ ئەم حەولە تاکوتەرا و پەرش و بڵاوانەی حیزب و لایەنەکان تا کوێ بڕ دەکا؟ زۆر جاران بیستوومانە زلهێزێکی وەک ئەمریکا بە کوردی پەراکەندەی ڕۆژهەڵاتی دەڵێ: بە یەک ڕوانگە و یەک بەرە وەرنە پێش. کارەساتەکە لەوەدایە لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش هەر وامان پێ دەڵێ و بانگهێشتنی کورد دەکا بۆ یەکڕیزی! وەک خۆم گەشبین نیم، لانیکەم لەسەر بنەمای ئەم دۆخەی ئێستای حیزبەکان تێیدان!

### پێتان وایە لەلایەن بژاردەکانی کۆمەڵگە، لە لایەن حیزب و ڕێکخراوەکانەوە ئامادەکاریی پێویست بۆ ئەم قۆناغە کرابێ؟

نا، بە هیچ کلۆجێک. چون لە ڕاستیدا «کەلێن»مان زۆرە، کەلێن بەمانا کۆمەڵناسییەکەی. وەک: کەلێنە چینایەتییەکان، کەلێنە حیزبییەکان، کەلێنە ئایینی و مەزهەبییەکان، کەلێنە جێندەرییەکان، کەلێنە جیلییەکان و... کۆی ئەم کەلێنانە دواجار لەسەر ڕەفتاری سیاسیی کۆمەڵگە شوێندانەر دەبن و کەلێنە سیاسییەکان بەرفراوانتر دەکەن و دەبنە ڕێگر لەبەردەم سازبوونی گوتارێکی هاوبەش.
ئەم کەلێنانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساتەوەختی ئێستادا زیاتر لە هەموو کاتێک بەدی دەکرێن تەنانەت زۆر جاران دەگاتە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی مەترسیدار بۆ داهاتوو. بۆیە دەبێ میکانیزمگەلێک بدۆزرێتەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانە، ڕەنگە بۆ ئەم مەبەستەش وەک خۆشت باست کرد ڕێنیشاندەری بژاردەکانی کۆمەڵگە (Elite-directing) باشترین میکانیزم بێ لەم زرووفە زەمەنییەدا.
بژاردەکان وەک «کارگێڕانی گۆڕان» پێناسە دەکرێن کە توانایەکی شوێندانەریان هەیە بۆ ئەوەی ڕووداوەکان بۆ لایەکی تایبەت و دیاریکراو بەرن یان تەنانەت بەر بە ڕوودانی پێشهاتێک بگرن، دیارە مەرج نییە ئەم بژاردانە تەنیا و تەنیا سەرکردەی سیاسیی حیزبێک بن، ڕێک بە پێچەوانەوە بەپێی بارودۆخی ڕۆژهەڵات ئەوە نووسەران، هونەرمەندان، چالاکڤانانی مەدەنی، ڕۆژنامەوانان و ئەدیبانن کە دەتوانن کەلێنەکان پڕبکەنەوە و هاوتەرییبیەکی سیاسی بۆ سازدانی گوتارێکی هاوبەش سازدەن.
کێشەیەک کە لێرەدا خۆی دەردەخا، ئەوەیە کە خودی بژاردەکان لە نێوخۆ و لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات کەلێنێکی مەعریفەیی و ئانتۆلۆژیکیان هەیە، «شێوەڕوانین»یان بۆ پرسەکان لێک دوورە و ڕەنگە ئەمە گەورەترین مەترسی بێ بۆ سەر دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی. کەوابوو بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوخۆ و دەرەوە وەک یەکەم هەنگاو پێویستە ڕەخنەیەکی نێوگوتاری لە هەردوولا ساز بێ، خەسارناسی بکرێ، خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان دەستنیشان بکرێن و دواجار ئەم دوو هێڵە لە دۆخی هاوتەریبی بێنەدەر و لە پنتێکرا یەکبگرنەوە و ئەم پنتە ببێتە سەرەتای خاڵگۆڕانێک بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانەی باسمان لێوەکردن.

### کورد ئەزموونی ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ٥٧ی هەیە، پێتان وانییە سووڕێکی باتڵی دیکە چاوەڕوانیی کورد دەکا؟

من لەگەڵ ئەو پێشداوەرییەدا نیم، ڕاستە لێکدابڕان و لێکترازاویی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و نەبوونی گوتارێکی هاوبەش خەسارێکی گەورەیە، بەڵام لەبیرمان نەچێ هێزی سەرەکی کورد، کۆمەڵانی خەڵکە لە نێوخۆ. بەخۆشییەوە خەڵکی ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە لە حیزبەکانمان و لە کوردی دیاسپۆرا، بەرپرسانەتر و ڕەنگە زۆر جار وردبینانەتر هەڵسوکەوت بکەن.
بۆیە ڕۆژهەڵات بۆخۆی، بە دوور لە غەڵبەغەڵب و زەنازەنا و پەرتەوازەیی حیزبەکان، خەریکی تەقەڵ و درووومانی ناسیۆنالیزم و پێکەوەلکاندنی ئەم چەمکەیە لە نێوخۆ و لە پارچەکانی دیکەش.
مەبەستم لە پێکەوەلکاوی ئەوەیە کە ئەگەر سەیری بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەی لە ڕوانگەیەکی خەسارناسانەوە، وەک پێشتر باسم کرد دەبینین بەردەوام لەگەڵ گرفتێک بەناوی «کەلێن» بەرەوڕوو بووە کە دایمە لەمپەر بووە لەسەر ڕێی پێکەوەلکاویی ناسیۆنالیزمی. بەڵام وێدەچێ هەم حزووری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر شەقامەکان و هەم چۆڵکردنی شەقامەکان، خەریکە کەلێنە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵات داپۆشێ و، لەڕاستیدا ئەو پێکەوەلکاوییە ناسیۆنالیزمییەی باسم لێوە کرد، زۆر بە ڕاشکاوی لەم ساتەوەختەی ئێستادا هەستی پێدەکرێ، هەم بە ڕەهەندە نێوخۆییەکەیدا، هەم لە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش. ئێزن بدە با باسەکە بکەینەوە:
سەبارەت بە ڕەهەندە نێوخۆییەکە، ڕەنگە باس لە دوایین نموونەکان بتوانێ بەرچاوڕوونییەکی زیاترمان بداتێ:
یەکەم: هەرەوەزی نەتەوەیی بۆ کارەساتی بومەلەرزەی کرماشان و خوێندنەوەی وردی ئەم هەرەوەزە و لێکدانەوەی سەرجەم دال و نیشانەکانی سەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵات، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە باکووری ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات وەک دوو جەمسەری کوردی سوننەمەزەب و کوردی شیعەمەزەب و یارسان لێک گرێ دراون، ئیرادەی گەل لە سەرووی خواستی دەسەڵاتی حاکم بە شێوەیەکی دژکردەوەیی، هاوتەریبە لەگەڵ تاک و کۆمەڵی کوردەواری. بە واتایەکی دی، ئەو بارهەڵگرانەی کەلوپەلی پێویستیان بۆ ناوچە بومەلەرزەلێدراوەکان دەگواستەوە، لەگەڵ بڕینی تاک بە تاکی سنووری نێوان شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەڕاستیدا تەقەڵ و درووومانی لێکترازانی مێژوویی شار و ناوچەکان بوو. ئەمە واتە بە دەروونی کردنەوەی چەمکی نەتەوەخوازی لە نێوخۆدا.
دووەم: نەهاتنەدەرێی خەڵک لە ماڵەکانیان لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان جۆرێ لە هاوپەیوەندیی نێوان سێکوچکەکەی خەباتی سازکرد، هەشتەگی #من_لەماڵ_نایەمەدەر لە سۆشیال میدیا هەموو کەلێن و قوژبنەکانی تەنی و لە ماوەی سێ چوار ڕۆژدا زەینی نێوخۆی بەتەواوی ئامادە کرد بۆ دژکردەوەیەکی بەربڵاو! چالاکانی سیاسی و مەدەنی نێوخۆ، بانگەوازی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە ژێر چەتری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و سەرئەنجام خواستی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چالاکانی سیاسی لە دەرەوە، بە یەک گوتار بەرەنگاری مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی بوونەوە. ئەوان بە هەشتەگ چوونە شەڕی مووشەک! لێرەشدا واتە لە دنیای مەجازیدا، پێکەوەلکاویی ناسیۆنالیزمی بەڕوونی خۆی دەردەخا.
بۆیە من لاموایە دۆخی ئێستا لەگەڵ دۆخی چل ساڵ لەمەوبەر زۆر جیاوازە، هەرچەند هەست بە جۆرێ دڵەڕاوکێش دەکەم. بۆیە دەبێ سێکوچکەکەی خەبات بەیەکەوە بەر بە مەترسی هەندێ ڕووداوی تاڵ بگرن کە بەداخەوە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران بەرۆکیان گرتین.

### ئەوەی نەکراوە و دەبێ لە ئێستادا بکرێ چین وە کێ دەبێ بیانکا؟

ڕەنگە بە تەنیا خودی ئەم پرسیارە هەڵگری وڵامێکی ئەوەندە تێروتەسەل بێ کە لە چوارچێوەی وتووێژێکی ڕۆژنامەییدا نەگونجێ. بەڵام بە کورتی و لە ڕوانگەیەکی خەسارناسانەوە دەبێ بڵێم کە کۆمەڵگەی ئێمە، کۆمەڵگەیەکی «پرسیارکوژە» و دەمێک ساڵە وشەی «بۆ»ی بۆ گۆ ناکرێ! ئەو دەگمەن کەسانەی کە ئەم «بۆ»یەش دەدرکێنن، دەکەونە بەر شاڵاوی هێرشی نارەوای عەقڵییەتی خێڵەکی و عەشیرەیی کە خۆی پێی وایە سیستەمە (لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی ئێمە پێکهاتووە لە کۆمەڵێ خێڵ و عەشیرە، بە ڕواڵەتێکی مۆدێرن بەڵام بە عەقڵییەتێکی سنووورداری بەرژەوەندیخواز. جا ئەم بەرژەوەندییە بۆ خێڵ و تایفەی خۆت بێ، بۆ حیزب و ڕێکخراوەی خۆت بێ یان هەر گرووپێکی بچووک وەک پاژێکی کۆمەڵگە. ئەم پاژانەی کۆمەڵگە مادام پێکەوەلکاوییان لەنێودا ساز نەبێ نابن بە نەتەوە).
[قۆناغی یەکەم: پێویستی دەرباز بوون و تێپەڕین لە قۆناغی خێڵەکی، بەرەوە قۆناغی نەتەوەسازی]
ئەمە کارەساتێکە کە ڕەنگە لە ئێستادا کەمتر هەستی پێبکەین، بەڵام لە دواڕۆژدا دەبێتە سەرەتای ساز بوونی کۆمەڵگەیەکی داخراو. کۆمەڵگایەک کە ئیتر «توانایی و داهێنان و ڕووحی ڕەخنەگرانە» بەهەند وەرناگرێ و بە هەموو پێکهاتە و سیستەمەکانییەوە، تەنانەت ئێزنی دەربڕینی بیروڕای جیاوازیشت لە قالبی ڕەخنەدا پێ نادا و زۆر جاران بە پاساوی، ئەوەی تۆ دەیڵێی ڕەخنە نییە، حەول دەدا دەمکوتت کا.
[قۆناغی دووەم: پێویستی سازدانی جەرەیانێکی ڕۆشنبیری ڕەخنەگری سەربەخۆ]
واتە ئیدی ئەم کۆمەڵگایە، نەک لە چینی خاوەن قابلییەت و توانایی و داهێنان ناگەڕێ، بەڵکوو پرسیارەکانیشیان دەکوژێ، نموونەی مێژوویی زۆرن. لە هەر شوێنێ پرسیاریان کوشت لە ڕاستیدا ڕووحی ڕەخنەگرانەیان کوشتووە و لە دۆخێکی وەهادا بە تەعبیری پۆپێر بەرەو کۆمەڵگایەکی داخراو دەچین و هێدی هێدی فاشیزم سەرهەڵدەدا!
[قۆناغی سێهەم: حەول بۆ سازکردنی کۆمەڵگەیەکی کراوە بە هەموو تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی وەک ئازادی و دێموکراسی]
بە گشتی لە هەموو ڕوویەکەوە کار زۆر بە کەمی کراوە، بەتایبەتی حیزبەکان. هەم لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە و هەم لە ڕووی فکرییەوە، تەنانەت هەندێ جار تووشی پارادۆکس لە سیاسەتەکانیاندا دەبن! هەڵبەت ڕووناکبیران و نووسەرانیشمانی لێ زیاد کە. ئەوەی ئەمڕۆ دەدیترێ ئەوەیە کە ئێمە وەک کورد خاوەنی پلان و ستراتیژییەکی تۆکمە نین، تەنانەت تاکتیکی کورتماوەشمان نییە.
ئایا کۆمەڵگە و بزووتنەوەکەمان خەسارناسی کردووە؟ ئایا خاڵە بەهێز و لاوازەکانمان دەسنیشان کردووە؟ ئایا دەزانین هەڕەشە و دەرفەتەکان چین؟ چەند ئاگاداری دۆخی ناوخۆین و کەلێنەکان چۆناوچۆن پێناسە دەکەین؟ ئایا حەولی سازدانی گوتارێکی هاوبەشی نەتەوەیی دراوە؟
بەبێ پاشخانێکی فکری و تیۆریک لە مەیدانی پراکتیک و کردەوەدا تووشی هەڵەی کوشندە دەبین بۆیە بەبێ نوێژەن کردنەوەی لایەنی فکری و لایەنی ڕێکخراوەیی سێکوچکەی خەبات، هەرچی بکرێ خولانەوە لە بازنە دایە!

***

## سەردانی شاندێکی حیزب لە مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان



ڕۆژی پێنجشەممە، ١٩ی ڕەزبەر شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بە سەرپەرستیی فارووق جەمیل، بەرپرسی نوێنەرایەتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە باشووری کوردستان سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزب بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.
شاندی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بە ئاماژە بە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و بەردەوامیی سیاسەتی دەستدرێژیکەرانە و دەستێوەردەرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پێویستیی یەکڕیزیی هەمەلایەنەی هێزە سیاسییەکانی بە برگەی هەرە گرینگی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێژیم دانا.
دوولایەن لە درێژەی باسەکانی ئەم دیدارەدا لەسەر پرسی زەروورەتی چەترێکی گشتی کە بتوانێ هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە چواربەشی کوردستان لە خۆیدا کۆ بکاتەوە و گرێبەستێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی لێ بکەوێتەوە؛ ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد و ڕەهەندی نەزەری و کردەییەکانی ئەو مژارەیان تاوتوێ کرد.

## سەردانی شاندێکی حیزب لە مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان



ڕۆژی ٢٢ی ڕەزبەر هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان لە هەولێریان کرد، و لەلایان شاندی خانەخوێ بە سەرپەرستیی دوکتور شاخەوان خالید، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی پێشوازییان لێ کرا.
لەو چاوپێکەوتنەدا باس و بابەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پرسی کورد بەگشتی هاتە بەرباس و تاوتوێ کران و، باسێکی تایبەت بە سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکردنی سەروەری خاکی هەرێمی کوردستان و ڕەفتارە دژە مرۆییەکانی و، هەروەها مەحکوومکردنی لە لایان کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان خرایە بەر باس.

## سەردانی شاندێکی HDP لە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر



ڕۆژی سێشەممە، ١٧ی ڕەزبەر شاندێکی نوێنەرایەتیی HDP پێکهاتوو لە خاتوو مزەیەن گونەش و بەڕێز عابد ئێکە سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن هەیئەتی حیزب بە سەرپەرستیی خالید وەنەوشە، نوێنەری حیزب لە هەولێر پێشوازییان لێ کرا.
لەم دانیشتنەدا چەند بابەتێکی تایبەت بە پرسی کورد لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی ناوچە خرانە بەرباس و تاوتوێی لێکەوتەکانی هێرشە مووشەکییەکەی ١٧ی خەرمانان کرا. هەڵسەنگاندنی بارودۆخی حیزبەکان و پێویستیی یەکڕیزیی هەموو لایەنە سیاسییەکان بۆ ڕێگرتن لە سەرکەوتنی پیلانی دوژمنانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان چەند تەوەرێکی دیکەی ئەم دیدارە بوون.

## سەردانی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا لە پارلمانی ئەو وڵاتە



ڕۆژی سێشەممە، ١٧ی ڕەزبەر کاک مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا دیدار و چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ فابین هەمیلتۆن، ئەندامی پارلمانی بریتانیا (وەزیری ئاشتی و چەک داماڵین لە دەسەلاتی سێبەر) لە حکوومەتی بریتانیا پێک هێنا.
لەم دانیشتنەدا نوێنەری حیزب سەرەتا باسێکی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا بەتایبەت عێراق و چەندین کردەوەی تێرۆرسیتیی ئەم ڕێژیمە لە ساڵانی ڕابردوو دژ بە حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد. تەوەرێکی دیکەی دانیشتنەکە تەرخان کرا بۆ باس لە کۆڵبەران و پێشلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان، کە لەو بەشەشدا بەڕێز سوارە ئاماژەی بە تازەترین ئامارەکان لەو پێوەندییەدا کرد.
لەو دیدارەدا بەڕێز فابین هەمیلتۆن پەرۆشی خۆی لە کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی تاران بە تایبەتی هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵای دێموکرات دەربڕی و بەڵێنی دا کە ئەو باسانە لەگەڵ شوێنە پیوەندیدارەکان و بەتایبەت وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بێنیتە بەرباس.

# دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دیکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

## بەسەرهاتی گیرانم (بەشی ١)


عومەر شاداب

ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە گوندی بابخالاوایێ شنۆ لە دایک بووم. ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی گیرام. سزای زیندانی تاهەتاییم بەسەردا سەپا و ماوەی ٦ ساڵ لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا بەند کرام. ئەوەی دەینووسمەوە بە کورتی باسێکە لەو بەسەرهاتە.

ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی بوو. هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ئێمە لە ناوچەی شنۆ بووین. ئەو ڕۆژە چوارشەممە و ٥ی خەزەڵوەر بوو. شەهید برایم باشوو کە بۆ کاری شەخسیی خۆی هاتبۆوە ناوچە، داوای لێکردم کە لەگەڵی بچم بۆ سەردانی برادەرێکی لە کوێستانەکانی سامرەندان و ئیشکەشیو. بۆ شەوەکەی چووینە گوندی قەڵاتیانێ و بەیانییەکەی وەڕێ کەوتین. گەیشتینە زار دۆڵی ئیشکەشیوێ. هێشتا هەتاو هەڵ نەهاتبوو لە بڵیندایی گردی بەرازان تەقەمان لێ کرا. ئەو هێزەی لێمان ڕاسابوو، هێزێکی کوردیی باشووری کوردستان بوو. ئێمەش کەوتینە خۆ کە سەنگەر بگرین، بەڵام لە لایەکیتریش دەستڕێژمان کرایە سەر، ناچار بووین بکەوینە دیفاع و خۆپاراستن، کە کەوتینە دەشتاییەکی کەم کە خۆ بگەیەنینە شوێنێک بە ناوی دۆڵ هەنگوین کە تاکە ڕێگا بوو بتوانین لێی لە گەمارۆ دەرچین. گەیشتینێ، بەڵام شەهید برایم باشوویان پێکا. من نەمهەویست برایم بە برینداری بە جێ بێڵم و لە نیزیکی ئەو سەنگەرم گرت. دوای ماوەیەک تەقە و شەڕ شەهید برایم هەرای کرد: «عومەر پێیان بڵێ بە شەرتێک تەحویلی پاسدارانمان نەدەنەوە تەسلیمیان دەبین.» پێشمەرگەکانی ئەو هێزە کوردییەش قەولیان دا و هاتن بردیانین بۆ لای بەرپرسەکانیان. بەڵام بەداخەوە بەڵێنەکەیان نەبردە سەر و هەر ئەو ڕۆژە برایمیان ڕادەستی سپای پاسداران کرد و ئەمنیشیان دوای دوو ڕۆژ هەر بەو دەردە برد. بەمجۆرە ڕادەستی ئیتلاعاتی ورمێ کرام. چاوم بەسترابوو، گوێم لێبوو بە یەکێکیان گوت :یک لقمەی چاق و چلە براتون آوردەام.» چاویان کردمەوە. گوتی من قاسمیم پێ دەڵێن و بەرپرسی پێشووی ئیتلاعاتی شنۆیەم. دێن پرسیارت لێ دەکەن، دڵنیابە هەموو شتێک دەزانین دەمانهەوێ بزانین تۆ دەڵێی چی.

بردیانمە سلولی تاکەکەسیی ژمارە ١٠. ژوورێکی دوو بە یەک بوو. دوو سێ پەتووی ڕەشی سەربازیی لێ داندرابوو، هەتا بڵێی پڕ لە ئەسپێ. هەر لە دوانیوەڕۆی ئەم ڕۆژەوە بازجوویی دەستی پێکرد. کاغەزیان خستە بەردەمم و گوتیان هەرچی دەیزانی بینووسە. بازجووەکەم شەوێ هاتەوە و دیتی ٧ خەتم نووسیوە. تووڕە بوو: «اینا واسە عمەت خوبە.» ئیدی وابوو کە ئەشکەنجە دەستی پێکرد. بۆ دوو شەو و ڕۆژان لێیان نەدام، بەڵام هەر نیو سەعات دەخەوتم و دوو سەعات دەیانبردم بۆ پرسیارلێکردن. شەوێک لێم گەڕان بخەوم . بەیانی لای قاوڵتوون بردیانمە ژوورێکی و لە سەر سەندەڵییەک دایاننام. دەنگی قاسمی دەنگی هات: «حاجی آغا اینە فقط و فقط نمیدونم بلدە.» کابراش گوتی: «مشکلی نیست الان بە حرفش میاریم.» دەستووری دا چاویان کردمەوە. دیتم مەلایەکی زەبەلاح دانیشتبوو و گوتی من حاکمی شەرعم و ناوم «ئیمامی»یە. گوتی: بۆ زانیارییەکانت نادەی! ئێمە بۆ ئیسلام خەبات دەکەین و دوژمنانی خوا هەموویان لە نێو دەبەین. منیش گوتم ئەوەی زانیومە پێم گوتوون. قورئانێک لە بەردەمی داندرابوو، گوتی ئەگەر هەرچی بکەن ئەو کوردستانە دەکەین بە باڕووت و دەیتەقێنینەوە. منیش قورئانەکەم هەڵ گرت و گوتم بەو قورئانەی ئەوەی ئەوان لێم دەپرسن نایانزانم. قورئانەکە کەوتە خوارێ و لێک بڵاو بوو... ئیدی بڕیاری دا لە تەختم ببەستن گوتی ٣٩ قامچیی لێ بدەن ئەگەر لە نیوەشدا گوتی دەیڵێم بیکەنەوە. بەستیانم و ٣٩ کابڵیان لە بەری پێم دا، زۆر بە ئازار بوو، هیچم نەگوت. دەستووری دا بمکەنەوە. کردیانمەوە و بە کورتی بەو دەستوور و فەرمانەی لە ماوەی حەوتوویەکدا ١٥_١٦ جار ئەو ٣٩ قامچییەم پێ دەبڕا... هەر پێش ئەوەی بگیرێم قژم زۆر بوو. شەوێکیان لە نیوەشەوێدا سەریان لوول دام و نازانم سیم بوو چ بوو بەوەیانەوە بەستم و هەڵیان واسیم. تا بەیانی تەنیا پەنجەم لەسەر زەوی بوو. لای بەیانی بوو کردیانمەوە و لەبەر بێهێزییان کەوتمە خوارێ و هەتا دەور و بەری نیوەڕۆ هەر لەوێ کەوتبووم. لای نیوەڕۆ خواردنیان لە بەر دەم دانا، بەڵام نەمدەتوانی بیخۆم. ئیدی بڕستم لێ بڕابوو. بڕیارم دا خۆم بکوژم و کۆتایی پێبێ. بۆ ئەو مەبەستە لامپی بەرقی کە شۆڕ ببۆوە هێنامە خوارێ و لە لامپەکەیم پچڕی و لە خۆم بەست. بەداخەوە نەیکوشتم و فیوز فڕێی دابوو... شەوێکی دیکەیان بردیانمە ژووری بازجوویی و گوتیان زانیارییەکانت نەدەی ئیعدامت دەکەین. دوای پرسیارگەلێکی زۆر، بردیانم بۆ دەرەوە وەڵ بڵێی دەمبەن ئیعدامم دەکەن. بۆ ترساندنم تەقەیان لێ کردم. بە دەنگەکەی زانیم فیشەکی مەشقین. ئەوانیش گوتیان هێشتا ئەجەلت نەهاتووە...! کاک «سۆفی ئەحمەد»یان لە بەندی گشتی هێنابۆوە ئیتلاعات و پێیان گوتبوو عومەر قسەی لە سەر تۆ کردووە و بە منیشیان دەگوت سۆفی قسەی لە سەر تۆ کردووە. لە دیوێک ئەویان شکەنجە دەکرد و لە دیوێکیتر من، ئەگەر سۆفییان هێنایە ئەشکەنجەگاکەی من لاقی خوێنیان لێ دەهات و ڕیشیان هێندە کێشابوو دەمو چاویان بریندار کردبوو. پاشان دەرکەوت درۆیان لەگەڵ هەر دووکمان کردبوو.

ڕۆژێکی بەهاری ١٣٦٢ منیان بردە لای کابرایەک. خۆی پێ ناساندم. شەهید کەماڵ دەباغی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بوو. دەگەڵ ئەو بردیانین بۆ تاران بۆ زیندانی ئێوین. ٢٦ ڕۆژ لە کۆریدووری بینایەکدا مابووینەوە بە چاوبەستراوی و بە بێ پەتوو. لە سلوولی ڕەدیفی ١٠ی بەندی ٢٠٩ تان هاویشتین. بە منەوە بووین بە پێنج کەس. شەهید کەماڵ دەباغی، دوکتۆر محەممەد مەلەکی، کەسێک کە بە ئینتزاریون ناویان دەبرد و یەکێک لە جێگر یان ڕاوێژکارەکانی بەنی سەدر بوو لەگەڵ کوڕێکی ئەندامی حیزبی موجاهیدین. داوایان لە من دەکرد تەشکیلاتی حیزبیان لە تاران پێ بڵێم. ئەمنیش دەمگوت کەس ناناسم و هەر بەڕاستیش کەسم نەدەناسی. بەڵام هەر لەسەر ئەوە ئەشکەنجەیەکی زۆریان کردم. دیمەنی خەڵکی ئەشکەنجەکراوی دیکەیان پیشان دەدام بۆ ئەوەی ورە بەردەم. دەنگی قیژە و هاواری زیندانییەکان کە ئەشکەنجە دەکران گوێی کەڕ دەکرد. شەوێک بردیانم بۆ ژێر زەمین و دەستیان لە پشتەوە (قەپانچەلە) بەستم و بۆ سەعات و نیوێک هەڵیان واسیم، ئەوەندە بە ژان بوو کە دوایە و بۆ زیاتر لە ٥ مانگتش باسکم هەر سڕ بوو و کاری نەدەکرد. شەهید کەماڵ دەباغی بەهۆی ئەشکەنجە و لێدان قامکی چووکەی لاقی شکابوو و زیندانبانەکانیش گوێیان نەدەدایە. وابوو قامکی ڕزی و ڕۆژێک دەری هێنا و لە ئاشغاڵدانی هاویشت. ئەوکات کاک کەماڵ ١٦ مانگ بوو دەرێ و ئەمنیش ٨ مانگ بوو هەتاومان نەدیتبوو. شەهید کەماڵ ددانەکانی بە پووکەوە دەڵەقین و جار و بار خوێنیشی لێ دەهات.

# نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی و ناتەبایی لەگەڵ ئامانجەکانی FATF


عومەر باڵەکی




ئەگەر پێشەکیی قانوونی بنەڕەتیی ئێران کە لە ڕاستیدا نێوەرۆکی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامییە و لە هەمان کاتدا سەلمێنەری ئەوەیە کە دەستی دەوڵەت ئاوەڵا کراوە بۆ هەناردەکردنی شۆڕش و؛ دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە و ئەوە بە پێوانەی ناسینی کۆماری ئیسلامی وەربگرین و بەراوردی بکەین لەگەڵ ئامانجەکانی FATF، دەبینین ئەو دووانە ئەوەندە لێک دوورن کە ناکرێ خاڵێکی هاوبەش لە نێوانیاندا ببینینەوە

ماوەیەک لەوە پێش مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لایحەی پەیوەستبوونی بە دامەزراوەی اف ای تی اف کە کارەکەی بەربەرەکانییە لەگەڵ ئەو شوێنانەی سەرچاوەی دارایی تێرۆریزم دابین دەکەن، دوای هەرا و بەزمێکی زۆر پەسند کرد و بۆ یەکلاکردنەوەی ناردی بۆ شووڕای نیگابان. پەسندکردنی ئەو بەڵگەنامەیە هەرچەند لەگەڵ نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتیی ئێران ناتەبایە بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگە و ڕەنگە ئەوەش وای کردبێ کە کاربەدەستانی ڕێژیم سەرەڕای ئەو ناتەباییە وەک ڕێگاچارەیەک بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە ئابوورییەی ئێستای وڵات بیبینن و بچنە ناوی. دەستەی تایبەتیی کرداری ماڵیی (FATF) دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتییە کە پێوانەکانی نێونەتەوەیی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ سپیکردنەوەی پووڵ و پارە بۆ پاڵپشتیی تێرۆریزم (CFT/AML) دیاری دەکا. ئەم دامەزراوەیە بنکەی لە پاریسە و بۆ پارێزگاری لە سیستمی ماڵیی نێونەتەوەیی و بۆ باشتربوونی بارودۆخی نیزامی بانکی و دراو تێ دەکۆشێ و ڕێنوێنی دەدا بە دەوڵەتەکان. ئەم دامەزراوەیە بڕیارنامەیەکی هەیە کە ٤٠ مادە لە خۆدەگرێ و وا دارێژراوە کە هەموو دەوڵەتانی ئەندام بتوانن بەڕێوەی بەرن. ئەم دامەزراوەیە هەر لەو کاتەدا کە ڕێگری دەکا لە سپیکردنەوەی پووڵ، لە هەمان کاتیشدا نابێتە کۆسپ لەبەردەم ئاڵوگۆڕی دراو لە نێو ئەندامەکانیدا و کاریگەریی نێگەتیڤ ناکاتە سەر گەشەکردنی ئابووریی ئەو وڵاتانە. بەڵام کاتێک لەلایەن ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییەوە وڵاتێک دەکەوێتە لیستی ڕەشەوە، هەر چەند ئابڵۆقەی ڕەسمی بەدوواوە نابێ، بەڵام بانکەکان و کۆمپانیاکانی وڵاتانی ئەندام ئەوپەڕی خۆپارێزی دەکەن لە سەودا و بازرگانییان لەگەڵ ئەو وڵاتە. کاتێک باس لە دابینکردنی سەرچاوەی ماڵی بۆ تێرۆریزم دەکرێ وا دێتەبەرچاو کە مەبەست تەنیا پووڵ و پارەیە، بەڵام کۆنڤانسیۆنی (FATF) بەم جۆرە ئەم سەرچاوانەی پێناسە کردووە کە: «تەنیا چەکی بانکی و پووڵ، بەشە شیرکەت و بانک و...لە خۆ ناگرێ، بەڵکوو هەر هەموو سامانی گواستراوە و نەگواستراو، سامانی دیارونادیار وەک بیمەی تەمەن، بەڵگە و کەرەسەی قانوونی بە هەر شێوەیەک نووسراو یا ئەلکترۆنیک یا دیجیتال بێ، لە خۆ دەگرێ.» «سی اف تی» لە پێناسەیەکی کورتدا بەو جۆرە باسی تێرۆریزم دەکا: «کردارێک کە ئامانجی کوشتن یا نقوستانکردنی غیرە نیزامی یا هەر کەسێک کە لە تێکهەڵچوونی سەربازیدا بەشدار نەبووبێ، بەڵام گەڵاڵەی بۆ دارێژرابێ بەو مەبەستانەی سەرەوە و ئامانجی ئەو کردارە لە نێوەرۆکی خۆی کاریگەریی لە سەر دەستەیەک لە خەڵک، دەوڵەتێک یا ڕێکخراوەیەکی نێونەتەوەیی هەبێ.» ئێران پێش ڕێککەوتنی بەرجام لە لیستی ڕەشی ڕێکخراوی (FATF) دابوو، بەڵام دوای ڕێککەوتن لەگەڵ شەش زلهێزە ئابوورییەکەی جیهان، تاران گەیشتە ئەو ئاکامە کە بۆ سەردەمی دوای لاچوون گەمارۆ ئابوورییەکان و بۆ ئاساییبوونەوەی پێوەندیی ماڵی لەگەڵ دنیای دەرەوە پێویستی بەوە هەیە کە چاکسازی لە کۆمەڵە قانوونێکدا بکا کە دەبنە ڕێگر لە سەر هاتنە دیی ئامانجەکانی بەرجام. کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوە لە لیستی ڕەشی ئەو ڕێکخراوەیە دەربێ پێویست بوو چەندین داواکاریی ئەو ڕێکخراوەیە جێبەجێ بکا. بۆ نموونە:

١- ئێران دەبێ دابینکردنی سەرچاوەی ماڵی بۆ تێرۆریزم بەبێ هەڵاواردنی ئەو دەستە و تاقمەی لەژێر ناوی کۆتاییهێنان بە داگیرکاریی خاریجی، ئیستعماری و نیژادپەرەستیدا تێ دەکۆشن، وەک تاوان دەستنیشان بکا؛ بەڵام مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لە پەسندکراوی ١٥ی جۆزەرداندا پێداگری دەکا لەسەر سیاسەتی هەمیشەیی خۆی و ئەو کردارانەی سەرەوە بە کردارێکی تێرۆریستی نازانێ.

٢- دیتنەوە و دەستبەسەرداگرتنی سامان و ئەموالی گرووپ و لایەنە تێرۆریستییەکان لە ڕاستای پەسندکراوی شووڕای

> بەپێی نێوەرۆک و کردار و کارنامەی٤٠ ساڵی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی، ئەم ڕێژیمە تەنیا ئەو کاتانە وانیشان دەدا بەرپرسە لە بەرانبەر بەڵێنە نێودەوڵەتییەکاندا کە بەتەواوی تینی بۆ هاتبێ و هەر کاتێک فشارەکانی لە سەر کەم بۆتەوە هەمدیسان چووەتەوە قالبی خۆی و گوێی نەداوە بە هیچ کام لەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانە کە ژێرەکەی ئیمزا کردوون

ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان.

بۆ هەڵسەنگاندنی تەنیا ئەو دوو خاڵە لە کۆی نزیک بە ١٠ خاڵ لەگەڵ قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی پێویستە ئاوڕێک لە نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتیی ئێران بدەینەوە و بزانین ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ پێوانەکانی (FATF) یەکتر دەگرێتەوە؟ لێرەدا دەبێ سەرەتا لەسەر ئەوە بوەستین کە کێ تێرۆر دەکا و کێ تێرۆریستە؟ ئەگەر چاو لە پێناسەی گشتیی تێرۆریزم بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە تێرۆر «جۆرێک کوشتنی بەئانقەستە کە بە ئامانجی سزادان یا ئامانجی سیاسی لەلایەن دەوڵەتێک یا ڕێکخراویەکەوە بەڕێوەدەچێ، کەس یا کەسانی کوژراو یا خاوەنی هەڵوێست بەناوبانگن و یا خاوەنی ئەندێشەی سیاسین کە جیاواز لە دەسەڵات بیر دەکەنەوە، یا بە هۆکاری ئەوەی بێحورمەتیی بە بیروباوەڕی لایەنێک بە تایبەتی دینیی کردبێ، حوکمی کوشتنی بەشێوەی تێرۆر لەلایەن بڕیاردەرەوە دەردەچێ. بە مانایەکی دیکە دەتوانین بڵێین بەڕێوەبردنی ئەو کوشتنە بە دوو ئامانج لەلایەن بەڕێوەبەرانەوە بەڕێوە دەچێ؛ یەکەم کوشتنی کەس یا کەسانێکە کە بەدژبەری خۆیانیان دەزانن و دووهەم خوڵقاندنی کەشی ترس و دڵەخورپەیە لە نێو کۆمەڵگەدا کە هەر کەس دژی ئەو ئەندێشە سیاسی یا دینییە و یا سیستمی ئیدارەی دەوڵەت بێ؛ سزاکەی کوشتنە.» لە پێشەکیی قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا کە باس لە شێوە حکومەتی ئیسلامی دەکا، هاتووە: «قانوونی بنەڕەتی ئێران بە سەرنجدان بە نێوەرۆکی شۆڕشی ئێران کە حەرەکەتێک بوو بۆ سەرکەوتنی تەواوی زوڵملێکراون (مستضعفین) بە سەر زاڵماندا (مستکبرین)؛ بەستێنی پەرەپێدان و گەشەکردنی ئەو شۆڕشە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئامادە دەکا و بە تایبەتی بۆ پەرەپێدانی پێوەندیی نێونەتەوەیی لەگەڵ جووڵانەوەی ئیسلامی و خەڵکییەکان تێ دەکۆشێ هەتا ڕێگای پێکهاتنی ئۆممەتی تاک جیهانی خۆش بکا و بەردەوامیی خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەکانی بێبەشکراو و ژێردەستەی زوڵم لە تەواوی جیهاندا پەرە پێدەدا.»

ئەگەر ئەو بەشە لە پێشەکیی قانوونی بنەڕەتیی ئێران کە لە ڕاستیدا نێوەرۆکی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامییە و لە هەمان کاتدا سەلمێنەری ئەوەیە کە دەستی دەوڵەتی ئاوەڵا کردووە بۆ هەناردەکردنی شۆڕش و؛ دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە بە پێوانەی ناسینی کۆماری ئیسلامی بگرین و بەراوردی بکەین لەگەڵ ئامانجەکانی FATF، دەبینین ئەو دووانە ئەوەندە لێک دوورن کە ناکرێ خاڵێکی هاوبەش لە نێوانیاندا ببینینەوە.

FATF هەروەکی پێشتر باس کرا ڕێکخراوڕکی نێودەوڵەتییە کە چاوەدێری دەکا بە سەر مامەڵەی ماڵی، بانکی و تیجاریی دەوڵەتەکان بۆ بەرگرتن لە یارمەتیگەیاندن بە دەستە و ڕێکخراوی تێرۆریستی و، ئەو دامەزراوەیە لەو ڕێگایەوە هەوڵ دەدا ئەمنیەتی جیهانی بپارێزێ. بەڵام لەملا دەبینین کۆماری ئیسلامی قانوونە ئەساسییەکەی بە هەناردەکردنی شۆڕش، خۆی لە خۆیدا سەرچاوەی خوڵقاندنی دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەیە و ڕێگاخۆشکەرە بۆ نائەمنکردنی ناوچەکە و تەنانەت جیهان و لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا ئەوەمان بە کردار لە کۆماری ئیسلامی دیتووە کە سەرچاوەی داهاتی هەموو ئەو تاقم و دەستە و ڕێکخراوە بناژۆخوازانە بووە کە بوونە هۆی تێکدانی سەقامگیری و ئارامیی ناوچەکە. بۆ نموونە دەستەی تایبەتی کارکردن لەسەر ئێران لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردووەتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ٢٠١٢دا پتر لە ١٦میلیارد دۆلاری بۆ پاراستنی بەشار ئەسەد لە سووریە و ئەو دەستە و ڕێکخراوانەی لە یەمەن و عێڕاقدا هەنی خرجی کردووە. لە لایەکی دیکەوە هەواڵنێری بلومبێرگ لە ساڵی ٢٠١٥ بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەیەک ڕایگەیاند کە تاران ساڵانە شەش میلیارد دۆلار بۆ پارێزگاری لە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد هەزینە دەکا و هەر بە پێی ئەو سەرچاوەیە ئەو ڕادەیە گەلێک جاران هەتا ١٥میلیارد دۆلاریش چووەتە سەرێ. لە کۆتاییدا دەتوانین ئاوا ئاکامگیری بکەین بەپێی نێوەرۆک و کردار و کارنامەی٤٠ ساڵی رابردووی کۆماری ئیسلامی، ئەم ڕێژیمە تەنیا ئەو کاتانە وانیشان دەدا بەرپرسە لە بەرانبەر بەڵێنە نێودەوڵەتییەکاندا کە بەتەواوی تینی بۆ هاتبێ و هەر کاتێک فشارەکانی لە سەر کەم بۆتەوە هەمدیسان چووەتەوە قالبی خۆی و گوێی نەداوە بە هیچ کام لەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانە کە ژێرەکەی ئیمزا کردوون. وە بە دڵنیایەوە ئەم جارەش هەروەک جارەکانی دیکە دەسەڵاتدارانی تاران پابەندیی خۆیان بەو ڕێککەوتنە ناپارێزن، چونکە نە کۆماری ئیسلامی دەتوانێ دەستبەرداری ئەو تاقم و دەستە و ڕێکخراوە تێرۆریستییانە بێ کە بۆ ئامانجی خۆی پێکی هێناون و نە کۆمەڵگەی جیهانیش دەتوانێ بە پەیماننامە و بڕیارنامە کۆماری ئیسلامی ببەستێتەوە و بەداخەوە لەونێوەدا ئەوی هەموو خەسارەکانی بەسەردا دەشکێتەوە هەر خەڵکی ئێرانن.

# هاوکێشەی سوود و زیان لە ڕوانینی د. قاسملوودا

## (خوێندنەوەیەک بۆ «گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا»)



حەسەن شێخانی



«گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدا.» ئەم وتەیە زۆر جار خوێندنەوەی هەڵەی بۆ دەکرێ و تەنانەت دەکرێتە پاساودەری کردەی سیاسیی کەم دەسکەوت و پڕزیان. ئەم وتەیە هەڵگری سێ ڕەهەندی بیری قاسملوون: نرخی ئازادی، هاوکێشەی سوود و زیان و، مرۆڤتەوەری لە سیاسەتدا. وە بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی درووست بۆ ئەم وتەیە بکرێ، دەبێ بخرێتە نێو کانتێکستی بیر و ئەندێشەی قاسملوو و کۆی ئەم ڕەهەندانەی بیری قاسملوو بەیەکەوە لەبەرچاو بگیرێن. ئەگەر ئەم وتەیە لە بەستێنی بیری قاسملوو جیا بکرێتەوە و بە شێوەیەکی ئینتزاعی(ئابستراکت) و تاکڕەهەندی بخوێندرێتەوە و شی بکرێتەوە، دەبێتە هۆی خراپ خوێندنەوە و هەڵەتێگەیشتن؛ هەڵەتێگەیشتنێک کە دەکرێتە پاساودەری ناعەقڵانیی سیاسی و کردەوەگەلێک کە زیانەکانیان زیاترن لە دەسکەوتەکانیان. دوکتور قاسملوو خاوەنی ڕامان و پێرسپێکتیڤێکی بەرینی سیاسی بوو. ئەو سیاسییەکی زۆر ژیر بوو. بەشێوەیەکی عەقڵانی و «زەمینی» سیاسەتی دەکرد و ڕەچاوی هاوکێشەی سوود و زیانی لە کایەی سیاسەت و پڕۆسەی خەباتدا دەکرد. ڕاستە دوکتور قاسملوو پێی وابوو گەیشتن بە ئازادی خوێن و قوربانیدانی دەوێ، بەڵام بەتەواوی شەهادەتتەڵەبی و بەخۆڕایی بەکوشتدانی مرۆڤەکان (پێشمەرگە)ی ڕەت دەکردەوە و بەدرووستی سنووری نێوانیانی دەکێشایەوە. لە شەهادەتتەڵەبیدا هاوکێشەی سوود و زیان هیچ جێگایەکی لە لێکدانەوەدا نییە، هاوکێشەیەک کە دوکتور قاسملوو پێداگری لەسەر دەکرد و بە مەرجی تێکۆشانی دروستی دەزانی. بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە، ئەم وتانەی دوکتور قاسملوون کە دەڵێ: «پەیامم بۆ کادر و پێشمەرگە و بۆ هەموو ئەندامانی حیزب ئەوەیە کە ئینزباتی خۆیان بەرنە سەر؛ ڕێکوپێکتر کار بکەن؛ چۆنیەتیی تێکۆشانی خۆیان بەرنە سەرێ. زەربەلێدان لە دوژمن باشە بەڵام خۆ بپارێزن لە هێرشی بێسوود و پڕزیان. پایەگاگرتن باشە بەڵام بەهەموو نرخێک نا. پایەگاگرتن و زەربە لە دوژمندان زۆر باشە بە شەرتێک نرخی گران نەبێ. نابێ لە بیرمان بچێ کە پێشمەرگە و ئەندامی حیزب و بەتایبەتی کادری حیزب سەرمایەی هەرە بەنرخی حیزب و میللەتن و نابێ بەخۆڕایی بە فیڕۆ بچن.» بۆ ئەوەی خوێندنەوە و شیکردنەوەیەکی درووست بۆ «گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا»، بکەین، دەبێ ئەم وتانەی قاسملوو لەبەرچاو بگرین. لێرەدا دوکتور قاسملوو بە ڕوانینێکی بایەخداری مرۆیی دەڕوانێتە کادر و پێشمەرگە و ئەندامی حیزب و لە هەمبەریاندا خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ. بە ڕاشکاوی دەڵێ نابێ بەخۆڕایی لەدەست بچن. ئەمەش واتا گرینگیدان بە گیانی پێشمەرگە و پاراستنی پێشمەرگە. بە دەربڕینێکی دیکە قاسملوو وەک کەرەسە و ئامراز لە پێشمەرگە ناڕوانێ بەڵکوو بە ڕوانینێکی ئۆمانیستی، وەک مرۆڤ لێیان دەڕوانێ کە دەبێ بپارێزرێن و بەخۆڕایی فیدا نەکرێن. ئەمەش واتا ئەخلاقمەداری لە سیاسەتدا؛ واتا مرۆڤتەوەری لە خەباتدا. وەرگێڕانی ئەمرۆیی ئەم وتانەی دوکتور قاسملوو ئەوەن کە لەپێناو بەرۆژەڤبوونی کاتی و کورت ماوەدا و، لەپێناو پرۆپاگاندایەکی زووتێپەڕی (فەزای مەجازی)دا نابێ کادر و پێشمەرگە فیدا بکرێن. سەرنج بدەن چۆن قاسملوو بەخشینی نرخ لەپێناوی ئازادیدا، هاوکێشەی سوود و زیان و، مرۆڤتەوەری و ئەخلاقمەداری لە سیاسەتدا بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە و پێوەندییەکی درووست و لۆژیکی لەنێوانیاندا وێنا دەکا. هیچ کامیان لەبەر ئەوەی دیکە وەلانانێ و چاوپۆشی لێناکا. ڕوانگەیەکی یەکگرتوو لە کۆی هەر سێکیان دەخەملێنێ و پێشکەش دەکا. ئەوانەی کە لەو سێ تێرمە تەنیا بەخشینی نرخ لەپێناوی ئازادیدا دەبینن و دوو تێرم و تێفکرینەکەی دیکە فەرامۆش دەکەن، دیارە لە قاسملوو تێنەگەیشتوون؛ دیارە توانای دیتنی هەموو ڕەهەندەکانی بیری قاسملوویان نییە؛ دیارە خوێندنەوەیەکی کەموکورت و ناتەواویان لە وتەکانی قاسملوو هەیە. دوکتور قاسملوو لەلایەک دەڵێ کردەی شۆڕشگێڕانە، کردەیەکی کوێرکوێرانە و بێ پلان و بێدەسکەوت نییە، لەلایەکی دیکە وەک کەسێکی مرۆڤتەوەر، گیانی پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی بەلاوە زۆر گرینگ و بایەخدارە، کە نابێ بەخۆڕایی بەفیڕۆ بچن. لێرەدا «عەقڵ لە سیاسەتدا» و «مرۆڤتەوەری و ئەخلاق لە شۆڕشدا» بەرجەستە دەبنەوە. لە نەبوونی ئەم مەفهوومانەدا سیاسەت و شۆڕش لە ماناکانی خۆیان بەتاڵ دەبنەوە؛ واتا لە سیاسەتدا کەفوکوڵ و هەستەکان زاڵ دەبن و لە شۆڕشیشدا ئامانجەکانی شۆڕش دێنە ژێر پرسیار و لە نێوەرۆکی مرۆیی خۆی بەتاڵ دەبێتەوە. کاتێک میللەتێک بڕیار دەدا بە ئازادی بژی، دەبێ خەبات بکا و لە ڕەوتی ئەم خەباتەشدا لەدەستدانی کادر و پێشمەرگە چارەهەڵنەگرە؛ چونکە خەبات بەبێ خوێن و قوربانیدان ناکرێ، بەڵام قسە لێرەدایە کە بارتەقای هەر پێشمەرگەیەک کە لەدەست دەچێ، دەبێ زەربە لە دوژمن بدرێ. ئەگەر لە نەبوونی پلانێکی تۆکمە و ستراتیژیکدا و، لە ئەنجامی گرتنەبەری ڕێکارێکدا، تێچووی زۆر بدەی و سەرمایەیەکی مرۆیی زۆر لەدەست بدەی، بەڵام بارتەقای ئەو تێچووە، دەسکەوت بەدەست نەهێنی و زەربە لە دوژمن نەدەی، ئەوە لەگەڵ عەقڵانییەتی سیاسی و ئەو تێکۆشانە دروستەی کە قاسملوو باسی دەکا، نایەتەوە. بەردەوامبوون لەسەر ڕێکارێک کە تێچووی زۆرە و دەسکەوتی کەمە، واتا گرینگینەدان بە گیانی ئەو کەسانەی پەیوەستی ڕیزەکانت دەبن؛ واتا وەک کەرەسە و ئامراز مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانەی پەیوەستت دەبن؛ واتا دوورکەوتنەوە لەو مرۆڤتەورییەی کە ڕۆحی وتەکانی دوکتور قاسملوون. ئەوانەی «گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدا»، وا لێک دەدەنەوە کە بەبێ ڕەچاوکردنی هاوکێشەی سوود و زیان، دەبێ تێچوو بدەی و سەرمایەی مرۆیی لەدەست بدەی، لە قاسملوو تێنەگەیشتوون؛ چونکە ئەو بە ڕاشکاوی دەڵێ زەربەلێدان لە دوژمن باشە بەڵام بە شەرتێک نرخەکەی گران نەبێ. ئەگەر زەربەیەکی ئەوتۆت لە دوژمن نەدا بەڵام نرخی گرانیشت دا و لەسەر ئەم ڕێچکەیەش هەر بەردەوام بووی، واتا قوتابیی باشی قاسملوو نیت و بە گوێرەی پێناسە و شیکردنەوەکانی بۆ خەبات، ناجووڵێیەوە. بەپێی وتەکانی دوکتور قاسملوو، لە هەر کار و کردەوەیەکدا دەبێ نرخەکەت لەبەرچاو بێ، نابێ کارێک بکەی کە نرخی زۆر بێ و دەسکەوتی کەم؛ ئەمەش واتا عەقڵانییەتی سیاسی. عەقڵانییەتێک کە لە نەبوونیدا سیاسەت واتای خۆی لە دەست دەدا. ڕێنوێنی قاسملوو بۆ ڕێبوارانی ڕێبازی، ئەوەیە کە ئاستی تێکۆشانی خۆیان بەرنە سەر، بۆ ئەوەی لە بەرامبەر نرخی کەم دەسکەوتی زۆر بەدەست بێنن. لەژێر تیشکی ئەو وتانە و بەگشتی بیری قاسملوودا، دەتوانین ئەوە بڵێین کە بوونی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆ و حزووری فیزیکی و مەیدانیی پێشمەرگە لە نێوخۆ ئەرکێکی پیرۆز و باشە بەڵام بە هەموو نرخێک نا؛ و نابێ ئەم حزوورە کەم دەسکەوت و پڕزیان بێ. ئەمەیە ئەو عەقڵانییەتەی لە وتە و بیری سیاسیی قاسملوودا بوونی هەیە.

## سمیناری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ باس لەسەر مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانان



ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی ڕەزبەر سمینارێکی لەبارەی ئەزموونەکانی کاری هاوبەشی هێزە سیاسییەکان و بە تایبەت، مانگرتنی ٢١ی خەرمانان بە بەشدارای نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی ئەندام لەو ناوەندە بەڕێوە برد. لە پانێلی یەکەمی سمینارەکەدا کاکۆ عەلیار بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران باسێکی لە ژێر ناونیشانی "ئەرکی هێزە سیاسییەکان بەرانبەر کۆمەڵگەی مەدەنیی ڕۆژهەڵات" پێشکێش کرد. بەڕێزیان لەو باسەدا قۆناخەکانی خەباتی مەدەنی لە ئاستی جیهانی و دواتر پەرەگرتنی لە ئێران و کوردستانی بە وردی باس کرد و گرینگیی ئەرکی هێزی سیاسی بەرانبەر بە کۆمەڵگە و کۆمەڵگە بەرانبەر بە هێزەسیاسییەکانی خستە ڕوو. لە برگەیەکی دیکەی ئەم سمینارەدا سۆران نووری بە نوێنەرایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان تیشکی خستە سەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانانی خەڵکی کوردستان کە بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و ئیعدامی تێکۆشەرانی سیاسی وەڕێ خرا. ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای ئاماژە بە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمەڕ پشتیوانیی هەمەلایەنە لە بزاوتە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات باسی لەوە کرد کە حەرەکەتێکی ئاوا جەماوەری ئەگەرچی بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکان و وەڵامی ئەرێنیی کۆمەڵگە لەم هەلومەرجە هەستیارەدا بێ وێنە بووە. لە پانێلی سێهەمی سمینارەکەدا محەممەد حەکیمی بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەوری ڕاگەیاندنی لە بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی مانگرتنەکە بە وردی باس کرد و دامەزراندنی کومیتەی ڕاگەیاندنی هێزە سیاسییەکان لە دارشتنی بەرنامە و پلانی یەکگرتوو لە بواری میدیای بە پێویستییەکی زەرووری زانی. لە برگەیەکی دیکەی کاری سمینارەکەدا فوئاد جەعفەری بە نوێنەرایەتی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران باسێکی وروژاند لە ژێر ناونیشانی "دەوری پشتیوانی هێزە سەرانسەرییەکان (سازمانی موجاهیدنی خەلق وەک نموونە) لە مانگرتنی کوردستان. بەڕێزیان تیشکی خستە سەر ئەوە کە لەو هەلوومەرجانەدا دەبێ بە ئەرێنی چاو لە پشتیوانیی هێزە سەرانسەرییەکان لە داخوازە ڕەواکانی نەتەوەکەمان بکەین. لە کۆتا پانێلی سمینارەکەدا، تاهیر مەحموودی بە نوێنەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران باسێکی پێشکێش کرد لەژێر ناونیشانی «گرینگیی هاوئاهەنگیی خەباتی شار و شاخ». بەڕێزیان ڕایگەیاند لە ڕوانگەی حدکاوە شار لە هەموو ڕەهەندەکانەوە دەبێ چەقی خەبات بێ و پێشمەرگە و شاخیش پشتیوانی بن. سمینارەکە بە وڵامدانەوەی پێشنیار و ڕەخنەی بەشداران لەلایەن کۆڕگێرانەوە و کۆبەندی ڕاسپاردەکان بۆ بڕیاردان لە کۆبوونەوەی داهاتووی ناوەند، کۆتایی پێهات.

## مافی کەمایەتییەکان لە ئێراندا و پرسی عەدالەتی نەتەوەیی_فەرهەنگی



شەفیع ئاراستە

مافی کەمایەتییەکان لە ئێران ڕاستەوخۆ گرێ دراوە بە ڕوانگەی دەسەڵاتی سیاسی لە ناوەند و خوێندنەوەی بۆ هاوکێشەی سیاسی و ئەمنیەتیی پێوەندیدار بەو کەمایەتی و جۆراوجۆرییانە. وە ئەم تێڕوانینەی دەسەڵاتی ناوەندیش هەمیشە بە ئاقاری نەهێشتن و تواندنەوەی جۆراوجۆرییەکاندا شکاوەتەوە. بە واتایەکی دی پەیوەندیی کەمایەتییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و ڕۆڵ و کاریگەریی سیاسیی ئەوان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە نیزامی سیاسی و یاسایی و ڕوانگەی بەڕێوەبەرانی وڵات و بناغەی هێزە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە .

لە ئێراندا دەتوانین قسە لە سێ جۆر کەمایەتی ئایینی، مەزهەبی و نەتەوەیی بکەین و هەرکام لەوان سەرەڕای زەوتکرانی مافەکانیان بەڵام بۆ دەستەبەری ئەو مافانە لە سەنگەری خەباتدا بوون و کۆڵیان نەداوە. بەو تێبینییەش پرسی نەتەوەکان لە ئێران ناکرێ ئابستراکت بە مژاری کەمایەتییەکان دابندرێ، چونکی هەر کام لەو نەتەوانەی دەسەڵاتی سیاسی بە کەمایەتیی ناو دەهێنێ، لەسەر خاکی خۆیەتی و زۆرینەشە؛ وەک عەرەب، کورد، بلووچ و ئازەری و .... هەروەها هینێک لەو نەتەوانە لە پێناو دەستەبەری مافە ڕەواکانیان ناچار بە شۆڕش و سەرهەڵدان بوون و بەرگریی چەکداریی پڕ شانازییان لە ویست و پرسی خۆیان کردووە، وەک کوردەکان و بلووچەکان...

پرسی جۆراوجۆری ئیتنیکی لە ئێران لە هەندێ کات و ئانوساتدا نەبێ کەمتر دەبێتە ڕۆژەڤی سیاسی، وە لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتیشدا پتر لە پەڕژانە سەر بابەتی فرەئیتنیکی لە ئێران، باسی کەمایەتییە دینییەکان کراوە کە هۆکارەکەی بۆ بەئەمنیەتیکردنی پرسی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە لە ڕوانگەی کاربەدەستانی حوکمەتەوە. ئەو بەناو کەمایەتییە مەزهەبی و نەتەوەییانە لە ئێران لەڕووی حەشیمەت، ڕووبەری خاک و پانتایی جوغرافیاییەوە زۆرینەی ڕەهای وڵاتی ئێران پێک دێنن، بەڵام ئەوەی حوکمی ئەم وڵاتە دەکا بریتییە لە شیعە_فارس. لەو سۆنگەیەشەوە هەموو ئەو زۆرینەیە مافەکانیان زەوت دەکرێ و خراونەتە پەراوێزەوە. دەسەڵاتی ناوەند کە داننان بەو جۆراوجۆرییانە و مافی بەرامبەریان بە هەڕەشە بۆ سەر تەواوەتیی دەسەڵاتەکەیان دەزانێ، بەردەوام مافخوازیی ئەو پێکهاتانەی بە پیلانی دەرەکی بەستووەتەوە و ئەوەی کردووەتە بیانوو بۆ سەرکوتی بەردەوام. لەو واقعە سیاسییەدا هەموو بڕیار و فەرمانەکان لە سوڵتەی «شیعە_فارس»ەوە شۆڕ دەبنە نێو هەناوی کۆمەڵگە و بۆ ئەوەش نەک هەر حاشا لە هەموو تایبەتمەندییەکی ئیتینیکی_ئایینیی گەلانی دی؛ بەڵکوو سیاسەتی تواندنەوەی بە هەموو کەرەسەیەک و پیلانێکی ڕەق و نەرم ڕەچاو کراوە. ئاکامەکەشی بریتییە لە بێبەشیی زۆرینەیەکی هەراو لە وڵاتدا و نادادپەروەرییەکی بەربڵاو. لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا «مەسیحی، جوولەکە و زەردەشتی» وەک کەمایەتی ناویان هاتووە، دانیان پێدا نراوە و بەقسەش بووبێ کۆمەڵە مافێکیان بۆ لەبەرچاو گیراوە _کە دیارە بە کردەوە هیچ مافێکیان پێ ڕەوا نەبیندراوە و کۆماری ئیسلامی لایەنێکە کە بەهۆی پێشێلکردنی مافی کەمایەتییە ئایینییەکان نیزیک بە چوار دەیەیە بە بەردەوامی لەلایەن ناوەندە نێونەتەوەییەکانەوە مەحکووم دەکرێ_ بەڵام وەک کورد و ئیتنیکەکانی دیکەی وڵات وەک پێکهاتەیەک دانیان پێدا نەنراوە و بەبەشێکی جیانەکراوە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیی ئێران! ناویان هاتووە. ئەم جۆرە پێناسەیە ئەگەر لەلایەک بۆ شوناسی ئیسلامی و دینیی دەسەڵاتی ناوەندی دەگەڕێتەوە و ڕەنگدانەوەی تۆخبوونی هێژمونیی دینییە بەسەر قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا؛ بەڵام لە پراکتیکی سیاسیدا باشترین پاساو بووە بۆ حاشاکردن لە مافی نەتەوەیی ئەم پێکهاتە و جۆراوجۆرییە نەتەوەییانە و پشتگوێخستنی مافەکانیان. دەسەڵات هەروەها لە ڕێگەی بەرنامە نەرمئامێرییە بەناو فەرهەنگییەکانیدا و لەڕێگەی تەرخانکردنی سەرمایە و وزەیەکی زۆرەوە هەوڵی کاڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی پێکهاتەکانی وڵاتی داوە و پلان و پیلانیان ئەوە بووە کە تایبەتمەندییەکانی ئەو جۆراوجۆرییە ئیتنیکییانە لە بازنەیەکی زۆر تەسکی فەرهەنگی و کەلەپووریدا پێناسە بکەن. بۆ ئەوەش تێ کۆشاون ئەو زێهنییەتە جێ بخەن کە جۆراوجۆریی نەتەوەیی و شوناسی سەربەخۆی پێکهاتەکان لە ئێران دژایەتیی تەواوی هەیە لەگەڵ ڕاستییە مێژووییەکانی ئەم وڵاتە. وە لە نێو هەموو نەتەوەکانیشدا کەسانێکیان لەڕێگەی جۆراوجۆری وەک تەماحوەبەرنانەوە دۆزیوەتەوە کە شوناسی ئەم نەتەوانە بە شوناسی نەتەوەی باڵادەستەوە ببەستێتەوە؛ لەچەشنی ڕەشید یاسەمیی کورد کە پێوەندی مێژوویی و ڕەچەڵەکی خۆی بە هی فارسەوە دەبەستێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو بۆچوونە جێ دەخەن کە جۆراوجۆرییە ئایینی و ئیتنیکییەکان لە ئێران بە درێژایی مێژوو ئەزموونی هاوبەشیان هەیە و قەوارەیەکی لێکدانەبڕاون. عەیب و نوقسانیی ئەو گوتارە لەوە دایە کە چۆنە تەنیا یەکێک لەو پێکهاتە ئایینی و ئیتنیکییە هەموو پشکی ئەم ئەزموونە! هاوبەشەی پێ براوە و ئەوانی دی بەشیان حاشا و سڕینەوە بووە؟ چۆنە یەک لەوان بووەتە باڵادەست و ئەوانی تر تەنانەت ڕێگەی خوێندن و فێربوونی زمانەکەشیان نادرێ؟ چۆنە یەکیان بەهۆی شیعەبوونییەوە دەتوانێ حوکمی هەموو وڵات بکا و ئەوانی تر بەهۆی شیعەنەبوونیان قەت ناتوانێ لە وڵاتەکەیدا خۆیدا بگاتە بەرپرسایەتی و پلەیەک کە ئەو هاونیشتمانە شیعەیەی! بە ئاسانی دەتوانێ پێی بگا؟ هەروەها مەگەر غەیری ئەوەیە کە لە هەموو بڕگەیەکی مێژووییدا شوناس ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ و خۆی دادەڕێژێتەوە؟ کیمیلیا برواى وایە کە فەیلەسووفانی سیاسی لە هەموو قۆناغە مێژووییەکاندا یەکەی سیاسیی وڵاتیان یەکدەست چاو لێ کردوە و ئەوە بووەتە هۆکاری چەوساندنەوە و تواندنەوەی کەمایەتییەکان. ئەمە لەسەردەمی ئێستادا و بەتایبەت لە ئێراندا خێراییەکی زۆری بەخۆوە بینیوە. لە ئێرانێکی فرەکولتوور، فرەئایین، فرەزمان و فرەشوناسدا و بە مەبەستی سیاسەتی یەکدەستکردنی نەتەوەیی! و ئایینی! دەیان ساڵە شوناسی نەتەوەیی و ئایینیی زۆرینەی پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە بە زەبری چەک و سەرکوت پێشێل دەکرێ؛ سیاسەتێک کە نەدەتوانێ ئێرانی «واحید»!ی لەسەر بنیات بنرێ و نە تا ئەو کاتەی دان بەو جۆراوجۆرییانە و مافی بەرامبەر و وەک یەکیان دانەندرێ دەتوانێ ئاسوودەیی بەخۆی ببینێ.

کۆماری ئیسلامی
[و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]



حەسەن حاتەمی

## گیرانی موفتیزادە و هێرش بۆ چەپ و سیکۆلارەکان

کاک ئەحمەد موفتیزادە بە پێی هەڵسوکەوتی نیزیکی لەگەڵ ژمارەیەک لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و دەنگی ئەرێنی دانی بەو سیستمە نوێیە، پێی وابوو هەم پێگەیەکی باشی پێ دەدرێ و هەم هەوڵ و چالاکییەکانی سەبارەت بە پرسی کورد و کەمایەتیی مەزهەبی سوننی بەهێند دەگیرێ. موفتیزادە بیری دەسەڵاتی شووڕایی هەبوو و موخالیفەتی لەگەڵ بەردەباران (سەنگسار) دەکرد، کە بەناوی «قصاص» باسی لێ دەکرا و ئا. بێهێشتی هەوڵی داسەپاندنی دەدا. بەڵام زۆری پێ نەچوو کە بە هێنانە بەرباسی دیاردەی نوێی «ئۆممەت»، لە لایەن ئا. خومەینی، مافی «میللەت» چووە ژێر پرسیار. بەو مانایە کە ئۆممەتی ئیسلامی لە چوارچێوەی جوغرافیای ئێران بەرفراوانتر بوو و دەسەڵاتدارانی قوم و تاران دەبوو خۆی لەگەڵ بگونجێنن. هەروەها پتر لە دروشمدا، دژایەتیی لەگەڵ دەسەڵاتی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و بلووکەکانی ئەوانیش دەکرد. لەلایەکی دیکەش، کاک ئەحمەد پێی وابوو: لە تاران تەحەمول دەکرێ و ئێزن بە تەبلیغی بیروبۆچوونەکەی دەدرێ.

ڕەوتی ڕووداوەکان بەپێی خۆدەرخستنی کردەوەکانی ئەو ڕێژیمە کە، دوژمنی هەر مرۆڤێکی ئازادیخواز و نەتەوە ویست بوو _ئەگەر بیروباوەڕی ئیسلامیشی هەبا_ و بە حیزب و ڕێکخراوەکانی سیکۆلار و نا سیکۆلارەکانی نەتەوەییش، ئێزنی تێکۆشان لە چوارچێوەی یاسای بنچینەیی خۆی و ڕاگەیاندراوی ١٠ مادەیی دادئەستێنی شووڕای بەرزی قەزاییشی نەدا. شووڕای شەمس و ژێر کۆیەکەشی تەحەموول نەکرا. بۆیە هێرش بۆ کاک ئەحمەد موفتیزادە و هاوبیرەکانی کرا.

کاک ئەحمەد موفتیزادە لە خەرمانانی ساڵی ١٣٦١ لەگەڵ ٢٥٠ کەس لە قوتابییە هاوبیرەکانی، گیران و زیندانی کران. گیراوەکان، جگە لە موفتیزادە دوای ٣ ساڵ و چەند مانگ ئازاد کران. بەڵام نابراو بۆ ماوەی ٦ ساڵ و ٨ مانگ لە زیندانی تاکەکەسی لە زیندانی «ئێوین» لەژێر ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونیدا، زیندانی کێشا.(١) پاشان بۆ زیندانی گشتی گوازرایەوە.

کاک ئەحمەد سەرئەنجام دوای ١٠ ساڵ زیندانی و شکاندنی سێ مۆرەی پشتی و ملی، بەناو «ئازاد» دەکرێ. بەڵام مەخابن ٣ مانگ دواتر لە ڕۆژی ٢٠ ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧١دا. لە نەخۆشخانەی ئاسیا، لە تاران کۆچی دوایی کرد و لە شاری سنە بە خاک سپێردرا.

کاک ئەحمەد موفتیزادە، لە ساڵی ١٣٤٢، لە تاران بە تاوانی ئەندامەتی لە تەشکیلاتی تارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گیرا و بۆ ماوەیەک زیندانی بوو. هەروەک لە پێشوودا ئاماژەی پێکرا، لەنێو زینداندا، بەهۆی خوێندنەوەی کتێبەکانی ڕێبەرانی ئیخوانولموسلمین، «سید قطب» و «ابوالعلا مودودی» و دکتور عەلی شەریعەتی، لەبیری نەتەوەیی و سیکۆلار دوور کەوتەوە و پێی وابوو لە ڕێگای «عەداڵەتی ئیسلامی» و لە قالبی «حکوومەتی ئیسلامی»دا، دەتوانێ بە ئاوات بگا. بۆیە «ئاغای موفتیزادە بۆ بەدەستەوەگرتنی ڕێبەریی سیاسی کۆمەڵگەی سوننیی ئێران بەتەواوی هەوڵی خۆی دا. لە ڕەدەی تیئۆریکدا، کۆبوونەوەگەلێکی سەبارەت بە حکوومەتی ئیسلامی، گرینگیدان بە شووڕا، دیالکتیکی ئیسلامی و... گرت و پاشان کردنی بە نامیلکە. ئەو هەوڵی دەدا، خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ ئیسلام هەبێ و دین بە مۆدێڕن و دێموکراتیک بقەبڵێنێ. بەپێی بۆچوونەکانی و خوێندنەوەی نوێی لە دین، بۆ وێنە بە پێچەوانەی تەواوی لێکدانەوەکانی دینی، ئەو «ارتداد» یانی وەرگەڕان لە دین و بەردەباران (سەنگسار)ی قبووڵ نەبوو. هەروەها، بە پێکهێنانی شووڕایەک لەژێر ناوی شەمس (شووڕای مەرکەزی سوننی) پێکهاتوو لە خاوەن بڕوایان و ڕێبەرانی سوننی لە ئێراندا، و هەوڵدان بۆ چاوپێکەوتن و ڕازیکردنی ڕێبەری دەسەڵاتی ئێران، تێ کۆشا. ئەو پڕۆژەیە لە هەنگاوەکانی یەکەمدا، بەئاشکرابوونی فێڵ و تەڵەکەی دەسەڵات –کە بەداخەوە، خوازراو و نەخوازراو لە ڕوانگەی موفتیزادە بەدەر بوو–، سەرکەوتوو نەبوو.(٢)

جگە لەوەش، ناسر سوبحانی –کە لەدوای گیرانی کۆنگرەی ٢ی شەمس، بڕیاری گیرانی دەردەچێ–، پاش ٨ ساڵ خۆشاردنەوە و بە نهێنی ژیان، لە ١٦ ی جۆزەردانی ١٣٦٨ لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەگیرێ و لە ٢٨ی ڕەشەممەی ١٣٦٨ لە سێدارە دەدەرێ. ناوبراو کە یەکێک لە زانایانی سوننی و یەکێک لە ڕێبەرانی میللی_ مەزهەبی ئیخوانولموسلینی ئێران لە کوردستان و لەنێو شەمس دا، بوو، لە شاری قوڕوە نێژراوە.(٣)

دوای ئەو ڕووداوانە، مەکتەبی قورئان و شەمس تووشی پاشەکشە، ناکۆکی و لێکدابڕان دەبن و ڕێکخراوی دیکە لە هەناویاندا، درووست دەبن و تێکەڵ یا نزیک بە ڕەوتی گرووپە ئیسلامییەکانی باشووری کوردستان دەبن کە بەشێکیان هەوڵ بۆ درووستکردنی ئەماراتی ئیسلامی دەدەن. کۆماری ئیسلامیش پێشیان پێ ناگرێ و بە جۆرێک، یارمەتیشیان دەدا کە لە داهاتوودا و لە قوناغێکی دیکەدا، کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

### هێرش بۆ حیزب و ڕێکخراوە چەپ، نەتەوەیی و سێکۆلارەکان

لە ڕێبەندانی ١٣٦١دا، هێرش بۆ حیزبی توودەی ئێرانیش کرا و زۆربەی ڕێبەران و کادرە زانا و بەتوانا سیاسییەکانی گیران و زیندانی کران. لە بەهاری ساڵی دواتر هێرشی دووهەمیان کرایە سەر و ژمارەیەکی دیکەش لە ڕێبەران و کادرە سیاسیی و نیزامییەکانی بەتەمەنترین حیزبی چەپی ئێران دەسبەسەر کران. ئەوجار هێرش بۆسەر فیداییانی ئەکسەرییەت و حدکا (پێڕەوانی کۆنگرەی چوار)یش کرا. ڕێژیم بەو کردەوانە، ڕێگای هەر چەشنە چالاکییەکی ڕێکخراوەیی سیاسیی و مەدەنیی نێوخۆیی ئیسلامی و سکۆلاری بەست.

قوناغی توندوتیژی پتر و سەرکوتی بەرفراوانتر بۆ یەکدەست و یەک بیرکردنی دەسەڵاتی ئیسلامی لە سەرانسەری ئێراندا، دەستی پێکرد. لە شەڕی ئێران و عێراقیشدا، شەڕ لە حاڵەتی بەرگری، بەرەو هێرشبەری و داگیرکاری هەنگاوی نا. بە دروشمە نوێیەکان، بەتایبەتی، «گیرانی قودس لە کەربەلایە ڕا دەست پێدەکا و شەڕ شەڕ تا لەنێوبردنی فیتنە لە جیهاندا»، «بەرەکەت» ی شەڕەکەی پتر پڕڕەنگ کرد. دەسەڵاتدارانی ئیسلامی سیاسی، نەتەوەکانی بەرایی ئێران بەتایبەتی نافارسەکانیان، تووشی کارەسات و سەرکوتی بەردەوام کرد. ئەو بەڵایە کە ٤٠ ساڵە لە مەرگ و وێرانیدا، ژیانی زۆرەملێ داسەپاندووە، بەداخەوە درێژەی هەیە...

**سەرچاوەکان**

١- یوتیوب و ویکی پدیا.

٢- ماڵپەڕی ڕێنێسانس نیوز، «بازیگران جدید در عرصەی سیاسی کوردستان، کامیار رامیاری.»

٣- سایت، ویکیپدیا.

## د. مەحموود عوسمان:

# کۆماری ئیسلامی ئێران قەت بڕوای بە مافی کورد نەبووە

**(پوختەیەک لە قسەکانی د. مەحموود عوسمان لە کۆڕیادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات)**



**خوشک و برایانی بەڕێز!**

**برایانی سەرکردە و کادرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

لەم یادە ناخۆش و دڵتەزێنەدا و جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشیی خۆم بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدەکان و بۆ هەموو نەتەوەی کورد ڕادەگەیەنم و دەڵێم کە بەڕێکردنی شەهیدانمان دەبێ هانمان بدا کار بکەین بۆ ئەوەی ڕێبازی ئەو شەهیدانە ون نەبێت. ئەمن لەگەڵ ئەوەی پشتیوانیی هەموو وتەکانی کاک مستەفا دەکەم، دەمەوێ بڵێم ئێران نە لە زەمانی شادا و نە لە زەمانی کۆماری ئیسلامیدا هەرگیز بڕوای بە مافی کورد نەبووە و هەرگیز لە دەستووری(قانوونی بنەڕەتی) ئێران و قانوونەکانیدا ناوی کوردمان نەدیوە و هەمیشە هێزیان بەکار هێناوە بەرامبەر بە کورد کە ویستوویەتی خەبات بکا بۆ مافەکانی خۆی. وە بە کوردیان گوتووە تێرۆریست کەچی خۆیان تێرۆری دەوڵەتییان بەرامبەر بە کورد بەکار هێناوە و لەسەر سنوورەکانیش هەموو جینایەتێکیان کردووە. هەمووشتان لەبەرچاوتانە کە نەیارانی کورد لە ئێران چۆن بە دەهۆ پەلاماری کۆماری کوردستانیان داو قازی محەممەد و هاوڕێکانیان شەهید کرد. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش دوکتور قاسملوو کە چووبوو لەسەر ئاشتی وتووێژیان لەگەڵ بکا، لە نێو ژووری گفتوگۆ تێرۆریان کرد و ئێستاش فایلەکەی لە ئۆرووپا داخراوە و لێی ناکۆڵنەوە. دوایە بینیمان کە دوکتور سەعیدمان لێ شەهید کرا و خەڵکی زۆری دیکەش پاش ئەوانە شەهید کران. کۆماری ئیسلامی پاش ئەوەی کە دیتی شەهیدکردنی کورد ئاسانە و کەس لەسەری نایەتە جواب، لەوە تێ پەڕی کە یەکەیەکە شەهیدیان بکا و ئەمجارە ویستی مووشەکەکانی لەسەر ئێمە تاقی بکاتەوە. ئەو مووشەکانە بۆ یەکەم جار لەسەر کورد تاقی کراونەتەوە، چونکە ئەزانێ کەم کەس لەسەر کورد دێتە جواب و ئەگەر کاردانەوەش هەبێ کورت و کەم ماوەیە. کاک مستەفاش باسی کرد که کاردانەوەکان لەو ئاستەدا نەبوون کە پێویست بوو و ئەگەر ئەو مووشەکبارانە بۆ شوێنێکی دیکەی عێراق بکرایە کە کوردی لێ نییە، دڵنیام کێشەی گەورەی لێ درووست دەبوو لەلای عێراق و لەلای عەرەبەکان و دەوڵەتانی دیکەش؛ چونکی ئەم مووشەکبارانە پێشێلکردنی یاسای نێونەتەوەییە، پێشێلکردنی سنوورە و پێشێلکردنی سەروەریی عێراق و هەرێمی کوردستانە و تەبعەن دژی مافی مرۆڤ و دژی هەموو بنەماکانی ئینسانی و دینی و هەموو شتێکە. لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین کە ئەوان چ تورکیە و چ ئێران و بەیەکەوە هەماهەنگی دەکەن بۆ لێدانی کورد و دەڵێن کورد تێرۆریستە، بەڵام ئایا پێشمەرگەی کورد کە هەموو ئەفسانەی داعشی شکاند کە گەورەترین هێزی تێرۆریستییە، ئایا ئێمە تێرۆریستین یان ئەوانەی کە ئێمە دەکوژن تێرۆریستن؟ ئەمە شتێکی ئاشکرایە و هیچ پێویست ناکا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ. جگە لەوە ئەوان تۆمەتی ئەوەمان لێ دەدەن کە لە سنوورەکانە ئەمنیەتی وڵاتی ئەوان تێک دەدەین، بەڵام ئەمن ئەوەندەی بزانم هەمیشە کوردی ئێران و برایانی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی کوردستانی ئێران کە لێرەن هەمیشە زۆریان حیساب بۆ هەرێمی کوردستان و ئارامیی هەرێمی کوردستانیان کردووە و نەیانویستووە ئەو ئارامییە تێک بدەن. مووم‌کینە ئێمە جارجار کێشەمان هەبووبێ لەگەڵ برایانی پ ک ک بەڵام هەرگیز لەگەڵ حیزبی دێموکرات کێشەمان نەبووە و ئەوان ڕیعایەتی حاڵی ئێرەیان کردووە و ئەوە ڕاست نییە کە لێرەوە ئەچن بۆ ئەودیو، بەڵکوو قسە ئەوەیە کە میلیۆنها کورد هەیە لە ئێران کە هیچ مافێکیان نییە و سەرکوتیان ئەکەن و ئەوانن کە بەرەنگاریان ئەبنەوە. لەو بارەیەوە خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئەوان هەمیشە باسی ئەوە دەکەن کە ئەوە کورد پێویستیی بەوە هەیە کە یەعنی کورد نابێ هیچ نەوعە جووڵانەوەیەکی هەبێ. زۆر باشە کورد هەمیشە داوای ئاشتیی کردووە و میللەتێکی ئاشتیخوازە. کەی کورد ڕۆژێک شەڕی بە خەڵک فرۆشتووە کەی ئێمە تەعەدامان لە خاکی خەڵک کردووە؟ و فەرموو وەرن گفتوگۆ لە گەڵ کورد بکەن و لەگەڵ کورد ڕێک بکەون. دیارە ئەبێ ئەوەش بزانن هیچ کات ئێرادەی کورد و سیاسەتی کورد بەو زەبروزەنگە ناشکێ و ئەوان بە زۆر لە هیچ شوێنێک نەیانتوانیوە ئێرادەی کورد بشکێنن. ئێمە ئەنفال کراین، کیمیاباران کراین و لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە ڕۆژئاوا و لە باکوور زۆرکارەسات ڕوویان داوە، بەڵام میللەتەکەمان هەر ماوە و ناتوانن بەوجۆرە کارەسات و بەکارهێنانی ئەم جۆرە ئێرادەی ئەو میللەتە بشکێنن تەنها ڕێگا ئەوەیە کە مل بدەن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەو میللەتە بۆوەی بتوانن لەگەڵیان بگەنە ئاشتی. بەڵام بەداخەوە ئێمە کێشەیەکمان هەیە، کێشەکەمان ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی بێدەنگە لە ئاست ئەو هەموو کارەساتەی کە بەسەر کورد دێ و زۆر کەم باسی ئەم کارەساتانە دەکەن و بەداخەوە بێمافی و بەشمەینەتیی کوردیان وەک نەتەوەیەک قەبووڵ نییە و گرینگیی ئەوتۆی پێ نادەن. لێرەدا ئێمە ئەبێ چ بکەین بەرامبەر بەمە؟ گرینگ ئەوەیە ئێمە ڕابردووی ناکۆکییەکانمان وەلا بنێین و نەک هەر لە یەک پارچەی کوردستان پێکەوە، بەڵکوو پێکەوە لە هەموو بەشەکانی کوردستان هاوکاریی یەکتر بکەین و بتوانین کۆنگرەیەکی نەتەوەیی یان کۆبوونەوەیەکی نەتەوەیی بکەین و نوێنەرایەتییەکانی هاوبەشمان هەبێ و وەک نەتەوەیەک خۆمان پیشان بدەین و بەدوای کارەکانمانەوە بین. نابێ کاری بەرتەسکی حیزبی ئەرکە نیشتمانییەکانمان لەبیر بباتەوە و ئەوە باشترین وەڵامە بۆ ئەوەی ڕووحی شەهیدەکانمان شاد بکەین.

کوردی باشوور ئەگەر دەیەوێ لە بەغدا شتێکی دەست کەوێ، یان کوردی بەشەکانی دیکە، ئەوە هەر بە هاوکاریی یەکتر دێنە دی. چونکی ڕێک دەبینین کە دوژمنانمان بۆ دژایەتیی ئێمە و مافەکانمان بەباشترین شێوە هاوکاریی یەکتر دەکەن. هەموو بینیمان کە دوای ڕێفراندۆمەکەی باشووری کوردستان، ئێران و تورکیە لەگەڵ بەغدا پێکەوە چۆن لە دژی ئێمە کاریان کرد. بۆیە ئێمە لە ئێستادا دەبێ بەرژەوەندیی حیزبایەتی وەلانێین و کوردایەتی و نەتەوەپەرەستی و نیشتمانپەروەری بخەینە پێشەوەی هەموو شتێک.

لەو ماوەیەدا دەبینم حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ناوەندێکی هاوکارییان درووست کردووە. ئەمن پیرۆزباییان پێ دەڵێم و هیوادارم ئەو ناوەندی هاوکارییە وردەوردە بڕوا بەرەو یەکگرتن و لەوێشەوە لەگەڵ پارچەکانی دیکە بتوانن جارێکی دیکە کۆنگرەی نەتەوەیی زیندوو بکەینەوە و ناکۆکیی حیزبی وەلانێین. بێگومان ئەگەر یەک نەبین و پێکەوە نەبین و وێڕای یەک کار بۆ نەتەوەکەمان نەکەین سەرکەوتنمان زەحمەتە و کێشەمان زیاتر دەبن و دوژمنانمان لەوە کەلکی خراپ وەردەگرن و زیاترمان بەسەر دێنن.

ئەمن جارێکی دی هیوادارم حیزبی دێموکرات سەرکەوتوو بێ و سڵاو دەنێرمەوە بۆ گیانی پاکی ئەم شەهیدانە. سەرکەوتن بۆ نەتەوەکەمان و یەکگرتن بۆ هەموو لایەک چونکە یەکگرتوویی بەردی بناغەی سەرکەوتنە.

## ئیسماعیل بێشکچی:

# کورد بە مووشەک و قەڵاچۆ بەچۆکدا نایە

کەسایەتی سیاسیی تورکی دۆستی گەلی کورد، ئیسماعیل بێشکچی سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەشاری هەولێر کرد و لە نیزیکەوە هاوخەمیی خۆی سەبارەت بە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات دەربڕی.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٢ی ڕەزبەر پورفیسۆر ئیسماعیل بێشکچی لەگەڵ شاندی یاوەری پێکهاتوو لە هەڤاڵ ئیبراهیم، بەڕیوەبەری دەفتەری نۆینەرایەتییان لە ئیستامبوڵ؛ ئەحمەد کایا، بەڕێوەبەری دەفتەری نۆینەرایەتییان لە دیاربکر؛ سەردانی بنکەی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە شاری هەولێر کرد و، لەلایەن شاندی حیزبی دێموکرات پێکهاتوو لە کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و خالید وەنەوشە، ئەندامی کۆمیتەی ناوندی و بەرپرسی پێوەندیەکانی حیزب لە هەولێر و ئامانج زیبایی، کادری بەشی پێوەندییەکانی حیزب پێشوازییان لێ کرا.

لەم چاو پێکەوتنەدا سەرەتا بەڕێز



بێشکچی سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ١٧ خەرمانان کرد و مووشەکبارانی قەڵای دێموکراتی کرد و بە چاوی ڕێزەوە ڕوانییە وەڵامدانەوە و هەڵوێستە بوێرانەکەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢١ی خەرمان. لەو دیدارەدا بێشکچی گوتی: دەوڵەتی ئێران هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنیان لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان قەڵاچۆکردووە و هیچ مافێکی ئینسانی و مرۆییان بۆ کورد لە بەرچاو نەگرتوە، بەڵام کورد بە سیاسەتی توند و تیژی و قەڵاچۆ و مووشەک بەچۆکدا نایە. بەڕێزیان بە ڕێزەوە باسی لە خەباتی بەردەوامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئازادی و دێموکراسی و مافی نەتەوەیی کرد.

لەدرێژەی ئەو دیدارەدا، کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ستایشی هەڵوێستە ئینساندۆستانە و بوێرانەکانی پۆرفیسۆر ئیسماعیل بێشکچیی کرد و لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد لە ئێران و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات چەند خاڵێکی خستە ڕوو.

پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کاریگەرییان لەسەر بزووتنەوەی سیاسیی کورد دوو تەوەری دیکەی باسەکانی ئەم دانیشتنە بوون و دوو لایەن ئەگەرەکانی بەردەم جووڵانەوەی کوردیان لە دڵی ئەو هاوکێشە سیاسییانەدا تاوتوێ کرد.

***



# ستراتێژیی سەرکەوتن بەسەر ئێراندا

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

نووسەر فردریک دەبلیو کەیگان لە گۆڤاری «کۆمێنتەری مەگەزین»دا وتارێکی دوورودرێژی لەژێر ناوی «دەتوانین ئێمە وەدوای ستراتێژییەکی سەرکەوتن بەسەر ئێراندا بکەوین؟» بڵاو کردووەتەوە. ئەو وتارە کورتکراوەی نووسراوەی ناوبراوە.

سەرنجڕاکێشیی بەکارهێنانی ئەو سیاسەتانەی کە بوونە هۆی تێکڕووخانی ئاشتییانەی یەکیەتیی سۆڤییەت لە هەشتا و سەرەتای نەوەدەکانی زایینی، کە زۆرجار وەک «ستراتێژیی سەرکەوتن» ئاماژەی پێ دەکرێ بەدژی ئێران شتێکی ئاشکرایە. ستراتێژییەکە بووە هۆی دڵخوازترین ئاکام بۆ کۆتاییهێنانی شەڕی سارد، سەرکەوتن بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بەبێ ناکۆکییەکی مەزنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت. بە هۆی وێکچوونەکانی نێوان یەکیەتیی سۆڤییەت و ئێران ئەوە شتێکی عەقڵانییە کە گریمانەی ئەوە بکەین کە بەکارهێنانی هەمان سیاسەت ببێتە هۆی هەمان ئاکام. ئەو گریمانەیە دەتوانێ بە کردەوە دروست بێ و هەندێک شێوە ستراتێژیی وەک سیاسەتی گوشارهێنان بۆ ئێران بێگومان ئەورۆ سیاسەتێکی دروستە.

بەڵام فاکتەری گرینگی پێکهاتەیی، ئەزموونی و کەسایەتیی جیاوازییەکی بەهێز لەنێوان مەرجەکانی ئەورۆ لەگەڵ هی کۆتاییەکانی شەڕی سارد درووست دەکەن. ئەو جیاوازییانە لەوانەیە ببنە هۆی شکستی «ستراتێژیی سەرکەوتن»، ئەوان بێگومان بەو مانایەن کە تەنانەت ئەگەر بە سەرکەوتوویش جێبەجێ بکرێن ببنە هۆی ئاراستەیەکی زۆر جیاوازتر و گەلێک خوێناویتر.

بەڵام ئەو جیاوازییانە بەو مانایە نین کە وڵاتە یەکگرتووەکان نابێ شێوەیەکی دیاریکراو لە ستراتێژیی سەرکەوتن ڕەچاو بکا. ستراتێژییەکە کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر زۆربەی لایەنەکانی جێگای نیگەرانیی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ تەنانەت ئەگەر بە ئاکامی تەواو نەگەن کە ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی ڕێژیمی ئێستای ئێرانە. لەبەر ئەو هۆیە بیر کردنەوە لە جیاوازییەکان بە واتای دژایەتیکردنی ستراتێژییەکە نییە، بەڵکو هێنانەخوارێی ئاستی چاوەڕوانییەکان لەبارەی ئاکامەکانی و پێشنیاری ڕێگاچارە بۆ گونجاندنی جێبەجێکردنەکەی بە شێوەیەک کە باشترین ئاکامی دژی ئەو بەرهەڵستکارە دیاریکراوە هەبێ.

ئەوەی کە ڕێژیمی ئێران دەیکا جێبەجێکردنی ستراتێژیی ئەوپەڕی زەخت، ستراتێژیی سەرکەوتن کە گونجاوی ئێران بێ، ناکارامەیی ئابووریی ئێران تا ڕادەیەکی زۆر خراپتر دەکا و هاوکات سامانەکانی ڕێژیم بۆ کڕینەوەی خەڵک یا سەرکوتکردنیان کەم دەکاتەوە. ستراتێژییەکی ئەوتۆ دەتوانێ ببێتە هۆی پەرەپێدانی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان و ببێتە هۆی جووڵانەوەیەکی جەماوەری کە سەقامگیریی و مانەوەی بە چالش بکێشێ، ئەگەرچی ئەو قەیرانە ئابوورییە بە ئاشکرا هۆیەکەی هەوڵی دژبەرانی بیانیی بێ، ئاکامەکەی بە ناچار هەر ئەوە دەبێ. ڕێژیم چی دەکا؟

ئەو بێگومان ئاکاری خۆی بەرامبەر بە ناڕەزایەتییەکانی پێشوو دووپات دەکاتەوە، بەسیجی ژێر دەستی سوپای پاسداران لەگەڵ هێزی پڕچەک و ڕاهاتووی ئینتیزامیی ناڕەزایەتییەکان سەرکوت دەکەن و تا ئەو جێیەی پێویست بێ بۆ ئەو مەبەستە توندوتیژی بەکار دێنن. لەوانەیە ڕێژیم هەندێک پاشەکشەی سنوورداری ئابووریش بکا تا نارازییەکان لێک دوور بخاتەوە، هەر وەک لەو دوایییانەدا وای کردووە. ئەگەر دۆخەکە دژوارتر بێ، لەوانەیە ڕێژیم هەوڵ بدا ناڕەزایەتیی خەڵک ئاراستەی دەوڵەتی هەڵبژێراو بکا، کە دەتوانێ وەک سوپاپێکی متمانە ئیش بکا تا زەختەکە کەم بکاتەوە. چونکە دەوڵەتی هەڵبژێراو لە کردەوەدا کۆنترۆڵی هیچ شتێکی حەیاتیی بەدەستەوە نییە، لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە دەتوانێ لە کاتی پێویستدا وەلای بنێ.

تەقریبەن نامومکینە کە بیر لەوە بکەینەوە کە بەڕێوەبەریی ڕێژیم دەستەهەڵگری کوشتار بێ یا سوپای پاسداران و بەسیجی سەر بە سوپای پاسداران خۆ لە سەرکوت بپارێزن یا تێکەڵی نارازییەکان بن. ئەرتەشیش بە هەمان شێوە وێناچێ کە تێکەڵی خەڵکی نارازی بێ و ڕێژیم لەوانەیە هەوڵی بەکارهێنانی ئەرتەش بۆ سەرکوتکردن نەدا. بۆیە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بە دژواریی دەستیان بە خەڵکی شەڕکەر و شارەزای کەڵکوەرگرتن لە چەکی پێشکەوتوو ڕادەگا کە بووە هۆی پەرەئەستاندنی کوشەندەترین (بۆ ڕێبەران) سەرهەڵدانەکانی بەهاری عەرەبی. بۆیە چاوەڕوانکراوترین ئاکامی ناڕەزایەتییەکانی جەماوەری لە مێژووی هەنووکەیی ئێراندا، وێدەچێ سەرکوتکردنی خوێناویی و پتەوکردنی کۆنترۆڵی ڕێژیم بێ. هەر جۆرە سێناریۆی هەرەسهێنانی وەک یەکیەتیی سۆڤیەت ئەگەری زۆر کەمە.

ئەوە هەروەها گرینگە کە لە بیرمان بێ کە سەرەڕای لێکدانەوەی هەندێک لە پسپۆڕانی پرسی ئێران، سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی هێشتا کۆنترۆڵی ڕێژیمی بەدەستەوە نییە، بەڵام دەتوانێ بیتە دەستی. بۆ وێنە جێبەجێکردنی ستراتێژیی ئەوپەڕی گوشار لە کاتی دەستبەکار بوونی جێنشینی ڕێبەر، یا لە کاتی سەرقاڵیی یا لاوازیی دەتوانێ ببێتە هۆی هاندانی ڕێبەریی سوپای پاسداران کە بەرەو بەدەستەوە گرتنی کۆنترۆڵی وڵات (ئەگەرچی سوپا وێدەچێ هەوڵ بدا وا بنوێنێ کە بە هۆی ئایدیۆلۆژیکییەوە لە خزمەت ڕێبەری مەزن دایە، تەنانەت ئەگەر واش بێ، دەسەڵات دەگرنە دەست).

وەرسووڕانێکی ئەوتۆ دەبێتە هۆی ڕادیکاڵیزە بوونی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم لەوەش زیاتر و دیاریکەرانی ئەو سیاسەتانە ناچار دەکا کە کات و سامانی زیاتر بۆ کۆنترۆڵی نێوخۆ تەرخان بکەن.

کاردانەوەی ئابووریی ڕێژیم بەرامبەر بە جێبەجێکردنی «ستراتێژیی سەرکەوتن» جیاواز دەبێ لە وەڵامی سۆڤییەت بە ڕەیگان. کاتێک کە ڕەیگان هاتە سەرکار، ڕێبەریی سۆڤییەت لەسەر بیرۆکەی چاکسازیی ئابووری تاقیکارییان دەکرد. لە کاتێکدا کە سیاسەتەکانی ئەو هاوکات زەختیان خستە سەر یەکیەتیی سۆڤیەت و تێچووی کێبڕکێ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی بەرز کردەوە، ڕێبەریی یەکیەتیی سۆڤییەت هەوڵەکانیان بۆ خێراترکردنی چاکسازیی ئابووری چڕتر کرد بێ ئەوەی کە بە تەواوی بیر لە ئاسەوارەکانی بکەنەوە.

بە پێچەوانە، ڕێبەرانی ئێران ماوەیەکە ئاگاداری قەیرانی ئابوورییەکەیان بوون. سەرۆک کۆمار ڕووحانی کاتێک کە ڕاوێژکاری خامنەیی بوو «ستراتێژیی مقاومەت»ی لەگەڵ خامنەیی داڕشت. سەرجەم پلاتفۆرمی سیاسەتی نێوخۆی ڕووحانی لە چوارچێوەی جێبەجێ کردنی ئەو ستراتێژییە دایە.

سەرکەوتن لەبەر چاو بگرین. یەکیەتیی سۆڤییەت یەکێک لە مەزنترین و بەهێز ترین دەوڵەتەکان بوو کە لە هاوپەیمانیی ڕۆژئاوادا نەبوو. کاتێک کە لاواز بوو و کەوتە لەرزین، هیچ وڵاتێکی دیکە نەبوو کە بتوانێ داوای یارمەتیی لێ بکا. ئێران بەو شێوەیە نییە. بۆ وێنە ئەگەر تاران بتوانێ پەیوەندی قایم لەگەڵ چین و ڕووسیە دروست بکا، هەردوو هێندە بەهێز و دەوڵەمەندن کە بتوانن ئێران نەجات بدەن، ئەگەر بیانهەوێ ئەو کارە بکەن (ئەگەرچی ڕوسیە لەوانەیە بە ویستی خۆی ئەو کارە نەکا). لەو ڕوانگەیەوە ئێران تا ڕادەیەک وەک کۆرەی باکوور دەچێ تا یەکیەتیی سۆڤییەت، ئەو دەتوانێ وەک مشتەرییەکی ئابووری درێژە بە ژیان بدا ئەگەر بتوانێ زلهێزێک ڕازی بکا کە لە بن باڵی خۆی بگرێ تا کاتی «ستراتێژیی سەرکەوتن» تێپەڕ دەبێ.

بێگومان ستراتێژیی سەرکەوتن زوو شکست دێنێ ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان نەتوانێ بەرەیەکی یەکگرتووی بەهێز لەگەڵ ئورووپاییەکان بەرامبەر بە ئێران بپارێزێ. هەرەسهێنانی بەرەیەکی بەهێزی ڕۆژئاوایی دژی ئێران دەبێتە



بەرداشتی ڕووحانی بە تەواوی لەگەڵ هی ڕێبەری مەزن جیاوازە، سەرۆک کۆمار بەدوای گونجاندنی قووڵی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی وەک ڕێگاچارەیەکە بۆ ئەوەی کە گەمارۆخستنە سەر ئێران ببێتە شتێکی بەڕان بۆ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، لە کاتێکدا کە ڕێبەری مەزن! بەتەمای خۆدابینکەرییە کە بتوانێ گەمارۆی داهاتوو بێ سوود بکا. چەندین ساڵ هەردوو بە دیققەت بیریان لە هەڵوێستی خۆیان کردۆتەوە و چاودێریی کاردانەوەی جێبەجێکردنی ئەوانیان کردووە.

بەڵام ڕووحانی بە شێوەیەکی بەربڵاو نە تەنیا لە بەر چاوی ڕێژیم بێ ئیعتیبار بووە، بەڵکوو لەنێو خەڵکی ئێرانیش، تەنانەت ڕیفۆرمخوازەکانیش. ئەو لە گشت لاوە کەوتووەتە بەر ڕەخنە و جێگای سەرنجە دواپین ناڕەزایەتییەکان دژی ئەو و دەوڵەتەکەی و هەروەها توندئاژۆکان بوون. وێدەچێ کە بیرۆکەی چاکسازیی و ئاڵوگۆڕی ئابووری لەگەڵ خۆی ڕەواییان لەدەست داوە. بێجگە لەوە مۆدێلی سیاسیی نۆرماڵی ئێران وێدەچێ ئەوەبێ کە سەرۆک کۆمارێکی توندئاژۆ جێگای ئەو ڕیفۆرمخوازە بگرێتەوە (هەر وەک لە هەڵبژاردنی پێشوو کاتێک کە سەرۆک کۆماری پێشوو نەیتوانی خۆی بەربژێر بکا). بۆیە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ مۆدێلی خۆدابینکەری و دەوڵەتداریی سەرکوتکەر و سیاسەتی ئابووری لەجیات سیاسەتێکی جیددی چاکسازیی.

خۆدابینکەری و سیاسەتی ئابووریی سەرکوتکەرانە بۆ ئابووریی ئێران گەلێک زیانبارە و بە بێ لەبەرچاوگرتنی زەختی ڕۆژئاوا ڕووخان خێرا دەکا. زیادکردنی زەختی ڕۆژئاوا وێدەچێ ئەو پرۆسەیە خێراتر بکا. بەڵام هەر وەک سۆڤییەت، کۆرەی باکوور، کوبا و ئابووری ناکاریگەری بەرکەوتووی گەمارۆی قورس نیشانیان داوە، دەوڵەتێک کە لە سەرکوتکردن خۆ ناپارێزێ وێدەچێ بتوانێ قەیرانی ئابووری بەربڵاو تێپەڕ بکا.

بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ ئەو گریمانەیە بکا کە هیچ پلەیەک لە زەختی دەرەکی نابێتە هۆی هەرەسهێنانی خێرای کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڵام زەختێکی ئەوتۆ دەتوانێ ببێتە هۆی سەرکوتی بەربڵاو و خوێناوی کە لەسەرەتادا دەسەڵاتی سوپای پاسداران و توندئاژۆکانی دیکە بەهێز دەکا. ستراتێژیی سەرکەوتن پشوودرێژیی و تەحەممولی خراپتربوونی دۆخەکان لەسەرەتادا لەجیات چاکتر بوون دەخوازێ. دۆخی نێو کۆڕی سیاسیی وڵاتە یەکگرتووەکان و لەناو خەڵکی ئامریکا وێناچێ بەشێوەیەک بێ کە بە باشی هەڵسوکەوت لەگەڵ گەشەساندنێکی ئەوتۆ بکەن.

ئێمە هەروەها دەبێ دواپین جیاوازیی هەستیار کە دەتوانێ ببێتە هۆی شکستی هەر شێوە ستراتێژیی

هۆی گەیشتنی سەرمایەی ئابووری و زانستی بە ئابووری ئێران کە ئەو شێوە زەختە نابێتە هۆی ڕووخانی ئەو ڕێژیمە خاوەن بڕیارە و لە هەمان کاتدا ئایدیۆلۆژیکە. لێرە ئەندازە گرینگە. گەیشتنی ڕێژەیەکی کەمی سەرمایە بە دەست دەسەڵاتدارانی یەکیەتیی سۆڤییەت بۆ لاوازتر بوونی ئابووریی ئەو وڵاتە یەکلاکەرەوە نەبوو، بەڵام ڕێژەیەکی کەمی پارە و زانست کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئابوورییە زۆر بچووکترەکەی ئێران و هێزی سەربازییەکەی دەبێ تا درێژە بە ژیان بدەن.

بۆیە گرینگترین ئاکامگیریی هەموو ئەوانە، ناخۆشترینیانە. هەر هەوڵێک بۆ دووبارە کردنەوەی ستراتێژیی سەرکەوتن دژی ئێران وەک ستراتێژییەکی پەسەندکراو وێدەچێ پێویست بکا کە ئەو ستراتێژییە لە لایەن هەردوو بەرەی سیاسی لە وڵاتە یەکگرتووەکان و هەردوو بەری ئاتلانتیک قبووڵ بکرێ. کاتی پێویست بۆ سەرکەوتنی هەڵوێستی ئەوپەڕی زەخت هێندە درێژە کە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە تەنیا دەتوانێ مەرجەکان بۆ سەرکەوتنەکەی دابین بکا و بیداتە دەستی کەسی جێنشین یا ڕەنگبێ چەندی کەسی جێنشین. بۆیە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەبێ هەوڵ بدا خۆ لە دووپاتکردنەوەی هەڵەی مەزنی کەسی پێشوو، کە سیاسەتێکی تاکلایەنانەی بێ پشتیوانی لایەنەکەی دیکە و (لەو پرسەدا) پشتیوانیی نێونەتەوەیی جێبەجێ کرد کە لە ئاکامدا سەرۆککۆماری دواتر توانی لێکی هەڵوەشێنێ.

ستراتێژیی سەرکەوتن چۆن فۆرموولە بکرێ؟

گرینگترین پرسیار ئەوەیە: ستراتێژییەکە دەبێ چی دەستەبەر بکا تا ئاسایشی نەتەوەیی ئامریکا و بەرژەوەندییە نەتەوەییە حەیاتییەکانی دابین بکا؟ ئاڵوگۆڕی ڕێژیم تەنیا ئاکام لە کاتی شەڕی ساردا بوو کە دەیتوانی ئەو ئامانجانە دەستەبەر بکا. ئێران بە هەموو پێوانەیەک زۆر لاوازترە و بەرامبەر بە تەریککەوتنەوە هەستیارتر لە یەکیەتیی سۆڤییەتە، هەر وەک لە سەرەوە باس کرا. ستراتێژیی سەرکەوتن دەتوانێ زۆربەی داخوازییە ئەمنیەتییەکانی ئامریکا دابین بکا بەبێ ئەوەی کە ببێتە هۆی هەرەسهێنانی خێرای ڕێژیمی ئێران. ئەوە شتێکە کە دەکرێ جێبەجێ بکرێ.

تەریکخستنەوەی ئێران لە سامانی دەرەکیی و ناچارکردنی ڕێژیم بە جەختکردن لەسەر خەڵکی خۆی دەسکەوتێکی مەزن دەبێ و دەبێتە هۆی وەرچەرخانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. بنەما سەرەکییەکانی ئەو هەڵوێستە دەبێ ئاوانە بن:

درێژە ل١٠



لە حوجرەوە

# مەلا مەحموود زەنگەنە

عادڵ مەحموودی



مەحموودی مام ئەحمەدی ناسراو بە مەلا زەنگەنە دووهەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.

مەلا مەحموود لە بنەماڵەیەکی گوندی نۆبار سەر بە ناوچەی بۆکان چاوی بۆ ژیان کردەوە و، دواتر لە ئاوایی قۆڵغەتەپە، سەر بە ناوچەی مەهاباد نیشتەجێ بوو. مەحموود دوای ئەوەی لە ماڵێ فێری نووسین و خوێندنەوە بوو لە حوجرەی فەقێیاندا وەبەر خوێندنیان نا و پاش ماوەیەک ڕووی کردە خانەقای بورهان و، لە خزمەت مامۆستا شێخ محەممەدی خانەقادا درێژەی بە فێربوونی زانستی ئایینی دا.

مەلا مەحموود کە یەکێک لە قوتابییە زیرەک و پیتۆڵەکانی ئەو حوجرەیە بوو، زۆر زوو سەرنجی مامۆستا شێخ محەممەدی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و نازناوی زەنگەنەی پێ بەخشرا. مەلا مەحموود بەدوای وەدستهێنانی بڕوانامەی مامۆستای ئایینیدا ڕووی کردەوە گوندی «قۆڵغەتەپە» و، وەک پێشنوێژ و مامۆستای ئاوایی ئەرکی ڕوونکردنەوە و ئامۆژگاریکردنی خەڵکی گوندەکەی وەئەستۆ گرت.

مەلا مەحموود کە لەو ماوەیەدا ژیانی پڕ لە ئازاری گەلەکەی بەوردی دابووە بەر سەرنج، بەڕوونی دەیزانی کە خاوەنی مافێکە و لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە لێی زەوت کراوە. کاتێک بە چاوی خۆی دیتی کە نەتەوەکەی دەچەوسێتەوە و، زمان و کەلەپوور و دابونەریتی بە تاڵان دەبرێ و مێژووی بە لاڕێدا براوە و، تەنیا بە تاوانی کوردبوون بە چاوی سووک سەیر دەکرێ، دژایەتی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆیەی بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانی و، وەدوای ڕێگای ڕزگاربوون لە ستەمی نەتەوایەتی کەوت. دیارە هەروەک زۆر جاران باس کراوە و بە چاوی خۆشمان دیتوومانە، لەو سەردەمەدا حوجرەی فەقێیان ئەمینترین شوێنی تێکۆشانی تەشکیلاتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. تەنانەت ئەگەر بڵێین هیچیان لە بنکەیەکی ئەو حیزبە کەمتر نەبوو ڕەنگە زێدەڕۆییمان نەکردبێ.

مامۆستا مەلا مەحموود لەو فێرگەیەدا لەگەڵ بەرنامە و ڕێبازی ئەو حیزبە ئاشنا بوو. بە وردی هەڵی سەنگاند و ڕێگای گەیشتن بە خەون و ئاواتەکانی لەوێدا بەدی کرد. پێوەندیی تەشکیلاتی لەگەڵ دامەزراند و، چالاکانە تێکۆشانی سیاسیی دەست پێکرد. مەلا مەحموود وەک مامۆستایەکی خاوەن ئەزموون و شارەزا بە فەرهەنگ و دابونەریتی خەڵکی ناوچەکە تێ کۆشا و، لە پێناوی گەشەپێدان و بووژاندنەوەی زیاتری تەشکیلاتی حیزبەکەیدا لە هەموو توانای خۆی کەڵکی وەرگرت و، لەکارکردندا هەدادان و سرەوتنی بۆ نەبوو.

مامۆستا مەلا مەحموود کە لە ناخەوە ستەم و چەوسانەوەی گەلەکەی هەست پێ کردبوو و، لەگەڵ ژان و ئازارە دەروونییەکانی نەتەوە بندەستکراوەکەی دەژیا، دوای ماوەیەک ئەو ئەرکەشی بە کەم زانی و، لەگەڵ ئەوەدا مامۆستای ئاوایی و سەرپەرستی بنەماڵەکەی بوو، خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەی لە پێڕاگەیشتن بە ژیانی بنەماڵەکەی بە گرنگتر دانا. بۆیە ماڵ و منداڵی بەجێ هێشت و، چەکی شەرەف و شانازیی کردە شان و، تەواو وەخت و بە کردەوە تێکەڵ بە کۆڕی هاوسەنگەرانی بوو.

مەلا مەحموود لەگەڵ ئەوەدا پێشمەرگەیەکی تا بڵێی بەجەرگ و نەترس و بوێر بوو، لە بوارەکانی سیاسی و تەشکیلاتیشدا بە تەواوی شارەزا و سەردەرچوو بوو. خاوەنی پێگەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا و جێی بڕوا و متمانەی خەڵک بوو. بۆیە زۆر زوو گەیشتە پلەی کادری سیاسی و ناو و ناوبانگی هەموو ناوچەکەی تەنییەوە. بەرپرسایەتیی کۆمیتەی ناوچەی وەستۆ گرت و، لەگەڵ چەند پێشمەرگەی هاوسەنگەری دێ بە دێ لە گەڕان و تێکۆشاندا بوو. سیاسەتی حیزبی بۆ دێنشینەکان شی دەکردەوە و، بە زمانێکی خۆمانە و پاراو لەگەڵیان دەدوا. لاوەکانی بۆ نێو ڕیزی تەشکیلاتی حیزبەکەی هان دەدان و، ڕێگای دژایەتی لەگەڵ سیاسەتی سەرەڕۆیانە و دژ بە کوردی ڕێژیمی پاشایەتیی بۆ دەستنیشان و، بۆ سەرکەوتن دڵگەرمی دەکردن.

مەلا مەحموود یەکێک لەو کادرە کارامە و شارەزایانە بوو کە لە بوارەکانی سیاسی و ئایینی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا جێی بڕوا و متمانەی خەڵکی ناچەکە بوو. هەمووان وەک مامۆستایەکی خاوەن کەسایەتی لێیان دەڕوانی و، تەنانەت بۆ گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمە نێوخۆییەکانیشیان ڕاوێژیان لەگەڵ دەکرد و، لە ئامۆژگاری و ڕێنوێنییەکانی کەڵکیان وەردەگرت. ئەو مرۆڤێکی دڵ نەرم و ئاشتیخواز و، سەوداسەری پێکەوە ژیانی بە ئاشتی و، دێمۆکڕاتێکی پڕ بە مانای وشەکە بوو. بەردەوام خەڵکی بۆ یەکگرتوویی و هاودەنگی هان دەدا و، لە یەک قسەدا وەک سیمایەکی ناوداری ناوچەکە ناسرابوو.

سەرکەوتنی مەلا مەحموود لە بەڕێوەبردنی ئەرکی پیرۆزیدا بەڕادەیەک لە ناوچەکەدا دەنگی دابۆوە کە تۆوی ترس و لەرزی لەنێو دڵی جەندرمەکانی ساواکدا چاندبوو. هەربۆیە کون بە کون لەدووی دەگەڕان و، بۆ لەنێوبردنی پیلانیان دادەڕشت. بەداخەوە دوژمن لەو پیلانەدا سەرکەوت و، ڕۆژی ٢١ی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە کاتێکدا مەلا مەحموود لەگەڵ چەند هاوسەنگەری دیکەی لە گەشتی سیاسیدا بوون، لە باخی چۆپانی نزیک گوندی بەیرەمی ناوچەی مەهاباد، کەوتنە نێو کەمین و داوی هێزە دژی گەلییەکان و، پاش شەڕێکی قارەمانانە جەستەی جوامێرانەی کەوتە بەر دەستڕێژی چەکی دژەکوردان و، بە خوێنی پاکی سەنگەری خەباتی نەخشاند. ژاندرمەکان تەرمی بێ گیانی مەلا مەحموودی زەنگەنە لە پێشی جیبێکی نیزامی دەبەستن و بە شارەکانی مەهاباد و نەغەدە و شنۆ و پیرانشاردا دەیگێڕن، بەڵام ڕۆڵەکانی کورد نەک بەوە چاوترسێن نەبوون، بەڵکوو پتر باوەڕ بە تۆڵەی شەهیدان لە ناخیاندا ڕەگی داکوتا.

بەڵێ. دەستی تاوان مەلا مەحموودی لە گەلی کورد ستاند، بەڵام وەجاخی کوێر نەبوو. کاک محەممەدی کوڕی کاتێک لە خۆی ڕادی، سەنگەری باوکی شۆڕشگێڕی پڕ کردەوە و تاوی دایە چەکەکەی و، لە ڕیزی تێکۆشەرانی دێمۆکڕاتدا پلە نیزامییەکانی تا گەیشتن بە فەرماندەری لکێک لە پێشمەرگەکان بە سەرکەوتنەوە بڕین. سەرەنجام ئەویش ڕۆژی ٢٧ی مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، لە عەمەلیاتێکی سەرکەوتووانەدا لەنێو شاری مەهاباد شەهید کرا و، خوێنی پاکی تێکەڵ بە خوێنی شەهیدانی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ بوو.

یادی بەڕێز و ڕووحی شاد بێ!

هەگبەی شاخ و شۆڕش



برایم چووکەڵی

## شێلم جاڕان، چیرۆکێک لە فیداکاریی پێشمەرگە

نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو لە ژێر زوڵم و ستەمدا بووە و بۆ ڕزگاری لەو ژیانە تاڵەی بەسەریدا سەپاوە، بەردەوام لە بەربەرەکانی لەگەڵ چەوسێنەران و داگیرکەراندا بووە و بۆ مسۆگەرکردنی ژیانێکی ئینسانی و ئارەزوومەندانە، هیچ کات دەستی لە خەبات و تێکۆشان هەڵ نەگرتووە. پاش هەر نسکۆیەکیش ڕاساوەتەوە و بە گژ داگیرکەرانی خاک و نیشتمانەکەیدا چۆتەوە. ئەمە چیرۆکی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانە. کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە حەوت دەیەیە حیزبی خۆیان هەیە و ئەو حیزبە زۆر ڕێگای تاقی کردەوە تاکوو بتوانێ لە ڕێگای ئاشتییانە و لە چوارچێوەی ماف و پرەنسیپە نێونەتەوەییەکانەوە چارەسەری کێشەی نەتەوایەتیی گەلەکەی بکا، بەڵام دوژمنانی کورد بەبەردەوامی هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بە ئاور و ئاسن و گولله و، تیرۆری ڕێبەرانی ئەم حیزبە و تەنانەت بە مووشەک وڵام داوەتەوە.

حیزبی دێمۆکرات سەرەڕای ئەوەی کە نەتەنیا لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە وەک حیزبێکی هەڵوەشاوە ڕاگەیەنراوە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی سڕینەوە و تێدابردنی دراوە و دەرفەتی ئەوەی پێ نەدراوە تاکوو لە کەشێکی ئاشتییانە و دوور لە بەکارهێنانی چەک و توندوتیژیی، خەبات و چالاکیی سیاسیی خۆی بکا، بەوحاڵەش لە خەبات نەوەستاوە و بەبەردەوامی بۆ دابینکردن و وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد زۆر شێلگیرانە خەباتی درێژە داوە. هەر لە ڕاستای بەرهەقبوونی ویست و ئامانجە ڕەواکانی حیزبی دێموکراتدا، ڕۆڵەکانی کورد بۆ بەربەرەکانی بە دژی داگیرکەران، لە قۆناغی جیاجیادا پۆل پۆل پەیوەست بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون و بە خەبات و بەرەنگاریی قارەمانانەیان، مێژوویەکی پڕ لە شانازییان بۆ نەتەوەکەیان تۆمار کردووە کە، ئێستاش وەک چیرۆکی تەژی لە ئازایەتی و فیداکاری لەنێو بیر و زەینی خەڵکی خەباتگێڕی کوردستاندا دەوترێتەوە. ئەگەر چاوێک بە هەگبەی شاخ و شۆڕش و بەربەرەکانی ڕۆڵەکانی دیموکرات لە بەرامبەر هێزی پەلاماردەری کۆماری ئیسلامیدا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە کەم ڕۆژ لە ساڵدا هەبوون کە هەڵگری مێژوویەکی پڕ لە سەروەریی بۆ خەباتکاران و داکۆکیکارانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد نەبێ. ڕۆژی ٨/٨/ ١٣٦٣ یەکێک لەو ڕۆژە مێژووییانەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان شانازی بە حەماسەخوڵقێنی و بەربەرەکانیی جوامێرانەی ڕۆڵەکانی کورد دەکا. لەو سەروبەندە هەلومەرجی سیاسی و نیزامی و ئەمنییەتیی ناوچەی پیرانشار بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان گرینگییەکی تایبەتیی هەبوو، چونکە لەو کاتەدا کۆماری ئیسلامی پڕوپاگەندەی ژەهراوی لەنێو خەڵکدا بڵاوکردبۆوە کە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات هەر نەماون یان هاتوونەوە و خۆیان تەسلیم کردۆتەوە یا سەری خۆیان هەڵگرتووە و وڵاتیان جێ هێشتووە. پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی دێموکرات، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ئیددیعا بێ بنەمایانەی کۆماری ئیسلامیی دەستیان بە گەشتێکی سیاسی لەو ناوچەیە کرد. گوندی شێلم جاڕان لەو سەروبەندەدا ٣٠ ماڵ و هەموو دانیشتووانی نزیک بە ١٥٠ کەس دەبوون. لە شەوێکی پاییزی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە دوو لک بۆ پشوودانێکی یەک ڕۆژە چوونە ئەو گوندە خنجیلانەیە کە لە ناوچەی لاجانی پیرانشار هەڵکەوتووە و لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵکی ئەو ئاوایيە ڕووبەڕوو بوون. سەعاتی ٥ی بەرەبەیانیی ٨ی خەزەڵوەر، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە خەبەری بوونی پێشمەرگەیان لەو ناوچەیە بیستبوو بە دەیان ماشێنی پڕ لە جاش و پاسدار و کەرەسەی نیزامییەوە پەلاماری گوندی شێلم جاڕانیان دا. ڕێژیم تا ڕووناکایی بەیانی بە سەدان کەسی بەڕێی دەورووبەری ئاوایی و بەرزاییەکانی ئەو گوندە کرد و لێیان دامەزران. قارەمانەتیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرەنگاریی لەشکریانی پەلاماردەر بۆ خۆی چیرۆکێکە لە فیداکاری و کۆڵنەدەریی پێشمەرگەکانی هێزی ئاوارەی ئەو کات و، لاپەڕێکە لە لاپەڕەکانی پڕ لە شانازیی حەماسە خوڵقێنەرەکانی نەتەوەکەمان کە دەبێ نەوە بە نەوە بۆ نەسلەکانی داهاتوو بگوازرێتەوە و تەنانەت بۆ ئەوەی لە یاد نەچێتەوە و ببێتە بەشێک لە مێژووی بەرەنگاریی ڕۆڵە ئازا و چاونەترسەکانی گەلەکەمان، لە هەلی گونجاودا فیلمی لێ‌ساز بکرێ و بخرێتە بەرچاوی هەموو دنیا. ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرانەی ئەو حەماسەیەیان خوڵقاند، دوای ئەو قارەمانەتییە بێ وێنەیە بوونە مامۆستایەکی شارەزا و کارامە لە کاری نیزامیدا و لە ڕۆژان و ساڵانی داهاتوودا، بە سەدان قارەمانی کۆڵنەدەر و فیداکار لە مەکتەبی ئازایەتی و خەباتگێڕیی ئەم تێکۆشەرە بە بیروباوەڕانەدا پێگەیشتن. سەرەنجام ئەزموونی خەبات و تێکۆشانی ئەوانە لەو ڕۆژە ئەستەم و سەختانەدا، دەریخست کە نەتەوەی کورد تا خاوەنی کەسانی ئەوتۆ بێ، تا سەرکەوتن لە خەبات کۆڵ نادا. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پاش دامەزرانیان لە هەموو شوێنەکانی دەورووبەری ئاوایی، بە چەند ماشێنی پڕ لە چەکدار ڕوو لە ئاوایی دەکەن، کە بە توندیی بەرپەرچییان دەدرێتەوە و تێکدەشکێنرێن. لە یەکەمین گوللەوە کە لە لوولەی چەکی پێشمەرگە دێتەدەر بۆ ماوەی ١١ سەعات شەڕ لە ئاوایی شێلم جاڕان بەردەوام دەبێ. چەندین جاری دیکە هێرش بۆ نێو ئاوایی دەست پێدەکاتەوە کە، پێشمەرگە ئازاکانی هێزی ئاوارە لە سەنگەری ئازادیدا بەرەنگاری دوژمن دەبنەوە و حەماسەیەک لە فیداکاری و قارەمانەتی دەخوڵقێنن. لەم بەربەرەکانییە ئازایانەدا دەیان ماشێنی دوژمن سووتێنران، بە سەدان کەس لە هێزی دوژمن کوژران و هێزەکانی ڕێژیم بە تانک و تۆپ و هێلیکۆپتێر تەنانەت لە پادگانی پیرانشارەوە مەیدانی شەڕیان دەکوتا. سەرکەوتنە یەک بەدوای یەکەکانی هێزی پێشمەرگە لە بەرە و شوێنە جیاجیاکانی شەڕەکەدا، شادی و خۆشحاڵیی زۆری خستبووە نێو پێشمەرگە و خەڵکی ئاواییەوە. خەباتکارانی دێموکرات سەرەنجام پاش ١١ سەعات بەرخۆدان و فیداکاری، هێزی زۆر و زەوەندی دوژمنیان تێکشکاند و سەربەرزانە مەیدانی شەڕەکەیان جێ هێشت. لەو عەمەلیاتەدا سەرکەوتن نەسیبی پێشمەرگە بوو و، شکست و سەرشۆڕی بە بەژنی دوژمنانی ئازادیی بڕا و بەسەدان جەندەکی داگیرکەران لە مەیدانی شەڕدا بەجێ مابوو. ئەو سەرکەوتنە مەزنە، خوێنبایی ٣ قارەمان بە ناوەکانی برایم جەناخی، ڕەحمان خزرزادە ناسراو بە ڕەحمان دۆشکە و حەسەن ناقولی بوو. هەروەها ژنێک بە ناوی ئایشێ محەممەدزادە و منداڵێک بە ناوی عوسمان ڕەسووڵی شەهید بوون.
یادی شەهیدان بەرز و پیرۆز. بیرەوەریی نەمران و پێشمەرگە ئازاکانیش هەرمان و هەمیشە زیندوو.

# جووڵانەوەی نەتەوەیی و ئەرکە هەنووکەییەکانمان



ڕەزا محەممەدئەمینی

قۆناغی ئێستای خەباتی گەلی کورد زۆر هەستیارە و کورد هەم وەک نەتەوەیەکی جیاواز لەنەتەوەکانی دیکەی ئێران کە دەیان ساڵە بۆ دەستەبەر کردنی ماف و ئازادییەکانی تێ دەکۆشێ و هەم وەک هەموو خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئەو وڵاتە دەبێ بەشدار بێ لە خەبات بە دژی ڕێژیمی گەندەڵی کۆماری ئیسلامی و گۆڕینی دۆخەکە بە قازانجی خۆی و سەرجەم خەڵکی ئێران. ئەو خەباتە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و دەکرێ بڵێین بووەتە خەباتێکی جەماوەریی بەربڵاو کە خەریکە هەرەس بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دێنێ. لە ئێستادا ڕۆژ نییە لە چەند شاری وڵات شاهیدی وەڕێکەوتنی شەپۆلی نارەزایەتی




خەڵکی وەزاڵەهاتوو نەبین، کرێکاران لە کارگە و ناوەندە بەرهەمهێنەرەکان بۆ دابینکردنی مافە پیشەییەکانیان مان دەگرن، کامیۆنداران لەماوەی ساڵێکدا چوار جار مان دەگرن و مامۆستایانی قوتابخانەکانیش لە حەرەکەتێکی سەرانسەریدا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە زیاتر لە ٥٠ شاری ئێران و کوردستان ناچنە سەرپۆلەکان و داوای مافەکانی خۆیان دەکەن. خوێندکاران، چالاکانی مەدەنی و ژنان و بەگشتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ، جگە لە دەستە و تاقمەکانی سەر بە ڕێژیم کە بوونی خۆیان لە بوون و مانەوەی کۆماری ئیسلامیدا دەبینن، هەموو لەو بارودۆخە ناڕازین و کوردگوتەنی کێرد گەیوەتە سەر ئێسقانیان.

ڕووداوەکان هێند بەخێرایی تێپەڕ دەبن کە پێشبینیکردنیان سەختە و ناکرێ لە ئێستاوە بڵێین بە کام ئاقاردا تێ دەپەڕن و چارەنووسی ئێران و کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتە بەرەو کوێ دەچێ! بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە لە لایەک تابۆی ترس و تۆقان لە کۆماری ئیسلامی شکاوە و چیدی سەرکوت، زیندان، ئەشکەنجە و کوشتن ناتوانێ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە ویست و داخوازییەکانیان پاشگەز بکاتەوە و لە لایەکی دیکەش بەلەبەرچاوگرتنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەدا چاوەڕوان ناکرێ ڕێژیم دەرەوەستی ئەو هەمووە قەیرانانە بێتەوە و ئاوێک بەو ئاورەدا بکاتەوە کە خۆی هەڵی ئایساندووە. لەو بەینەدا ئێمە وەک نەتەوەی کورد و هەروەها وەک بەشێک لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کە تایبەتمەندیی خۆمان لەهەموو بوارەکاندا هەیە، هەروەها حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە گشتی دەبێ خۆمان بۆ هەموو سیناریۆیەک و هەموو ئەگەرەکان ئامادە کردبێ. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان فاکتەرێکی گرینگە لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی و بە درێژایی چوار دەیەی ڕابردوو هەتا ئێستا بە هەموو شێوەکان بە دژی ئەو ڕێژیمە خەباتی کردووە. کۆماری ئیسلامی دەزانێ گەلی کورد هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکارییەوە نەک هەر ڕەوایی ئەو دەسەڵاتەی خستووەتە ژێر پرسیار، بەڵکوو بەرەنگاری بووەتەوە و لە مەیدانی بەربەرەکانی بە دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری دەسەڵاتداراندا هەمیشە پێشەنگ بووە. هەربۆیەش سەرکوتی گەلی کورد و جووڵانەوەی کوردستان بەلای کۆماری ئیسلامییەوە زۆر گرینگە و ئەو ڕێژیمە دەزانێ گەلی کورد بەم ئەزموونە دوور و درێژەی کە لەخەبات لەهەموو ڕەهەندەکاندا هەیەتی و بەو هزر و شعوورە بەرزە سیاسییە و بوونی ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانە کە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەیە، دەتوانێ ڕێنیشاندەر و هاندەر بێ بۆ گەلانی ئێران و ئاگری کوورەی خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا بەتینتر بکاتەوە. خەباتی کۆمەڵانی خەڵک کوردستان تەنیا بە چەند ساڵی ڕابردوو و بەتایبەت بە مانگی بەفرانباری ٩٦ و ڕاپەڕینی جەماوەری گەلانی ئێران بەرتەسک ناکرێتەوە. ئەو خەباتە لەسەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری دژی گەلی و جینایەتکاری ئیسلامی دەستی پێ کردووە و بەهەموو شێوەکان و لەهەموو ڕەهەند و بەستێنەکاندا، بە پێی هەلومەرج و ئامرازەکان بەردەوام بووە. لەخەباتی چەکدارییەوە بگرە هەتا خەباتی نهێنیی ڕێکخراوەیی و چالاکییە فەرهەنگیی و مەدەنییەکان و ژینگەپارێزی و مانگرتنەکان لە پێوەندی لەگەڵ کوشتاری بەردەوامی کۆڵبەران و کاسبکارانی سەرسنوور و لەو ماوەیەشدا مانگرتنی پڕشکۆی سەرانسەری خەڵکی کوردستان بە دژی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و لەسێدارەدانی لاوانی کورد لە بەندیخانەکان. ئەوانە هەمووی لاپەڕە پڕشنگدارەکانی مێژووی خەباتی گەلی کوردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و قەت لەبیر ناچنەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی لەسەر دەسەڵات دەست بۆ هەموو ئامرازەکانی سەرکوتی گەلانی ئێران دەبا و هیچ باکی نییە کە لەو پێناوەدا چ جینایاتێک بخوڵقێنێ، خەڵکی ئێران و بەتایبەت کوردستان دەبێ باش بزانن لە بارودۆخی ئێستادا باشترین ڕێکار بۆ پاشەکشە پێکردنی ڕێژیم و ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانی، خەباتی مەدەنییە لەهەموو بوارەکاندا. ڕەچاوکردنی ئەو شێوە خەباتە لە کوردستان لەدوو بارەوە گرینگیی زۆری هەیە و دەتوانێ پەرە بستێنێ بۆ بەشەکانی دیکەی ئێرانیش، بەتایبەت کە پێوەندییەکان بە بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر سانا بوونەتەوە و ڕێژیم ناتوانێ بەکەیفی خۆی کۆنترۆڵیان بکا.

لەبارێکەوە کۆماری ئیسلامی زۆر بەگومانەوە دەڕوانێتە کوردستان و هەروەک هەتا ئێستا نیشانی داوە زۆر لە کورد قین لەدڵە و بۆ سەرکوت و کوشتاری گەلەکەمان هیچ سنوورێک ناناسێ و ناپارێزێ؛ هەروەک چۆن قەڵای دێموکراتی مووشەکباران کرد و دەیان تێکۆشەری حیزبەکەمانی شەهید و بریندار کرد، یان چۆن لاوەکانی کوردستان لە بەندیخانەکان لەسێدارە دەدا، هەر ئاواش دەتوانێ جینایەتی زۆر گەورەتر بخوڵقێنێ. هەربۆیەشە خەڵکی کوردستان و بەتایبەت چالاکانی مەدەنی و سیاسی و بەگشتی هەموو ئەو کەس و لایەنانەی بەپەرۆشن بۆ گەلی کورد، دەبێ بە وریاییەوە بڕواننە ئەو پرسە و بیانووی خوێنڕشتن نەدرێ بە سەرکوتکەرانی کۆماری ئیسلامی. ئەوە بەومانایە نییە ئێمە وەک کورد خۆبدزینەوە لە خەبات و ترسمان هەبێ لە قوربانیدان! گەلی کورد چ لەسەردەمی پاشایەتی و چ لە ماوەی دەسەڵاتداریێتیی کۆماری ئیسلامیدا نیشانی داوە لەمەیدانی خەباتدا چاونەترسە و بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە، هەزاران خەباتگێڕی شەهیدی کوردە کە لەنێویاندا ڕێبەرانی نەتەوەکەمان دەبیندرێن.

لەبارێکی دیکەشەوە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو کێشە و مەینەتییانەی ڕێژیم ڕۆژانە لە کوردستان دەیانخوڵقێنێ و ئەو ئاستەنگانەی لەبەردەم خەڵکیدا لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا پێکی هێناون؛ بابەتەکانی لەسێدارەدانی لاوەکان، کوشتاری کاسبکاران و کۆڵبەران، سووتاندنی سرووشت و تۆپ و کاتیۆشابارانی کوێستانەکان، ڕێگری لە خوێندن بە زمانی کوردی و تەنانەت بەکردەنەکردنی ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی و زۆر بابەتی دیکە هەن کە دەتوانن ببن بە هەوێنی جووڵەی سیاسی لە خەباتی مەدەنیدا. هەروەها کوردستان ئەو پۆتانسێلەی هەیە ببێ بە پێشەنگی ئەو شێوە خەباتە و بەدوور لە توندوتیژی لە ئێراندا و کۆماری ئیسلامی ناچار بە پاشەکشەی زیاتر بکا. ئەو شێوەخەباتە لەو قۆناخەدا هەم تێچووی گیانی کەمترە و هەمیش دەتوانێ زۆرترین بەشی کۆمەڵگەی کوردەواری لەخۆیدا کۆبکاتەوە. حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانیش لەو قۆناغەدا ئەرکی زۆریان دەکەوێتە سەر شان کە ڕەنگە گرینگترینیان لە دوو تەوەردا پۆلێن بکرێن.

یەکەم؛ دوورکەوتنەوە لە بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی و ململانێی بێ بنەما؛ یەکتر قەبووڵکردن و تێکۆشان بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و ڕێکخستنی چالاکییەکان لەهەموو بوارەکاندا و خۆسازدان بۆ هەر ئەگەر و ئیحتمالێک کە دەتوانێ لەداهاتوودا چارەنووسساز بێ بۆ نەتەوەی کورد. لەوەها دوخێک دایە کە ئەگەری ڕوودانی هەرچەشنە کێشە و مەترسییەک کەم دەبێتەوە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هیوا و هومێدیان بە حیزبەکان و بەداهاتوویان زیاتر دەبێ. دووهەم؛ بەهێزکردنی ڕێکخستنەنێوخۆییە حیزبییەکان و پێوەندی گرتن بە چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە و هەروەها هاوهەڵوێستی حیزبەکوردییەکان لە بەرانبەر حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە سەرانسەرییەکان و دوورکەوتنەوە لە پەرتەوازەیی و پێداگری لەسەر مافەکانی گەلی کورد و بەبەڵگە کردن و چەسپاندنیان لە ڕێککەوتنەکان لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری. مەرجی سەرەکی بۆ بەشداریی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لەهەر بەرەیەکی سەرانسەریدا دەبێ، گەرەنتی دابینکردنی مافەکانی کورد لە داهاتووی ئێراندا بێ. جگە لەمانەش زۆر کێشە و مەترسی دیکە لەداهاتوودا بەرۆکی گەلی کورد و حیزبەکان دەگرێتەوە کە سەرەکیترینیان دەتوانێ دەستە و تاقمە پان تورکیستەکان لەو بەشانە لە کوردستان بێ کە دوو نەتەوەی کورد و تورک تێیدا دەژین. بەدڵنیاییەوە چۆن لەسەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئەو ڕێژیمە تۆوی دووبەرەکیی لە نێوان پێکهاتە نەتەوەییەکان ــ بۆ نموونە کورد و ئازەرییەکاندا ــ چاندووە، ئەو مەترسییە لەجێی خۆی دایە کە ناکۆکییەکان لەسەر خاک وجوغرافیا، بەستێنی ناکۆکیی ئەم نەتەوانە لەگەڵ یەکتر خۆش بکەن. هەربۆیەش ئەرکی هەموو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و هەروەها چالاکانی مەدەنی و کەسە دیار و ناسراوەکانە کە لەو بارەوە تێ بکۆشن و ڕێ لە سەرکەوتنی پیلانی نەیارانی کورد بگرن.

## درێژەی: ستراتێژیی سەرکەوتن بەسەر ئێراندا

ـ جیاکردنەوەی لایەنگران و دابینکەرانی دەرەکیی لە کۆماری ئیسلامیی.
ــ پێشگرتن بە ئێران کە کەڵک لە سامانەکانی دەرەوەی سنوورەکانی وەرگرێ (بە تایبەتی لوبنان، سورییە و عێراق)
ـ سەپاندنی شکست بەسەر سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی لە گۆڕەپانە هەستیارەکان (سورییە و بە تایبەتی لە عێراق) بۆ بێ ئیعتیبار کردنی ئیددیعای ڕێکخراوەکە کە دەسەڵاتی بێ بەدیلی لە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی پێ بەخشیوە
_ تێکدانی هەوڵەکانی ئێران بۆ دابینکردنی کەلوپەلی پێویست بۆ درووستکردنی جبەخانەی ئەتۆمیی و توانایی سەربازیی ئاسایی.
ـ برەودان بە ناڕەزایەتییەکان بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران لە نێوخۆ (بەڵام بێ چاوەڕوانی ئەوە کە ئەو ناڕەزایەتییانە ببنە هۆی گۆڕانی ڕێژیم لە ماوەیەکی دیاریکراودا)
ـ هاندان و بەرجەستە کردنەوەی دووبەرەکی لەنێو ڕێژیم لەبارەی ویستی درێژەدان بە سیاسەتەکانی پاوانخوازانەی ناوچەیی، و
ـکەلکوەرگرتن لە شۆکی جێنشینی ڕێبەری گەورە، کە دەتوانێ مردنی ستالین بیر بخاتەوە کە گرینگترین دەستاودەست کردنی دەسەڵاتە دوای مردنی خومەینی.

ئەوە شتێکی حەیاتییە کە لەبیرمان بێ کە ستراتێژییەکەی بەرامبەر بە یەکیەتیی سۆڤییەت ئەوەشی دەگرتەوە کە ڕۆژئاوای ئورووپا بەشدار بێ لە خەبات دژی هەڕەشەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت و پێش بە هەوڵەکانی یەکیەتی سۆڤییەت بۆ ڕاکێشانی هاوپەیمانەکانی ئامریکا بۆ لای خۆی، بە تایبەتی ڕۆژئاوای ئاڵمان بگیرێ، لەهەمان کاتدا پشتگیریی (بەشێوەیەکی گونجاو و سنووردار) سەرهەڵدانی هاوپەیوەندیی لە لیهێستان و بەرخۆدانی دژی سۆڤییەت لە ئەفغانستان. باسکردن لە ستراتێژیی سەرکەوتن دژی ئێران بێ مانایە ئەگەر دژایەتیی کۆنترۆڵ و نفوزی ئێران لە لوبنان، سورییە و عێڕاق نەکرێ و هاوکات بەرەی وڵاتانی عەرەبیی (لە ناویاندا عوممان و قەتەر) دژی نفووزی ئێران بەهێز نەکرێ.

سورییە ئەفغانستانی ئێرانە، ئەوێ گۆڕەپانێکە کە هێزەکانی ئێران لە هەموو شوێنێک زۆرتر ئەگەری زیان پێگەیشتنیان هەیە، شوێنێک کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ سوپای پاسداران ناچار بکا سامانە سنووردارەکانی خەرجی شەڕێکی بەرگریکارانە بکا.

عێڕاق لیهێستانی ئێرانە، ناوچەیەک کە ئێران بە شێوەیەکی سنووردار بەسەریدا زاڵە، و وڵاتێک کە ڕێبەرانی ئێران پێیان وایە کە ناکرێ لە کیسی بدەن. وڵاتە یەکگرتووەکان لە دۆخێکی لە ڕادەبەدەر باشتر دایە بۆ دژایەتیکردنی ئێران بۆ کۆنترۆڵی عێڕاق لەوەی کە لەبارەی لیهێستاندا هەیبوو (بە هەمان شێوە وەزعێکی باشتری لە سورییە هەیە لەچاو ئەوەی کە لە ئەفغانستاندا هەیبوو).

هەڵوێستێکی درێژخایەن جەختکردن لەسەر درووستکردنی هاوڕایی لەنێوان هاوپەیمانەکانی ئامریکا لە بارەی پێویستیی جێبەجێ کردنی ستراتێژیی سەرکەوتن دەخوازێ. ئەوە ڕوسییەکان و چینییەکان چاوترسێن دەکا کە هەوڵی زیندوو ڕاگرتنی ئێران نەدەن. ئەوە دەبێتە هۆی پچڕانی زنجیرەی دابین کردنی کەلوپەلە ستراتێژیکەکان کە ئێران بۆ گەشە پێدانی توانایيە ناوەکیی و سەربازییە ئاساییەکانی پێویستییەتی. و ئێران ناچار دەکا کە بە سەختی بۆ دەسکەوتەکانی لە عێڕاق و سورییە بجەنگێ، هاوکات بە هەموو شێوەیەکی مومکین زەخت دەکەوێتە سەر ئابووری ئێران. بێگومان ستراتێژییەکی ئەوتۆ دەتوانێ کۆماری ئیسلامیی ناچار بە پاشەکشە بکا، جووڵانەوەکەی بۆ سەپاندنی هێژێمۆنی ناوچەیی ڕاگرێ و بەراوەژووی بکاتەوە، ناکۆکییەکان لەناو ڕێبەریی ئێران و لە نێوان ڕێژیم و خەڵک پەرە پێبدا، و لەوانەیە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، و بە شێوەی تایبەتی ئێرانی، ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕ لە نێوەرۆکی ڕێژیم.

ئەوە ستراتێژییەکی درووستە.


قادر وریا

# هاتەوە تەیرەکەی گەرمێنێ به پەڕ و باڵی خوێناوی




نیشتمان، ئەمساڵ لە پار دڵ بە خەمتر، لە ئاسۆی هەورینی پاییزی ڕەنگزەردەوە دەڕوانێتە فڕینی باڵندە کۆچەرییەکان. پۆلێک مەلی پەڕ و باڵ خوێناوی بە ئاسمانی کوردستانەوە لە گەرمیانەوە بەرەو کوێستان بەرەو زێد و مەڵبەندی منداڵیی خۆیان، نزم دەفڕن. نزم دێن و نانیشنەوە. ئەوان گیانی ئەو دەستە هەڵۆ و شابازانەن چێشتەنگاوی خەرمانانێک، لەگەڵ ڕیزێک گرمەی ئاگرین و مەرگەساتێکی دۆزەخی، لە بانیژەی «قەڵای دێموکرات»ەوە ڕووەو ڕۆژهەڵاتی خەمین لە شەقەی باڵیان داوە. زامار و شەکەت و ماندوو لە گەرمێنەوە بەرەو کوێستان هاتوونەوە، لەو ساتەوە بە ئاسمانی نیشتماندا دەفڕن، لە سەر شار بە شار و گوند بە گوند و ماڵ بە ماڵی نیشتمان لەنگەر دەگرن. پێش کاروانیان دوو تەوارن، ئەنگاوتەی تیری زۆردارن.

***

مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد، لەمێژ ساڵە، ئیدی هەر مێژووی پیاوانی خەباتکار نییە. مێژووی ئەو ژنە خۆڕاگر و ئازادیخوازانەشە کە شانبەشانی پیاوان هەوراز و لێژی خەبات دەبڕن و لە سەنگەرە جیاوازەکانی تێکۆشاندا، لێهاتوویی و تواناکانیان دەنوێنن. با دوور نەڕۆین، سەرێک بە «قەڵای دێموکرات»دا بکەین. چاوێک بە ڕیزی ئامادەبووانی پلینۆمی ١٧ی خەرمانانی خوێناویدا بگێڕین. بڕوانینە سیمای سەرکردە و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. با لە ڕوخساری هەڵپڕووکاوی شەهیدانی کارەساتی مووشەکباران ڕامێنین، سەردانی برینداران و پێکراوانی نوێترین تاوانی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی دژی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەین. لە سەر ئەکتەرانی هەستانەوەی دوای کارەسات هەڵوێستە بکەین تا بە چاوی خۆمان ژنان و کچانی خۆڕاگر بە ئیرادەی لەشکاننەهاتووە لە هەموو دیمەن و بڕگەکاندا ببینین. ئێستا ئیدی ناوی پێشمەرگە و فەرماندە و سەرکردە، بەرگێک نییە تەنیا بە بەژن و باڵای پیاوان بڕابێ. ئەوەتا «نەسرین» و «سوهەیلا» بوون بە هێمای ژنانی پێشمەرگە، ژنانی مامۆستا، ژنانی ڕێکخەر و بەڕێوەبەر، ژنانی سەرکردە. ئەوان ئێستا هێمای خەباتێکی ڕەوای درێژخایەنن، زایەڵەی بەرخۆدانێکی لەشکان نەهاتوون. مەشخەڵی نەکوژاوەی خەباتی ڕزگاریخوازی و یەکسانیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. سەمبولی خۆڕاگری و کۆڵنەدان و تێکۆشانن. ئەوان ئێستا میوانی هەمیشەیی هەموو دڵەکانن. سەربردەی نەسرین و سوهەیلاکان، بەسەرهاتی ئەو مرۆڤانەیە کەخۆیان و بنەماڵەکانیان، پشتاوپشت لە سەر ڕێچکەی ڕزگاریی نەتەوەکەیان، لەنێو حیزبی دێموکرات و لە ژێرئاڵای ڕێبەرانی سەمبولی گیانبازیدا، تا دواهەناسە خەباتیان کردووە. لە تێکۆشان و وەفاداری و نەوەستاندا تا ترۆپکی بەخشندەیی ڕۆیشتوون و لەوێوە بەرەو ئەبەدییەت فڕیون.

***

نەسرین حەداد، ساڵی ١٣٣٩(١٩٦٠) لە بنەماڵەیەکی ناسراو و خاوەن پێشینەی سیاسی و خەباتگێڕدا، لە شاری سەردەشت لە دایک بوو. بابی نەسرین، کەریم حەدداد، لە ئەندامان و کادرە چالاکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی سەردەشت بوو. نەسرین، سەردەمی منداڵیی خۆی دوور لە باوکی تێپەڕ کرد. کاک کەریمی باوکی لە درێژەی تێکۆشان و چالاکییە حیزبییەکانیدا، کەوتە ژێر تەعقیب و ڕاوەدوونانی ساواک و ژاندارمە و ناچار بوو نەسرین و بنەماڵەکەی بە گشتی بەجێ بێڵێ و ڕوو بکاتە گەرمێن و لەگەڵ ڕێبەران و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە گەرمێن درێژە بە تێکۆشان بدا.

کەریم حەدداد لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبدا بە هۆی پێشینەی تێکۆشانی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرا. نەسرین، هەتا سەروبەندی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە سێبەری باوک بێبەش بوو. بەڵام دایە کافیەی دایکی و براکان و مامەکانی هاندەر و پشتیوانی بوون هەتا خوێندنی پێگەیاندنی مامۆستایانی لە دانیشسەرای مەهاباد تەواو کرد، و بە سەرکەوتنەوە قۆناغەکانی خوێندنی بڕی.

***

سوهەیلا قادری، پۆلی دووی سەرەتایی دەخوێند کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت. بنەماڵەکەی، بەدوای داسەپانی شەڕی کۆماری ئیسلامی بە سەر خەڵکی کوردستاندا، شاری پیرانشاریان بەجێ هێشت و لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە و لە نیزیک بنکە و بارەگاکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، جێگیر بوون. دایک و بابی سوهەیلا، کاک ئەحمەد قادری (ئەحمەد سیمبان) و دایە ئامین، بە هۆی متمانەپێکراوی و دڵسۆزییان، لە ناوەندی سەرکردایەتیی حیزب، ئەرکی هەستیاریان پێ سپێردرا. کاک ئەحمەد کە شۆفێرێکی نموونە و خاوەن ڕابردوو، هەر وەها شارەزای کاری بەرق بوو، بێ ماندووبوون لە بەشی خەدەماتیی بنکەی دەفتەری سیاسی قۆڵی لە کار هەڵماڵی.

ئامین خانمیش بۆ ماوەی نزیک بە دوو دەیە ئەرکی ئاشپەزیی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی گرتە ئەستۆ. خوشکە گەورەکانی سوهەیلا، لە قوتابخانەکانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە کە ڕێژیم دایخستبوون و گەمارۆی خستبووە سەریان وەک مامۆستای شۆڕش، ملیان لە خزمەتی منداڵانی کوردستان نا و سوهەیلاش هەر لەو قوتابخانانە درێژەی بە خوێندن دا.

***

ساڵی ١٣٥٨-١٣٥٩ کاتێک ڕێژیمی تازەی ئێران، هێرشی کردە سەر کوردستان و دەستی بە سەر شارەکان دا گرتەوە، زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەی کاک کەریم حەدداد، پەڕیوەی ناوچەی ژێردەسەلاتی پێشمەرگە بوون. نەسرین، وەک کچێکی خوێندەوار شانبەشانی باوک و براکانی چووە سەنگەری تێکۆشانەوە و لە گوندەکانی ناوچەی سەردەشت، وەک مامۆستای شۆڕش دەستبەکار بوو. نەسرین حەداد، بەو پەڕی هۆگرییەوە، بۆ خوێندەوارکردنی منداڵان و گەورەساڵانی نەخوێندەوار تێ دەکۆشا. بەڵام هەر بەوەندە نەدەوێستا. لە هەر گوند و ناوچەیەک خزمەتی کردبا، دەبووە ئەمینی کچان و ژنانی ئەو مەڵبەندە، گوێی لە گرفت وسکاڵاکانیان دەگرت، دەبووە ڕێنوێن و پشتیوانیان و لە بواری جۆراوجۆر دەبووە ڕێنیشاندەریان. هانی دەدان بەرگری لە مافەکانی خۆیان بکەن و بێنە نێو کار و تێکۆشانی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە. کۆڕ و کۆبوونەوەی بۆ پێک دێنان تا لە باری کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و لەشساغییەوە، یارمەتی بە چوونە سەرێی ئاستی زانیاری و تێگەیشتنیان بکا.

***

سوهەیلا قادری، قوتابیی قوتابخانەی شۆڕش بوو. وەک منداڵانی هاوچەشنی، ماڵیان، قوتابخانەکەیان و ژینگەکەیان، نێوەندی کوردایەتی و ئازادیخوازی بوو. شەو و ڕۆژ لە نزیکەوە شایەدی هەڵسووڕان و تێکۆشان و هەڵسوکەوتی ڕێبەران و کەسایەتییەکانی حیزبەکەی بوو و تا دەهات خۆشەویستیی حیزبی دێموکرات پتر تێکەڵاوی هەست و بیری دەبوو. لەم ژینگەیە زمانی بە سروودەکانی «ئەی ڕەقیب» و «خوایە وەتەن ئاواکەی» پشکووت. لە قوتابخانە بەشداریی کۆڕسی سروود و گرووپی شانۆ و هەڵپەڕکێ بوو. تۆپباران، بۆمباران، ئاوارەیی و ژیان لە نێو تاڵی و خۆشییەکانی خەباتێکی شۆڕشگێڕانەدا بوون بە بەشێکی ئاسایی لە ژیانی ئەو. بۆیە هەر کە پێی نایە قۆناغی مێرمنداڵی، ڕووی کردە کار و تێکۆشان لە ڕیزەکانی یەکیەتیی لاوان و یەکیەتیی ژناندا. ساڵانێک دواتر بەشداری خولی تایبەتیی مامۆستای گەورەساڵان بوو و شانبەشانی کاروباری دیکە، خۆی بۆ ڕاهێنان و فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین بە گەورەساڵان لە نێوبنەماڵەکانی سەر بە حیزبی دێموکرات تەرخان کرد.

***

نەسرین حەدداد، ڕەشەمەی ١٣٦٤لە گەڵ خزمێکی نزیکی خۆی ژیانی هاوبەشی پێک هێنا. ئەو، بۆ هاوڕێیەتیی ژیانی سەخت و شۆڕشگێڕانە، محەممەد حەسەنپوور، کادری لێوەشاوەی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەڵبژارد. محەممەد، هاوژیانی نەسرین حەدداد، سەرەڕای خزمایەتیی بنەماڵەیی لەمێژینە، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی دیکەی وێکچوو لەگەڵ هاوسەرەکەی هەبوو. بنەماڵەی حەسەنپووریش، وەک بنەماڵەی حەدداد، لە حیزبییە کۆن و لە مێژینەکانی سەردەشت بوون. منداڵیی محەممەدیش وەک منداڵیی نەسرین، بە هۆی بەندکرانی باوکی لە زیندانی ڕێژیمی شایەتی، دوور لە ناز و سێبەری باوک تێپەڕ بوو. هەر دوو بنەماڵە دوای شەڕی داسەپاوی ڕێژیمی خومەینی، تووشی ئاوارەیی و گیرسانەوە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش ببوونەوە. هەر دوو بنەماڵە لە خۆشەویستان و متمانەپێکراوانی ڕێبەریی حیزب بوون. دوای پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش، نەسرین بە هۆی ئەرک و بەرپرسایەتیی هاوسەرەکەی، لە بنکەی پێوەندییەکانی حیزب لە بەغدا، ئەرکی تازەی گرتە ئەستۆ. چەند ساڵ دواتر نەسرین حەداد، وەک مامۆستایەکی لێهاتوو، لە قوتابخانەی نیشتمان و لە کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی حیزب، پیشەی مامۆستایەتی و پەروەردە و خوێندەوارکردنی منداڵانی درێژە پێ دا و وەک مامۆستا و ڕاهێنەرێکی سەرکەوتوو، لێهاتوویی و تواناکانی خۆی سەلماند.

***

سوهەیلا قادری، ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی لە گەڵ هاوڕێ مەنسوور خوسرەوی، کادری لە مێژینەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، ژیانی هاوبەشی پێک هێنا. سوهەیلاش وەک نەسرین حەدداد و وەک سەرجەم خوشکەکانی خۆی، بە دوای پێکەوەنانی ژیانی هاوبەشدا، گەرموگوڕتر لە پێشوو درێژەی بە کار و تێکۆشانی حیزبی دا. بە هۆی وریایی و زیرەکی و بوێربوونی لە قسەکردن لە کۆڕ و کۆبوونەوەدا، جار بە جار ڕۆڵ و ئەرکی زیاتری لە نێو تەشکیلاتی ژنانی ئەندامی حیزب و لە ڕیزەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتدا دەگرتە ئەستۆ. ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، ئەو چرایە بوو بە سەدان هەزار بنەماڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێی کۆدەبوونەوە، مەنسوور و سوهەیلاش پەپوولەیەک لەدەوری ئەم چرایە. ڕادیۆ لە کوێ بوو ئەوانیش لەوێ. سوهەیلا، لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٧٠ی هەتاوییەوە، کار لەم ڕادیۆیەی لە وەرگرتنی پێوەندییە تەلەفۆنییەکانی نێوخۆی ئێران و دەرەوەی وڵات دەست پێکرد و بۆ زۆر کاروباری دیکەی ڕۆژانە، هاوکارێکی باشی پێرسۆنێلی ڕادیۆ بوو. بە هۆی مایەی باشی بۆ بێژەری، چەند ساڵێک لە تەلەڤیزیۆنی کۆیە، بەرنامەیەکی ئەدەبیی حەوتووانە کە بۆ خۆی ئامادەی دەکرد، پێشکێش کرد. بە دوای داسەپانی لەتبوون بە سەر حیزبی دێموکراتدا، سوهەیلا قادری لەو یەکەم کەسانە بوو کە قۆڵی هیممەت لە وەکارخستنەوەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانیان هەڵماڵی. کاتێکیش تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ دەستبەکار بوو، سوهەیلا دوای ماوەیەکی کەم بوو بە هاوڕێ و ئەنیسی کوردکاناڵ. بوو بە یەکێک لە بێژەرە خۆشەویست و سەرکەوتووەکانی ئەم تەلەڤیزیۆنە و لە ڕێگای کوردکاناڵەوە، میوانی هەمیشەیی دڵانی هۆگری دێموکرات بوو. سوهەیلا بە هۆی حەز و تاسەی بۆ کاری ئەدەبی و هونەری و فەرهەنگی و هەر وەها نیشاندانی لێهاتوویی لە بێژەری و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە سیاسی و کولتوورییەکاندا ، نەک هەر لەنێو حیزبی دێموکراتدا بەڵکوو، لە فستیڤاڵ و بۆنە تایبەتەکانی شاری کۆیەشدا، وەک بێژەر و بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو پشتی پێ دەسپێردرا.

***

نەسرین و سوهەیلا، سوهەیلا و نەسرین، پشتیوان و هاندەر و هاوکارێکی باش بۆ هاوسەرەکانیان لە جێبەجێکردنی ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبیدا بوون. دایکێکی باش بوون بۆ جگەرگۆشەکانیان. نەسرین، هەر وا کە لە دەرەوەی ماڵ مامۆستا و بەڕیوەبەرێکی سەرکەوتووی قوتابخانە بوو، بۆ ژیلوان و ژیواری بەرهەمی ژیانی هاوبەشی خۆی و محەممەدی هاوسەری، دایکێکی بە مشوور و پەروەردەکارێکی دڵسۆز بوو. سوهەیلاش، سەرەڕای سەرقاڵبوونی بە کار و تێکۆشانی حیزبی و ڕاگەیاندن، بۆ «نەمام» و «ئارام»ی خۆی و مەنسوور، نموونەی دایکێکی مێهرەبان بوو. ئەوان هەر کەس و پەنا و خەمخۆری منداڵەکانیان و هاوسەرەکانیان نەبوون، بەڵکوو هاوخەم و هاوڕاز و مشوورخۆری ژنان و کچانی پێشمەرگە بوون. بۆ پێشمەرگە لاوەکان، دایک و خوشک بوون. هۆشی تێکۆشەرە بەساڵداچووەکانیان هەبوو، ئاگایان لێ دەبوون.

لە کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبدا، نەسرین حەداد بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و سوهەیلا قادری بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێردران و لە کۆنگرەکانی ١٥ و ١٦ش سەرلە نوێ بە ئەندامی ڕێبەریی حیزب هەڵ بژێردرانەوە. لەو ساتەوە تا کاتی شەهیدبوونیان وەک ئەندامی ڕێبەریی حیزب، ئەرک و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆریان گرتە ئەستۆ. نەسرین حەداد، ساڵانێک لە بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بنیاتی پشتیوانی لە ڕێکخراوە سینفییەکان و کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب، بەرپرسایەتیی یەکەمی لە سەر شان بوو، بۆ ماوەیەکیش لە کۆمیسیۆنەکانی سیاسی- نیزامی و فێرکردن، ئەرک و بەرپرسایەتی لە سەر شان بوو. سوهەیلا قادریش، جگە لە دوو دەورە سکرتێریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبیش بەردەوام ئەرک و بەرپرسایەتیی لە سەر شان بوو. ئەو لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان و تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ، نەک هەر وەک بێژەر و پێشکێشکارێک، بەڵکوو هەر کارێک هاتبایە پێش و لە خۆی ڕادیبا، شانی دەدا بەر. لە دەستگرتن و هاندان و پێگەیاندنی کچان و کوڕانی لاوی نێو حیزبەوە بۆ کاری میدیایی بگرە تا ئامادەکردنی بەرنامە و ڕاپۆرتی تەلەڤیزیۆنی، بەڕێوەبردنی بۆنە و ڕێوڕەسمە جۆراوجۆرەکان. لە پەنا هەمووی ئەمانەشدا جاروبار دەستی بۆ قەڵەم دەبرد و پەخشان و هۆنراوەی دەنووسی بۆ ئەوەی خەمی دووریی ئازیزان و مەینەتییەکانی ژیانی شۆڕشگێڕانە بە سۆزی ئەدەبی بڕازێنێتەوە.

***

نەسرین و سوهەیلا، سوهەیلا و نەسرین، دوو تەواری ڕیزی پێشەوەی باڵندە ئەنگاوتەکانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات، ڕۆمانێکن بێ کۆتایی. سەربردەیان بەسەرهاتی مرۆڤە شۆڕشگێڕەکانی سەردەمێکی ئەستەمی پارچەی ڕۆژهەڵاتی نەتەوە و نیشتمانێکە. «نەمام»ی سوهەیلا و «ماردین»ی وەهاب میرخزریی تێکۆشەری دێموکرات، لە دوورە وڵاتی، هێشتا «ئەلەند»نۆبەرەی ژیانی هاوبەشیان بە ڕێگاوە بوو، کە کاک وەهاب، باپیرەی ئەلەندیان لە تەقینەوەکەی شەوی یەلدادا لە دەست دا. سوهەیلا، هەمیشە دڵ بە خەمی ئەوە بوو کە «ئەلەند» و بابی ماردین، حەسرەتی یەکتر دیتنیان لە دڵدا مایەوە. مخابن بۆ خۆشی بە حەسرەتی دیتنی «ئەلەند»ەوە ، سەری نایەوە. نەسرین و محەممەدیش، کە خۆیان بۆ بەهاری داهاتوو و گەڕانەوەی «ژیوار» و «ژیلوان» ئامادە کردبوو، دەستی تاوان و جەوری زۆردار، قەدەریانی گۆڕی و لە سەفەری هەرماندا دەست لە نێو دەستی یەکتر، لە شەقەی باڵیان دا.

***

**«لەناو خوێندا دەتلێتەوە**
**لاوی بەزیپک و بە سبات**
**بەڵام هەروا دەچێتە پێش**
**بێ وچان کاروانی خەبات»(١)**

لە گەڵ هەمووی ئەمانەشدا، لە گەڵ ئازار و ژانی لە دەستدانی ئەم هەمووە قارەمانەشدا، کاروانی ئێمە هەروا بەڕێوەیە هەتا دوا مەنزڵ، هەتا سەرکەوتن هەتا ڕزگاری، هەتا وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەسرین و سوهەیلا وشەهیدانی دیکەی ١٧ی خەرمانان.

***

**قەڵایەک دەکێشمەوە:**
**چراخانی شەهید ،**
**بەسەر بەرزترین پیتی پێکەنینەوە**
**تۆش خاوەن شکۆ!!**
**لەئەرشیفی دەنگتەوە هەموو ڕۆژێ**
**بڕازێنەوە هەواڵەکان**
**سوور...**
**سپی....**
**سەوز...**

**قەڵایەک دەنووسمەوە:**
**شان بە شانی خۆر**
**پەیڤی هەزار تیشکی بزێو**
**بە لووتکەی شاخەوە» ئەی ڕەقیب»!!!**
**قەڵایەک دەگێڕمەوە:**
**لە حیکایەتی دایکاندا:**
**«گورگە شەوێ، گورگانە شەوێ**
**لە خەوی زاڕۆکان دوورۆ کەوێ**
**بڕوا بڕوا لە چاڵی ڕەشی نەفرەت کەوێ»(٢)**

***

**پەراویز:**

(١)- لە شێعری «کاروانی خەبات»ی مامۆستا هێمن وەرگیراوە

(٢)- شێعری باخی زەیتوون

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 736 22 October 2018

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647507548621
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# کۆڕیادی شەهیدانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات


دیمەنێکی گشتی لە کۆڕیادی شەهیدانی قەڵای دێموکرات

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەڕێوەبردنی کۆڕیادێک لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر کە بەبەشداریی زیاتر لە ٧٠٠ کەس بەڕێوەچوو، یاد و بیرەوەریی شەهیدانی مووشەکبارانی «قەڵای دێموکرات»ی بەرز ڕاگرت.

ئەم کۆڕیادە دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ٢٥ی ڕەزبەری ١٣٩٧ (١٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨) بەبەشداریی نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان، کۆمەڵێک لە کەسایەتییە سیاسی و ڕووناکبیرییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەدان کەس لە دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس و کارناسی بیانی بەڕێوە چوو، و بەشدارانی کۆڕیادەکە لە ڕێوڕەسمێکی شایاندا ڕێزیان لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ئەم ڕووداوە تاڵ و دڵتەزێنە گرت.

ڕێوڕەسمەکە کە لەلایەن هاوڕێیان عەلی بداغی و بەیان چووکەڵییەوە بەڕێوە دەچوو، بە سروودی «ئەی شەهیدان» لەلایەن کۆرسی کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە یادی شەهیدان دەستی پێکرد. دواتر مۆمی یادەوەریی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لەلایەن بنەماڵەی شەهیدانی قەڵای دێموکڕات داگیرسێندران.

لە بڕگەی سەرەتای کۆڕیادەکەدا دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەناوی لیژنەی ئامادەکاری کۆڕیادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانەوە وتەی کردنەوەی کۆڕیادەکەی پێشکێش کرد. ناوبراو لە وتەکەیدا باسی ئەوەی کرد کە سەرباری ئەو زەبرە کە لە موشەکبارانەکەدا لە حیزبی دێموکرات درا ئەو حیزبە هەر بە پێوەیە و شەهیدانیش هەتا سەر لەنێوماندا دەمێننەوە. ئینجا وێڕای ئاماژە بە سروشتی دژبەیەکی خەباتی حیزبی دێموکڕات و ماهیەتی کۆماری ئیسلامی، جەختی لەسەر پێویستیی پشتیوانیی زیاتری نێودەوڵەتی لە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکگرتوویی زیاتری هەموو کورد بەدژی مەیدانداری و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی کرد.

ئینجا وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە لەلایەن کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە خوێندرایەوە. سکرتێری گشتیی حیزب لە وتارەکەیدا وێڕای وەبیرهێنانەوەی بەستێن و هۆکار و دەرەنجامەکانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکڕات، ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی هەلومەرجی پاش ئەم موشەکبارانەی لەبەر ڕووناکایی ڕوانین و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکڕاتەوە خستە ڕوو. بەشێک لە تەوەرەکانی ئەم وتارە بریتی بوون لە نیاز و ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە هێرشی مووشەکی بۆسەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاردانەوە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بەو هێرشە، تێکۆشانی بەگوڕ و تینی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لەدوای مووشەکبارانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب، هەڵسەنگاندنی حیزبی دێموکرات بۆ بارودۆخی کۆماری ئیسلامی و ئەگەری دووپاتبوونەوەی ئەم هێرشانە بە دژی حیزبی دێموکرات و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیونی کوردی ڕێژیم و، چاوەڕوانییەکان لە کۆمەڵگەی جیهانی، دەوڵەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەربەست دانان لەبەردەم سیاسەتی تیرۆر و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بەدژی نەیارانی لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان.

بە دوای وتاری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان فیلمێکی دێکیومێنتی لەبارەی وردەکاری و کاردانەوەکانی هێرشە مووشەکییەکەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی


وتەی بەڕێوەبەریی کۆڕیادەکە


پەیامی بنەماڵەی شەهیدان


پەیامی یەکیەتیی ژنان


بەڕێوەبەرانی کۆڕیادەکە


پەردەلادان لەسەر تابلۆی شەهیدان


وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان










بڕگە ئەدەبی و هونەرییەکانی کۆڕیادەکە

دێموکراتی کوردستان پیشان درا.

ئینجا هەریەک لە دوکتور مەحموود عوسمان، کەسایەتیی سیاسیی دیاری باشووری کوردستان، دوکتور کاوە مەحموود، سکرتێری حیزبی شیوعیی کوردستان و بەڕێز ئۆمێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دێموکراتی کوردستان لە پارلمانی کوردستان وتاریان پێشکێش کرد و لە باسەکانیاندا وێڕای مەحکومکردنی دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وڵاتی ناوچە بەتایبەت هێرشیی مووشەکیی ڕێژیم بۆسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خاکی هەرێمدا، پێیان لەسەر پێویستیی هاوڕیزیی هێزە سیاسییەکانی کورد و هەڵوێستی شێلگیر و لێبڕاوانەی هەموو لایەک لەهەمبەر ئەو مەترسییانەی لە سەردەمی ئێستاوە بەرەوڕووی جێگە و پێگە و ئایندەی نەتەوەی کورد دەبنەوە داگرت.

د. کاوە مەحموود لە قسەکانیدا گوتی ڕاستە بە نیسبەت کوردەوە عەداڵەت مردووە، بەڵام خەباتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەر زیندووە.

ئۆمێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دێموکرات لە پارلمانیش پێی لەسەر ئەوە داگرت کە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات برینێکە لەسەر دڵی ئێمە و هەموو گەلی کورد.

ئینجا پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەلایەن کاک حوسێن نازدار، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسیی حدکاوە خوێندرایەوە و دواتر پەیامی بنەماڵەی شەهیدانی پەلامارە مووشەکییەکەی ١٧ی خەرمانان لەلایەن خاتوو سۆرەییا پەیڕەوان، هاوسەری شەهید هاشم عەزیزی پێشکەش کرا و دواتر کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان سروودێکیان بە دەنگی هونەرمەندان ئەنوەر و کوردستان عەزیزیان پێشکەش کرد.

ڤیدیۆی بیوگرافیی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و خوێندنەوەی پەخشانە شێعرێک لەلایەن خاتوو خەدیجە مەعزوور، سیمای خۆشەویستی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەم کۆڕیادە بوون.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕیادەکەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە لە ڕووداوی هێرشە مووشەکییەکەدا خاتوو سۆیلا قادری، سکرتێری ڕێکخراوەکە و خاتوو نەسرین حەداد، سکرتێری پێشووتری ڕێکخراوەکەی لەدەست دابوو؛ لەلایەن خاتوو شلێر مەحموودی، سکرتێری نوێی یەکیەتیی ژنان خوێندرایەوە. ناوبراو ئینجا داوای لە کاک مەنسوور خوسرەوی، هاوسەری شەهید سۆهەیلا و کاک مستەفا حەکیمزادە، خزمی نیزیکی خاتوو نەسرین کرد کە پەردە لەسەر تابلۆی ئەو دوو سکرتێرە شەهیدەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕات لابدەن.

سروودی «تۆڵەی شەهید» بە دەنگی خاتوو سابات و خاتوو ساوێن، دوو خوشکە هونەرمەندی دەنگخۆش؛ خوێندنەوەی هۆزانێکی حەماسی لەلایەن شاعیری لاو، ڕەسووڵ سوڵتانی و دوو مەقام و لاواندنەوە بە دەنگی ئازیتا و ئاسۆ مۆئمێنی؛ بڕگەکانی کۆتایی ئەم کۆڕیادە بوون.

لە پەراوێزی کۆڕیادەکەشدا پیشانگایەک لە ئاسەواری مووشەکبارانەکەی «قەڵای دێموکرات» و هەروەها پیشانگایەکی فۆتۆگرافیک لەلایەن هونەرمەندان بەیان سۆهرابی، شۆڕش ئاهی و ئۆمید ڕەحمانی کرابۆوە کە سەرنجی بەشدارانی کۆڕیادەکەی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو.

شایانی باسە ئەم حیزب و لایەنانەش پەیامی هاوخەمییان بۆ کۆڕیادەکە ناردبوو کە لەکاتی بەڕێوەچوونی یادەکەدا ئاماژە بە ناوەکانیان کرا:

یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، پارتی یەکیەتیی دێموکراتی (پەیەدە)، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان، یەکیەتیی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان، پارتی سەربەستیی کوردستان، یەکیەتیی دێموکراتی کوردستانی ڕۆژاوا، بەرەی دێموکراسیی گەل، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، شووڕای پەنابەرە سیاسییە ئێرانییەکان لە سلێمانی.